JNS-32

بەرکوتیکی خەرمانی

کوردناسی

لەئوروپا

مەسعوود محەمەد ....

د. جەمال نەبەز..........

د. ئەورەحمانی حاجی مارف..

پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ.....

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بەغدا ١٩٧٤

ناوەرۆك

مەسعود محەمەد .... پێشەکی .... أ

د. جەمال نەبەز........... کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا ١

د ئەورەحمانی حاجی مارف لە بارەی کوردناسییەوە لە ڕوسیا و یەکێتی سۆڤێت...... ٧٤

پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ.... نوسراوەکانی لێرخ لە بارەی کوردەوە ١٣٣

پێشەکی

مەسعود محەممەد

ژیان لە نۆکیەوە کێشە و گرێ و گاڵ و تەنگوچەڵەمەیە .

بەر لە ژیان ، بوون و سروشت بە تێکڕایی ، لە یەکتر خشان و بەیەکا هاتن و تێکهەڵقژان و یەکتر خستن و کاری ئەوتۆیی بە · ·
بەداخەوە .

لەم دەریایە بێ سەر و بن و پایانەی ئەرك و سەختی و دژایەتی و بێن‌بڕکێ و دەستەویەخە بوونی ژیان و بووندا ، بە پێی کەم و زۆریی چەکی لەسەرەخۆکردنەوە و هەڵمەت بردن ، هەڵوەست زۆرتر وەیا کەمتر زەحمەتی تێدا دەبێ : کە بەرەنگاری دڕندەیێك بوویت و چەکی خۆپاراستن و ڕاو کردنت دەست و ددانەکانت بوون ڕەنگە خۆت ببیتە نێچیر ، خۆ ئەگەر تیروکەمانێك وەیا شیر و ڕمێکت پێ بوو ئەوسا تەرازووی بەخت ڕوو لە گۆڕان دەکات ، کە دەستت گەیشتە دەمانچە وەیا تفەنگ وەیا نارنجۆك ئیتر دەبیتە ڕاوکەری ڕاستەقینە .

گەلانیش ، وەك تاکە مرۆڤەکان ، لە هەنگامەی بەیەکەوە

ژیان و خۆ سەپاندن و مامڵەتی ژین و ژیاردا خۆیان لەم هەڵوەستە پڕ ترس و لەرزەی (خوران و رەسین) دەبیننەوە. هەرچەند شتێکی بەرچـــاوە کە وا پێ بە پێی ئێهەڵکشانی ئـــادەمی لە پلەی شارستانەتی و زۆر بونی پەیوەندی و پەرە سەندنی رۆشنبیری و داهاتنی مەیدانی تازە بە تازەی هاریکاری ـ بەکورتی لەگەڵ پێـــش کەوتنی تێکڕایی ئادەمیدا ، باری تێگەیشتن و رێـــك کەوتن و گونجانی بەرژەوەند و تەبایی گشتی وردە وردە پتر خۆ دێنێتە بەر هەستی هەستیار و سەر پەڕەی داستانی بون و ژین ، بەڵام هێشتان گەلێکی بەبەرەوە ماوە تا ئەو کاتەی ڤویست نامێنێ بە ئەندێشەی خۆ پاراستن و لەسەرخۆکردنەوە . بەنیسبەت منـەوە کە تاکێکی کوردم و وتووێژم لەگەڵ ئەوە ، چەندی بە قسەکانم رێی ئامادە بونی کورد خۆش کەم بۆ بەهێز بون و پەیدا کردنی چەکی لەسەر خۆ کردنەوە ، ئاگەم بە سنوری تۆهمە و تاوانی ستەم خوازی و دەست درێژی چونکە گەلی کورد لە بارێکدا نیـــە چاوەنوازی ستەم و دەست درێژی لێ بکرێت ، هەتـــا پەل بکوتێ و تێلا بوەشێنێ دەست و کوتەکی لە سنوری ماڵە کاولەکەی خـــۆی تێپەڕ ناکات ، کەسێك بکەوێتە بەر کوتەکی کـورد دیارە بە پێـی خـۆی هاتۆتە بەر ئەو کوتەکە و هەر خۆی دەســـت درێژی کردوە لـە سنور و ماڵ و زمانی کورد . بێ گومان گەلی بێ دەسەڵات پـــتر حەز بە خۆشی و برایەتی و داد و ئاسایش وهێمنی دەکا ، چونکە هەر لەو مەیدانەدا ئومێدێکی بە سود و بەختیاری هەیە.. ئەگەر رێم هەبێ و لێم بە عەیب نەگیرێ دەڵێم هەەـــو ئـەو گیان

لەبەرانەی گۆشتیان دەخورێ ئامادەن مەزبەتەی حەرام کردنی کوشتن و بڕین و گۆشت خواردن مۆر بکەن ، مەرج ئەوەیە شێر و پڵنگ و گورگ ئیقناع بن و گۆشت حەرام کردن بسەلمێنن . گیانلەبەری بێ دەسەڵاتی گوشت نەخۆری گۆشتخوراو هەر بەجارێ قڕانی دێت کە هات و لە خۆی غافڵ بو و کەمتەر خەمی کرد لە خۆ بەهێز کردن .

گەلی کورد ، وەك گەلێکی نمونەیی لە بەرەنگار بونی هەڕەشەی سەخت بە دەسەڵاتی کەمەوە ، خۆی لە بارێکدا دەبینێ ئەویش بارێکی نمونەیی یە لە بێویست بونی پارسەنگ کردنی لایەنی کەم و کورتی و بێهێزی ، بەو چەکانەی کە دەستی پێیان دەگا و پێیان بە هێز دەبێ و دەسەڵاتی لە سەرخۆ کردنەوەی فراژو دەبێ . بێ گومان لە هەمو چەکان نێزیکە دەستتر و لەگەڵ نێزیکە دەستیدا یەکجاریش کاریگەر ، چەکی زانست و رۆشنبیریە بە تایبەتی ئەو زانست و رۆشنبیرییانە کە وا پەکیان لە سەر « مختبر و تطبیقات » نەکەوتوە بە خۆیان و ئەرك و مەسرەفی قورسیانەوە کە وا رەکە بە کورد هەڵنەستێ . هەر ئەم لایەنەی زەحمەت و ئەرکی « مختبر و تطبیقات »ە هۆی کەم بونی پسپۆڕی کورد لەو زانستانەی بەندن بە دام و دەزگای تاقی کردنەوە و بەکار هێنانی « مختبر » و کەرستەی گران بەها ... کوردێك بیەوێ لەو زانستانە ببێتە پسپۆڕ دەبێ خۆی لە گۆشەیێکی یەکێك لە ولاتە دەوڵەمەندەکان قایم بکا و دەست بگرێ بە دامەنی دەسەلات و دارایی ئەو ولاتەوە بۆ بەردەوام بونی لە سەر رەوتی پڕ ئەرك و خەرجی زانستی « تطبیقی » .

ئا ئێستا شەقامێکی بەرفرەوان لە بەر پێ و هەنگاوی کورددا هەبێت کە گەشتی رۆشنبیرانەی تێدا بکا شەقامی زانستی « نظری » یە بە تایبەتی بابەتی ئەدەب و زمان . داهاتی رۆشنبیرانی کورد لە مێژوو و جوغرافیای کورد و کوردستان ، تائێستا ، لەچاو خەرمانی ئەدەب و زمانی کوردی وەک « بەرکوت » وایە . دیارە مێژوو و جوغرافیا ، هەرچەند زانستی « تطبیقی » ش نین بەڵام هێندەی ئەدەب و زمان نزیک دەست نین : کەرستەی لێ دوان و لە سەر نوسین و توژینەوەی ئەدەب و زمان لەبەر دەستی هەموو رۆشنبیرێک و نوسەرێک دایە ، خۆ ئەوەی راستی بێ بە نیسبەت ئەدەبەوە نوسەر بۆ خۆی دەتوانێ تێیدا ببێتە سەرچاوە ، لەو رووەوە کە کاتێک خۆی گەیاندە پایەی « نوسەری وەیا بوێژی » نوسین و هەڵبەستەکانی دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ غەیری خۆی . وا هەیە نوسەر وەیا بوێژ بە هۆی بەکار هێنانی شێوازێکی رەمزی هێمایی پڕ لە رستەو وشە و تەعبیری سەیر و قوت و کەس نەبیستوو و کەس تێ نەگەیشتوو ، بۆتە سەرە باسی رۆژانەی نوسەران لە گۆڤار و رۆژنامە و نامیلکە و کتێبانزدا .

باری زمانیش تا رادەیێک وەک باری ئەدەب وایە : کەرستەکەی هەمیشە لەبەر دەماندایە ، بە کوردی بابڵێین ئاوی بیری زمان « دەست هەڵێنجە » و پێویستی بەوە نیە شریت و دەولەکەی بۆ بەکار بێت ، چونکە خەریک بونی مرۆڤ بە زمانەوە خەریک بونە بە جوزئێک لە زاتی خۆی ، بەو مانایە کە زمان و وتووێژی

مادەرزاد بەشێکی بنجییە لە سروشتی مرۆڤ .

کە بەهانەوێ دەتوانین لیستەیێکی ئەو زانستانەی « نظری » بگرین کە لە جەزی دەسەلاتی پێوەخەریك بونی کورددا هەیە و هەموشیان لەنزیکەوە خزمەتی راستەوخۆی کورد بکەن . بەلام لێرەدا رێی دوور کورت دەکەمەوە و دەلێم بە هۆی نوسینی ئەم پێشەکییەوە کە ناوەرۆکی سێ وتاری ناو ئەم کتێبەن . بابەتی وتارەکان ، هەرچەند زوربەی ئەوبابەتە نوسینی بێگانانە لەسەر کورد ، بەقەدەر هەر بابەتێکی پاتەو پاتی کوردایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی کورد خەریکە و بێك هێنەری سودە بۆ کورد . بۆ بە پێی نوسینم لە رووبەڕەکانی لێرە بە دواوەدا مەبەسم رون دەبێتەوە . بەدەم رون بونەوەی مەبەسیشەوە بیر و باوەڕێکم ، کە لە ناوەرۆکی گوتارەکانەوە هەڵدەقوڵێ ، ئەویش دەخەمە بەر چاوی خوێنەر .

من لە گۆشەی نیگای سودی میللەتی کوردەوە سەیری ئەم نوسینانە و زانستانە دەکەم ئینجا بە تەرازوی راستی و بێفێڵی هەڵیاندەکێشم . بێگومان هەمو زانستێك و رۆشنبیرییێك بایەخی خۆی هەیە ، بەلام بۆ میللەتێکی پارچە کراوی ماف خوراوی وەك میللەتی کورد ئەو نوسینانە و زانستانە و راستییانەی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەوروبەری تاریك و نەزانراوی رۆشن دەکەنەوە و چەکێکی لەسەرخۆکردنەوە دەدەنە دەستی یەکجار بە کەلکتر و پێویستترن لە زانست و راستییێکی سادە و دوورە

بەرێز لە سوودی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری ... وەیا هەر لایەنێکی تری ژین و ژیار بێ. تا بڵێی حەزدەکەم بزانم لە زوهرەدا ژیان هەیە یا نیە، کەی گیان لەبەر باڵی گرت، چۆن بوو بە دوو کەرتی لە یەکتر جودای ئاژەڵ و رووەك، ناوەرۆکی ئاتۆم چ هەرا و سەدای تێدایە، مێروولە چۆن رێگەدەر دەکا بۆ سەرخواردەمەنی، یا هەر لەوەگەڕێم کە چەند تێنووم بۆ زانینی نهێنیە زلەکانی ئەم جیهانە کە زانا و فەیلەسوفە گەورەکان تێیدا سەر سامن. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو پرسیارانە و وەرامەکانیان هێندەی ئەم تاکە پرسیارە و وەرامەکەی دڵم نابزوێنن: ئایا کەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وشەی «کوردستان» کەوتە سەر زاران. زانینی وەرامی پرسیارەکانی پێشوو تر بۆ کورد و غەیری کورد یەك بابەتە و هەمان نرخ و بایەخی هەیە، بەڵام دۆزینەوەی سەرەتای داهاتنی زاراوەی «کوردستان» پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ژین و بوون و چارە نووسی کوردا هەیە سەرەڕای ئەوە کە ئەویش وەك هەموو بابەتێکی تر خۆی لە خۆیدا داهاتێکی رۆشنبیری و زانستە.

هەرچەند رۆشنبیران و زانایان و ئەدیبانی کورد لە بارێکدا نین بتوانن ئامانج بۆ هەر یەکێك لە خۆیان دابێن تا کوو بە پێی پێویستی و گرینگی بابەتەکان تین و توانی مێشك و خامەیان ئاراستە بکەن و لە «گرینگتر»ەوە بو «گرینگ» هەنگاو هەڵێنن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کە لەخۆوە و بێ پلان دانان و نەخشەکێشان ئەم مەبەستەی دەست پێکردن بە «گرینگتر» لە بەرهەمێکی رۆشنبیریدا هاتە دی، رێکەوتێکی خۆش و پیرۆزی تێدا رەچاو

دەکەین کە واهێندەی « بەرهەمی بە پێی پلان » سوود و بایەخی هەیە : چ فەرقێك نیە لەوەدا نێچیر بە رێکەوت بکەوێتە دەست یاخود تەڵەت بۆ دانابێتەوە و هەرگیز نێچیری « رێکەوت » لە بازاڕی نرخدا کەمتر نیە و نەبوە لە « نێچیری بەر تەڵە کەوتو » .

بابەتی ئەم کۆمەڵە وتارە کە لێرەدا کۆڕی زانیاری کورد لە شێوەی کتێبدا دەیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە ، بێ گومان ، یەکێکە لەو بابەتە رۆشنبیرییەی کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ سودی راستەو خۆ و پاتەو پاتی گەلی کورد : لە یەکەم وشەی یەکەم وتاریەوە تا دوا وشەی وتاری کۆتایی ، وتووێژ و لێکۆڵینەوە و دوان و رەخنەگرتنی لە راستە شەقامی ماف و بەرژەوەندی کوردەوە سەر هەڵدەدا . بە پێی باوەڕی بێ لایەنگیری خۆم ، سەر لەبەری نوسینەکانی ناو ئەم وتارانە لە ڕوی سودی کوردایەتیەوە وەك ئەو تەرزە میوەیە وایە کە توێکڵ و دەنکی نەبێ و هەموی هەر خۆراك بێ ئەگەر ناو ناوەیێك یەکێك لە نوسەران خۆی تێدا خوێندبێتەوە زێدە شانازی کردن بە کوردایەتی وای لێکردوە وەك دلێر و سوار چاکانی کۆنینە کە هەڵسوڕ و داسوڕی شەڕیان بە شیر و رم دەکرد لە مەیدانی موباردزەدا ، ئەویش خامە هەڵکێشێ لە ڕوی ناحەزانی کورد و هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەیان لێ بکا بۆ کورد . لەمەشدا سەیروسەمەرە نیە : دیارە رۆڵەی میللەتی زۆر لێ کراو و ماف خوراو بە هەستتر و گوێی قوتترە بۆ تیر و تواخ .

خۆ ناسین یەکێکە لە کەرستە و چەکی بەرگری . دۆزینەوەی

هێز و بێهێزێ و چاکە و خراپە و کەم و زۆری و پلەی پێش کەوتن و دابزان و هەمۆ سەر و بەرێـکی گەل ، یارمەتی ئـەو گەلە دەدا بۆ ئەوە بتوانێ هەلوەستی راست و بێهەلـە و تەزگە بوەستی لە کۆڕی ژین و بوندا . کوردێ گوتەیێـکی هەیـە دەڵێ « چەند دەخوا و چەند دەبەزێ » ئەم گوتەیە بۆ گەل پێویستترە لە تاك هەرچەند لە بنەڕەتدا پەندەکە بۆ تاك هەڵبەستراوە . کەم واهەیە ، یاخود راستتر ئەوەیە بڵێین هەر مومکین نیە ، مرۆڤ لە خـۆوە بێ مامۆستا و رابەر وەیا بێ رەخنەگر و ناحەز بتوانێ لایەنی راستەقینەی (پەسند و ناپەسند) لە خۆی‌دا هەست پێ بکا و بە تەواوی ، وەیا نیوە چڵی ، بزانێ چەند دەخوا و چەند دەبەزێ . مرۆڤ زۆر بە ئاسانی و ئاسایی لە ئاست خۆی‌دا بە سەهۆ دەچـێ هـەم لە رۆی ئەوەوە کە هەست کردنی بە لایەنی چاکەی خـۆی چەند جاران لە پایەی راستەقینە پتر دەبێ و بایەخی گـەلێك زیاد بـەو چـاکەیە دەدا و هەم لەرۆی ئەوەوە کە چاوی لەزوربەی خراپـە و عەیـب و کەم و کەسری خۆی هەڵ دەگوێ و نایانبینێ .

بە دوا ئەم راستییەدا راستییێـکی‌تری وەك ئەو هەیە کە بەیەکەوە هەردوکیان مەوزوعی « بەسەهۆ چون » تەواو دەکەن : مرۆڤ چـەند کوێرە لە ئاست عەیبی خۆی هێندە زەررە بینە لە عەیـبی خەڵقدا ، لەم خوەشدا دەگاتە رادەی « بەعەیب گێزانی شتی بێ عەیب » .

لە پەند و فۆلکلۆری میللەتان ئەم لەخۆ و لە خەڵق بەسەهۆ چونە بارەها و جارەها رۆن کراوەتەوە و چی من لێرەدا دەیڵێـم

دووبارە کردنەوەی تەجرەبەی لە خۆم بە پێشەوەیە .

لە کوڵانەی ئەم راستییانەوە سەیرێکی ناوەرۆکی ئەم کتێبە دەکەم و نرخی پێدەدەم : لە ئاوێنەی بێگانەدا قەد و قەڵافەتی کورد دەبینم و بە چاوی ئەوان تێـوەی ڕادەمێنم و هیچ وەتەنگ نایێم لەو رەخنە و پلار و توانجانەی بەسەهو چوون وەیا دەسـت درێژییان تێدایە . چەندێکی لە کورد بەسەهو چوبن و بە قسە لێیان داشکاندبێ ، ئەوەی لە سەرخەرمانی تێکڕای نووسینەکانیان دەمێنێتەوە سـامانێکە بۆ کورد کە ئەگەر لە وانەوە نەبوایـە هەرگیز کۆ نەدەکرایەوە .

لەگـەڵ مندا بنوارە لاپەڕە ٤٣ و قسە شڕ و دڕەکانی دوکتۆر هێرتزفیلد بخوێنەوە . هەرچەند حەزم دەکرد قسەی خۆشـــتر و بە ئینسافتری کردبا دەربارەی کورد ، بەڵام کە ئەمـەی نەکردوە لە لای خۆمەوە مەمنونی هەموو کارەکەی ئەوم تەنانەت جنێوەکانیشـی : بـە راستی پێویستە خاوەن ماڵ شتومەکی مێوان نەکۆڵێتەوە ، مێوانیش هەقی هەیە وەتەنگ بێ لە دەست تێوەردانی کەل و پەلەکەی بەتایبەتی کە ئەو شتومەکە کەرستەی دیراسەی ئارکایۆلۆجی بێ . تـۆ بڵێی ئەگەر لەو ساڵە پڕ ترس و لەرزەی (١٩١٤)دا پسپۆڕێکی کـورد بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و مێژووی ئەڵمان چووبایە باڤاریا و خاوەن ماڵە ئەڵمانەکەی کاغەزەکانی لێ دڕاندبا وەیا نەقشی نووسینەکانی لێ سڕیبایەوە وەیا وردە ئامرازی کاری ئارکایۆلۆجی لێ نێکەڵ پێکەڵ کردبا دەبوا ئەو پسپۆڕە بە کام زمانی مەرحەبا و رەزامەندی باسی خانەخوێیەکەی

کردبا ، ئێمەی کوردی ئیمڕۆش بە چ چاوێك سەیری لە خۆ بوردنی بەرپۆزە کوردەکە و نان کوێرێ ئەڵهانەکەمان کردبا . من لێرەدا قسە زیادەکانی هێرتزفیلد ناژارێنمەوە ، لە مێوانداری کوردەکەش داناڵەنگێنم :
من دەمەوێ بە چاوێکی واقیع بین سەیری خوێش و بێگانە و چاکە و خراپە بکەم . ئاخۆ ئەگەر ئەم « هیرتزفیلد)ە بەر لە ٦٠ ساڵ نەچوبا ناوچەی « زەردی ئاوا » و نوسراوەکانی دێی « پەیکۆڵی » نەخوێندبایەوە کام ڕۆژ هەڵاتی ، یا نەڵێم کام کورد ، زەحمەتی وەهای بە خەرج دەدا بۆ پاراستنی ئەم نوسینانە ؟ لەوانە بو نەك هەر شتومەك ، بەڵکو گیانیشی دەست تێوەردرابا ئەم دوکتۆر هێرتزفیلدە ! خۆمان باشی دەزانین پیشەی تێکدان وشکاندنی شوێنەواری مێژوویی پیشەیێکی کۆنینەی کورد و هەمو مسلمانانە بە فەخر و شانازییەوە : لەناو بردنی دروشمی « کافران » پتەو کردنی بیر و باوەڕی موسلمانەتی بوە بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵی رابردو . . تائێستاش لە ناو خەلقی دەشت و دەر و بەشێکی زۆر لە دانیشتوی شارەکانمان بەو پەیکەر و نەقش و شورە و وێرانگەی قەڵای کۆن دەڵێن « گاور کار » ، هەر لە گوێرەی ناوە ناحەزەکەشیان ڕەفتاریان لە گەڵدا دەکرێت .

لە نوسینی هەندێك لەو نوسەرە ئەوروپاییانەی لێرەدا ناویان دێت زمانی کوردی بە لەهجەیێکی فارسی لە قەڵەم دراوە . بێ گومان ئەم رایەیان ناڕاحەتمان دەکات ، بەولای ناڕاحەت کردنی ئیمەشەوە ، گەلێك لە راستی دوور دەکەوێتەوە . بەڵام دەبێ دو تێبینی گرینگ بگرینە بەر چاو لە بارەی سەرجوملەی ئەم نوسینە غەڵەتانەوە :

یەکەم : نوسەرەکان چ مەبەستێکی نابەسەندی دژایەتی کورد و مێژوو و راستییان نەبوە ، بە ئارەزوو و ئانقەستیش ئەو غەڵەتەیان نەکردوە . کە بیانزانیبا رایەکەیان هەڵەیە هەر نەبێ لە بەر خاتری خۆیان و ناو و شۆرەتی زانستییان لە هەڵە دوور دەکەوتنەوە . دیارە بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ مەوزوعەکە رویشتون و دوچاری هەڵە بون .

دووەم : ئەوسا ، کە ئەو نوسەرانە خەریکی توێژینەوە بون لە بارەی زمانی کوردییەوە و لەتوێژینەوەیاندا هەڵەیان دەکرد هێشتان تاکێک لە گەلی کورد پیتێکی نەنوسیبو لە بارەی زمانی کوردی و ئەسل و رەچەڵەکیەوە . لەو دواییانەشدا کە زمانزانانی کورد گەیشتنە پایەی توێژینەوە و پشکنینەوەی فیلۆلۆجی سودێکی باشیان وەرگرت لە دیراسەی ئەو مامۆستایە بە هەڵە چوانەی ئەوروپا .

بەسەهو چونی بێگانە لە عاست خزمایەتی زمانی کوردی و فارسی تا ئەو رادەیە کە کوردی بە لەهجەیێکی فارسی بزانێ رووداوێکی یەکجار ئاسایی و چاوەڕوان کراوە ، چونکە لەیەک چوونی هەردوو زمان دیمەنێکی بەرچاوە و لە هەست پێ کراو بەولاترە . کوردی لەهجەیێکی فارسی بێ وەیا فارسی شێوە کوردییێکی رەسمی و پێشکەوتوی کوردی بێ ، وەک لەهجەی سولەیمانی کە شێوە ئاخاوتنێکی پێشکەوتوی کوردییە ، رواڵەتێکە رەشکەوپێشکە بە چاوی بینەر دەکا . دۆزینەوەی رەسەن بونی هەردوو زمانیش کارێکە پڕ ئەرک . ئەوەی راستی بێ تائێستاش لەو رووەوە دەمەتەقە لە

میانی شارەزایانی زمان هەر بەردەوامە . بە نموونە سەیرێکی گوتاری مامۆستا توفیق وەهبی بکە کە لە بەشی دوەمی ژمارە دوی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بلاو کراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی « اصل الاكراد و لغتهم » لەم گوتارەدا وێنەیێکی دەستەویەخەبونی ناوخۆیی زمانزان و مێژو ناسان دەبینی لەسەر ساغ کردنەوەی کورد بون و نەبونی لەهجەی ولاتێکی بەرفرەوانی باشوری رۆژاوای ئێرانی ئێستاکە .

ئەگەر لەبیر خۆمانی نەبەینەوە ، ئائەو دوایییانە کە راپەڕینی رۆشنبیریی کورد چاوی خەلقی کردەوە بۆ دیتنی راستی لەو مەسەلانەی پەیوەندییان هەیە بەکوردایەتی و ماف ومێژو و ولات ... و هەمو شتێکی کوردەوە ، بەشێکی زۆر لەو کوردانەی بە ناو سالان کەوتبون و فرچکیان بە ژێر دەستتی و خۆ بەکەم گرتن گرتبو زمانی کوردییان بەلاوە زمانێکی دوا کەوتو بو ، تەنانەت حیسابی مەسرەفی رۆژانەیان بە فارسی دەنوسی . لە نوسینێکی ئایندەمدا دەخوێنیتەوە کە وا لە سالی (١٢٠٠)[١] ی کۆلچیدا مەلای ئیبنو ئادەم ئەو کوردانە عەیبدار دەکا کە رەخنەیان لێ گرتبو لەوەدا دیباچەی نامیلکەیێکی بە کوردی نوسیوە . . حاجی قادر لە چەندین جێگە ئەو کەسانە دەشکێنێتەوە کە دژی نوسینی کوردین ، بە توڕەییەوە

(١) پەراوێزی مەلای ئیبنو ئادەم بە سەر نامیلکەی شەرحی « عوبصه ابن مالك » کە دوا ئەلقەی زنجیرە باسێکی ناو کتێبەکەی مەلای ئیبنو ئادەم خۆیەتی بە ناوی « جواهر المنقول » .

باسی یەکێک [٢] دەکات کە ناڕازی بوە لەوە کاک ئەحمەدی شــێخ دەرسی بە کوردی گوتۆتەوە . بێ گومان ئەمە ئەنجامێکی ئاسـایی ئەو بارەیە کە بۆ ماوەی هەزاران ســاڵ کورد خۆی تێدا دیوە ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ دان بەوە دابنێین کە کورد بێ و لە عاست زمان و مێژوی خۆی ئەم هەڵوەســتەی هەبێ و ئێمە عوزری بێنینەوە ، ڕێی ئەوەمان نامێنێ داوا لە بێگانە بکەین ببێتــە پارێزەر « محامی » بۆ کورد و کوردی . هەر هێندەمان ڕێی گلەیی بە سەر بێگانەوە هەیە کە وا بە ئانقەست دژایەتیمان بکا و چاو لەو ڕاستییانە بپۆشێ سودی کوردی تێدایە . کە ئەمـە دەڵێم یـەک زەڕرەش لە نرخی ئەو لە سەر کردنەوەیە کەم ناکەمەوە کە ڕۆڵەیێکی کورد بۆ میللەتەکەی بەگیانبازی و سۆزەوە دەی‌کا و لەم مەیدانـەدا قسەی ناحەزان ومیا بەسەهەرچوان بە درۆ دەخاتەوە .

لەم تێبینیانەدا جارێـکی‌تریش سودی خۆ دیتنـەوە لە ئاوێنـەی باوەڕ و دڵ و دەروونی بێـگانەدا لە بەر چاوان نوێ دەبێتەوە : هەروەک دەشێ نازێـکی ئاوێنەکە بوبێتە هۆی نازێـکی وێنــە ، دەشێ عەیبی خاوەن وێنەکە خۆی لە ئاوێنەدا دەرکەوتبێ و ئاوێنـە چ سوچێکی نەبێ لە دزێو نواندنی وێنە .

---

(٢) واقیعـا دەرســەکانی بۆ خوایـە
چ دەبو گـەر بە کوردی نەبوایە
گوتم ئێستەش لەســەر کەری ماوی
جا بۆ مســتم نەدا لە نێو چـاوی

من تا ئێستا لایەنی «سلبی» و نەیاری ئەو نووسینانەم کردوە بە سەرچاوەی سوود و کەلك بۆ میللەتی کورد ، کە لە راستیشدا هەر چەند رواڵەتی «سلب» و نەیاریش بن سوودی بێ خەوشن . کە بڵێین و لایەنی «موجب» و یاری نووسینەکان بو کورد بخەینە بەر چاو ، ئیتر پێی ناوی من و یەکێکی تر واتای چاکەی لێ بدۆزێتەوە وەیا تەئویلی ئینسافکارانەی بۆ لێ بداتەوە . زوربەی نووسینی ئەوروپاییەکان لە گەڵ راستی جووت دەزۆن و شان بە شانی بەرژەوەندی کورد جموجوڵیانە ، لە وەشدا چ نیازێکی تایبەتی «زاتی» یان مەبەس نەبوە ئەو مەبەسە نەبێ کە لە راستی لانەدەن ئەو راستیەش لە خۆوە و بێ لایەنگیری لەگەڵ سودی کوردا رێك هاتبێت . کە بۆیان روون بووبێتەوە زمانی کوردی کەرت و لەهجەی زمانێکی تر نیە و لەسەر رەگ و پنجی خۆی رواوە و بەولای سەربەخۆیی و رەسەنیشیەوە پڕە لە جوانی و رێکی و دەولەمەندی چ تومەیێکی لایەنگیری و مەبەسی شەخسی مومکین نیە لەو رێکەوتە سەر هەڵدا .

بێ گومان بەرەنگار بوونی دۆزینەوە و سەپاندنی رەسەنی و سەر بەخۆیی زمانی کوردی ئەرکێکی یەکجار قورس دەخانە سەر شانی ئەو نووسەرانە و زانایانەی ئەوروپا . ئەگەر چاومان لێلایی دانەهاتبێ لە دیتنی ئەم وێنەیەمان لە ناو نووسینی بێگانەدا ، دەبێ وەك مرۆڤی مەردی مل کەچ بۆ حەق و راستی ، خێرا و ئازایانە ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئەوان هەڵەنگێوین بۆ سەر شانی خۆمان یا خود هەر نەبێ ئێمەش شانی خۆمان بدەینە بەر بەشێکی ئەو

ئەرکە. حەیفە ، ئەگەر نەڵێم عەیبە ، بێگانە بەمێژوو و زمانمانەوە خەریك بێت و خۆمـان لە خۆمان غافڵ بین . گەلانیش وەك تاکە مرۆڤ هـەر لەتەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا نوسـتنی نـاو کۆش و باوەشـی خـەڵقی لێ بـە عـەیب ناگیرێ و پاڕوی دەسـتی خێرەومەندانی بێ ڕەوابـە ، کە هەسـتی بە خۆی کرد و چەپ و راستی خۆی زانی و گەیشتە پایەی رەخنە گرتن و لێ‌رازی بون و بە ڕاسـت گێڕان و بە درۆ خستنەوە ، زۆر لێی ناشیرنە چاو چڕ کاتەوە لە دەست و خامەی بێگانە ئاخـۆ کەی و چەند و چۆن و چی دەڵێ دەربارەی مێـژو و زمان و ئەدەب و هەمتوشتێکی . جگە لە لایەنی عەیب و بێ عەیبیشـەوە لایەنێکی بەرژەوەندی « مادی » هەیە لەوەدا کە کورد خۆی خەریکی خۆی بێت ، چونکە بە راستی زانای بێگانە هەرگیز ناتوانێ وەك کورد لەو شتانەی کورد بگات . کە پەیوەندییان بە زمان و ئەدەب و هونەر و بیر و باوەڕ و تێکڕای لایەنی نامادییەوە هەیە. گوتەیێکی مەشهور هەیە دەڵێ پیاوەکی ئەوروپایی لە بەڵەدەکەی کوردی پرسیوە ئەم ئاوابیە ناوی چیە ؟ و بەڵەدەکەش گوتوەتی « نـازانم » ، کابرای ئەوروپاییش گورج لە شوێن ناوی ئاوایییەکە نوسیوەتی « نازانم » و لە خەریتانی ناوی رۆییوە بە دێی « نازانم » ! ئەم گوتەیـە ئەگەر راستیش نەبێ پەنجە بۆ راستییێکی بێ فێڵ درێژ دەکات . هـەر وەك کوردێك لە واتای ئاشکرا و هێمایی گوتە و کردە و بردەی کوردی تێ دەگا هەرگیز ئیمکان نیە زانایێکی بێگـانە کە لە نوسـین و خوێندنەوەدا کوردی فێر بوە بەو شێوەیە و تا ئەو رادەیـە تێی

ئەرکە. حەیفە، ئەگەر نەڵێم عەیبە، بێگانە بە مێژوو و زمانمانەوە
خەریك بێت و خۆمان لە خۆمان غافڵ بین. گەلانیش وەك
تاکە مرۆڤ هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا نوستنی
ناو کۆش و باوەشی خەڵقی ئەلی بە عەیب ناگیرێ و
پاڕۆی دەستی خێرەوومەندانی پێ ڕەوایە، کە هەستی بە
خۆی کرد و چەپ و ڕاستی خۆی زانی و گەیشتە پایەی ڕەخنە
گرتن و لێ ڕازی بوون و بە ڕاست گێڕان و بە درۆ خستنەوە،
زۆر لێی ناشیرنە چاو چڕ کاتەوە لە دەست و خامەی بێگانە ئاخۆ
کەی و چەند و چۆن و چی دەڵێ دەربارەی مێژوو و زمان و
ئەدەب و هەمووشتێکی. جگە لە لایەنی عەیب و بێ عەیبیشەوە
لایەنێکی بەرژەوەندی «مادی» هەیە لەوەدا کە کورد خۆی خەریکی
خۆی بێت، چونکە بە ڕاستی زانای بێگانە هەرگیز ناتوانێ وەك
کورد لەو شتانەی کورد بکات. کە پەیوەندییان بە زمان و ئەدەب و
هونەر و بیر و باوەڕ و تێکڕای لایەنی نامادییەوە هەیە. گوتەیێکی
مەشهوور هەیە دەڵێ پیاوەکی ئەورووپایی لە بەڵەدەکەی کوردی پرسیوە
ئەم ئاوایییە ناوی چییە؟ و بەلەدەکەش گوتوویەتی «نازانم»، کابرای
ئەورووپاییش گورج لە شوێنی ناوی ئاواییەکە نووسیویەتی «نازانم» و
لە خەریتان ناوی ڕۆییوە بە دێی «نازانم»! ئەم گوتەیە ئەگەر
ڕاستیش نەبێ پەنجە بۆ ڕاستییێکی بێ فێڵ درێژ دەکات. هەر وەك
کوردێك لە واتای ئاشکرا و هێمایی گوتە و کردە و بردەی کوردی
تێ دەگا هەرگیز ئیمکان نیە زانایێکی بێگانە کە لە نووسین و
خوێندنەوەدا کوردی فێر بووە بەو شێوەیە و تا ئەو ڕادەیە تێی

بکا . بە نموونە دەڵێم لە زۆر ناوچەی خاوەن کشت و کێڵی کوردستان کە گوترا فلانەکەس ملکانەی زەویەکانی « دۆ زەکات » وەردەگرێ مەبەس لەم دۆ زەکاتە پێنجیێکە ، کەمیش وایە خەڵقەکە وشەی پینجییێکیان لە بیر بێ یا بەسەر زمانیاندا بێت . دەوجا مرۆڤێکی بێگانە کەی دەچێتە ناو ناوەرۆکی وشەی ئەوتۆیێ کە بە ئەسل لە سەر بنەڕەتێکی ئایینێ و « زکاة » ی ئیسلامەتی هەڵچەقیوە لەو رووەوە کە « زکاة » ی دەغڵ و دان دەبێك بێ . ئەوەش بزانە لەو ناوچانە هەرگیز زاراوەی « دۆ زەکات » بۆ شیناوردی وەك توتن بەکار نایەت هەرچەند خاوەن زەویەکە پێنجیێکی ئەو توتنەش وەرگرێ کە لێی بەرهەم دێت ، چونکە زەکات لە توتن وەرنەگیراوە تاکو دۆزەکاتی بۆ بەکار بێت .

لێرەدا نموونەی بە سەهو چوونی نووسەرێکت بۆ دێنمەوە کە لە ئەنجامی نەشەرازەیی تووشی هاتوە بەڵام لە مەیدانی ئایین نەك زمان :

رەئیف خووری ، نووسەرێکی بە ناوبانگی مارکسیستی دیانی عەرەب ، لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتێکی مێژوویی کۆندا وا رادەنوێنێ کە « حسێنی کوڕی ئیمامی عەلی » ئافرەتێکی تەڵاق دراوی مارە کردەوە و لای خۆی هێشتیەوە بێ ئەوە سەر جێیێ بکا تا ئەو کاتە کۆنە مێردەکەی پەشێمان بۆتەوە لەو کارە نامەردانەی کە کردبوی ئیتر « حوسێن » ئافرەتەکەی تەڵاقداوە و ئافرەت چۆتەوە لای کۆنە مێردەکەی . رەئیف خووری کە ئاگاداری شەریعەتی ئیسلام نیە نازانێ ئافرەتی تەڵاق دراو بۆ مێردی پێشوی حەڵاڵ نابێتەوە

ئەگەر مێردي دوەمی نەچۆبێتە لای . زەوقی حیکایەت گێڕانەوە و نەزانینی یاسای ئیسلام وەهای لێ خۆش هێناوە کە دەوری « حوسێن » لە بەسەر هاتەکەدا تەنها دەوری جوانمەردێ و پارێزگاری بێت ئافرەتەکەش وەك بوخچەی نەکرایەوە و گوڵی نەزاکاو بۆ لای هەمسەری راستەقینەی خۆی چۆبێتەوە . لەم بابەتە بە سەهۆ چونە بە هۆی کەمشارەزاییەوە گەلێك جاران گوتەو نوسین دێنە بەر گوێو چاو . بێ گومان بابەتی ئایینی بێ وەیا مێژوویی وەیا هەرچی دەبێ بابێ هەموویان جێگەی تەلزگە و لێ هەڵخلیسکانن بۆ مرۆڤی نابەڵەد . هەڵبەت من نامەوێ بڵێم پسپۆڕ و زانایێکی ئەوروپایی هێندەی رەئیف خوری نابەڵەد دەبێ ، ئەوەی مەبەستی منە شتێکی ترە : من دەڵێم بەڵەدێکی ئەوروپایی لە زمانی کوردی و مێژوی کورد و نەریت و ئاداب و ئایینی کورد هەرگیز ناگانە پایەی بەڵەدێکی کورد لەو مەیدانانەدا . لەودش بترازێ ، بەڵەدی ئەوروپایی چی دەبێ با ببێ ، تازە بەڵەدی کورد گەییوەتە ئەو تەمەنە رۆشنبیریە کە بەرپرسی [٣] زمان و مێژوو و ئەدەبی میلەتەکەی بێ . پێی ناوی بشڵێم خەریك بوونی کورد بە خۆیەوە چ رێیان لە خەڵقی بێگانە ناگرێ ، بە پێچەوانە هاریکاری هەر دوولا فەرمانی زۆر سەختی روون کردنەوەی مێژوو و زمانی کورد بۆ هەموان ئاسانتر دەکا .

نوسینەکانی زانایانی جیهان دەربارەی کورد کە بکەینە ئاوێنە و خۆمانی تێدا ببینین ، دەتوانین بێ بکەین بە تێپەڕینی کات ئاخۆ

---

(٣) بەرپرس : مسؤول

زیادمان کردوە یاکەم ؟ کەورەتر بووین یا چوکتر یاخود لە بارێکدا وەستاوین نە زیاد دەکەین نە کەم ! چونکە گومان نیە لەوەدا تاکو لە زیاد کردن بێ نوسینی بێگانان لە بارەمانەوە ئەویش زیاد دەکا . میللەتی داوەستاو و بێ جموجوڵ و کەم بزشت تەنها لە ڕوی ئەوەوە لە سەری دەنوسرێ کە پاشماوەی یەکێکە لە گەلان و خلتەیەکی مێژوە . میللەتێك لە ئێستاکەیدا هەڵمەت و بەرهەم و پێشکەوتنی نەبێ وەك ئەو کێلە بەردە سەیری دەکرێ کە بە سەر قەبری مردوەوە هەڵچەقیوە ، ئیشارە بۆ ژیانێکی لەوەو پێش دەکا ..

لە هەر ڕوێکەوە سەیری ئەم نوسینانە بکەیت و بە هەر تەرازوێك هەڵیانسەنگێنی ، لە چاکەی کورد بەولاوە تێیاندا نابینیت . وەی کاشکی سەر لەبەری نوسینی ئەوروپاییەکان کە لە ناوەرۆکی ئەم سێ وتارەدا ناویان هاتوە وەردەگێڕدرانە سەر کوردی و کتێبخانەی کورداسیمانی پێ دەوڵەمەندتر دەبو .

لە نوسینی وتارەکاندا هەستی تەوژمی خوێنی نوسەرەکانمان دەکەیت لەوەی دەی نوسن . هەڵمەتیان دژی ئەو هێرشانەی بۆ سەر کورد هاتوە چ هێرشی نەشاردزایانە بێ چ هێرشی ئانقەست ، هەڵمەتی سەربازانە و مەجزوبانەیە بەڵام بێ ئەوە شێوازی مەوزوعی خۆیان دۆڕاندبێ بە نمونە سەیری لاپەڕە (١٧ ، ١٨) بکە و سرنج لە لایەنی گیانی کوردپەروەرانەی خاوەن نوسین بگرە . من لەگەڵ ئەم باسەی لەسەرخۆ کردنەوە و ناحەز بە درۆ خستنەوەدا وتووێژێکی دوور و درێژ و پان و بەرفرەوانم هەیە ، لە بەرەو

دوای ئەم پێشەکیەدا کورتەیێکی لێ دەنووسم .

بابەتی ئەم کتێبە وەك لێرە بە پێشـــەوە گوتم لە جەرگەی سوودی کوردایەتیەوە هەڵدەستێ لەو رووەوە کە خـەریکی چشـــتی ئەوتۆیە پەیوەندێ «عضوی» بە کوردەوە هەیە ، ئەم پەیوەندییە یار بـــێ وەیا نەیار بێ فەرقێکی چەندان ناکا ، تەنـــانەت ئـەوەی نەیارە ئەگـەر راستیش کا لە رەخنە و هێرشی بۆ سـەر کورد هەر نەبێ وەك نەشتەر هۆشیارمان دەکانەوە بۆ دیتنی کەم وکوڕێی و عەیب و عارێك کە مومکین نیە چ میللەتێك لێیان رەهـــا بوبێ و خۆ لێ دوور خستنەوەشیان تابڵێی پێویستە . میللەت بە تێکڕایی ، سەرەڕای عەیبی ناکەکانی ، دۆچاری چەندین عەیبی کۆمەڵایەتی دێت کـە هی وایان تێدایە عەیبی کوشندەن و لە مێژوودا وا بوە فەلاکـەتی بێ سامانی بەسەر هێناوە . زوربەی خەلق ، بەتایبەتی گـەنجان ، حەز بەوە دەکەن باس کردنی گـەل شریتەیێکی پێدا هەڵـگوتن و هەڵدانەوە وَ ئارایشت دان بێت تەنانەت ، بە زۆری ، نووسەران و بلێژان و هونەرمەندانیش لە هاڤرکێی (مســـابقە) یەکتر بەجێ هێشتنەوەن لە مەیدانی گوتنەوەی سروشت و رەوشـــتە پاکەکانی گـەل وەك ئەوەی گەل کۆمەڵێك فرشتە و پەرێ بێت . ئارەزوّی وەها سادە و پیوریتانی هەر چەند لە تەنـکاوێـکی روون و بێ گەردی چاکە خوازی و گـەل دۆستییەوە دێت بەڵام لەهەمان کاتدا رەتەڵ بردنێـکی دەبەنـگانەیە بە سەر هەرچی دەرد و دەرمانی کۆمەڵـە : چاو کـەعەیب و نەخۆشی و ناتەواوی گـەلی نەدیـت دیارە بـە دوا

دەرمان کردن و چارەسەر کردنیدا ناگەڕێت . کە بە دواشـــدا بگەڕێی بێ گومان خەیاڵێـکی جەوت بۆ دەرمانێـکی هەڵـەی دەبا . وا هەیە توسەر دانی بە عەیبی گەل داناوە بەڵام دەر لەحزە کەلکی دان پێدانانەکـەی نزیوە چونکە هۆی عەیبەکەی داوەتە پاڵ مەلا و شێخ و دەرەبەگ و بازرگـان .. هەر دەڵێی ئەم کـۆمەڵە خەلقەی کە وا بەلای ئەودوە هۆی عەیبی گەلن لە لاوە ، وەك تاعون ، هاتون بۆ ناو گـەل . دیتومە یەکێك توسیوەتی تاقمێك فێڵباز گەل گێل و نەزان دەکەن ، لە مەوە وا دەر دەکەوێ بەلای ئەودوە لـە بنەڕەتا گەل هەموی ئەرەستو و لوقمان بو بـەڵام فێڵبازێـکی وەك ئیمامی شافیعی و عەبدولقادری گـەیلانی هات و گێلی کرد ...

خوێـکی تری بە سەهو چون کە ئەویش هێندەی « هەڵدانەوەی بێ بنج » مەترسی لێ دەکرێ ، تاوانبار کردن و ناشیرن کردنی ئەو لایەنەیە کە بە ناحەز دادەنرێت . تاوانبار کردنی لایەنی نـاحەز بوە بە فەرمانێـکی ئایینی و لەوە دەرچوە دەمەتەقەی لە سەر بکرێ وەیا رەخنەی لێ بگیرێ : لایەنی ناحەز کە منداڵێـکی لە خنکان رزگار کرد وەیا برسێکی تێر کرد وەیا چاوی کوێرێکی رۆناك کردەوە ، بۆ نیازی بەد و گـڵاوی خۆی ئەم کارانە دەکات . لایەنی دۆستیش کە بە قەمچی ئاگر لە پشتی خەلق هەڵـستێنێ بۆ سودی ئەو خەلقـە قەمچی کاری دەکات .

ئەم تێبینیانە دەمگەینێ بە شی کردنەوەی ئـەو ئیشارەیە کە نەختێك لەمەوبەر بە سەریدا تێپەڕیم و بەڵێنم دا کورتەیێکی لـێ بنوسـم .

له خۆ وازی بون ، به خۆدا هه‌ڵگوتن ، له عه‌یبی خۆ بـێ ده‌نگ بون ، ره‌وا دیتنی چاكه بۆ خۆ و هه‌مو خۆ و ره‌فتارێكی ئه‌وتۆیی له لایێكه‌وه ، له لایێكی تریشه‌وه گومان له خه‌لق كردن ، دیتنی عه‌یبی ئاشكرا و نهێنییان ، نه‌سه‌لماندنی مافیـان ، دان نه‌هێنـــان وه‌یا ئینكار كردنی چاكه‌یان ، رق هه‌ڵـگرتن لێیان ... خولاسه سه‌یر كردنیان به پێچه‌وانه‌ی سه‌یری خۆ كردن ، ئا ئه‌م دو خوه له مرۆڤدا دیمه‌نێـكی به‌رچاوه بۆ چاوێـكی عه‌ینه‌كی ره‌نگ الی دراوی به سه‌ره‌وه نه‌بێ .

چ سه‌رپێچی له‌وه‌دا نا كرێ كه ئـه‌م خوه دو لایی‌یه‌ی له خۆ رازی بون و له خه‌لق هه‌ڵسه‌نگرانه‌وه ، له بنه‌ڕه‌تا داهاتی سروشتی مرۆڤن ، به‌ر له مرۆڤ هه‌رچی گـیان له‌به‌ریش هه‌یـه به زودك و ئاژه‌ڵیه‌وه « خۆ ویستن و په‌له‌ی زبان » ی تێـــدا به‌دی ده‌كرێ . سه‌یری منداڵی یه‌ك دو ساڵی بكه ده‌بینی تا بۆی بكرێ شتێك به ده‌ستی منداڵی‌تره‌وه نا هێڵێ ، ته‌نانه‌ت رازی نا بێ برا و خوشكی له خۆ كچكه‌تری مه‌مكی دایكی بمژێ .

به‌ڵێ ، خۆ ویستی و خۆ سه‌پاندن « انانیة و تأكید الذات » له مرۆڤدا هه‌یه وه‌ك گـۆشـــت و خوێن و ده‌مار و مێشـــك ؛ له‌وانه‌یه بوێرم بڵێم هه‌ر ئه‌م لایه‌نه‌ی خۆ په‌رســـتی له مرۆڤدا به پێچه‌وانه ده‌ر ده‌كه‌وێته‌وه و ده‌بێته بێـگانه نه‌ویستی . من ئه‌مه به ڕاست ده‌زانم و له گـه‌ڵ ئه‌مه‌شدا كه حه‌زی لێ ناكه‌م لێی وه‌ته‌نگ نایه‌م چونـكه به‌شێـكی پێـك هێنه‌ری مرۆڤی ئاسایی‌یه . وا ده‌زانم تا

ئێره چی وام نەگوتبێ خوێنەرم لێ نارازی بکا و بە دڵتەنگی بینێ چونکە لەو بابەتە قسەیەی بیستوە و گوێی پێ ڕاهاتوە. بەڵام شتێکی ترم ماوە دەیخەمە سەر قسەکانم وەکە ئاشنا نەبێ لە بەر گوێ و چاوان :.

من دەڵێم سەرەڕای ئەوە کەوا مرۆڤ وەك هەمو گیان لەبەرێك بە هۆی پەلەی ژیانەوە سودو چاکە و خۆشی بۆ خۆی دەوێ و لە گەڵ غەیری خۆی دەجەنگێ ، جارێکی تر سەر لە نوێ باری کۆمەڵایەتی ، کە تایبەتی مرۆڤە ، وای لێ کردوە زیاتر لە گیان لەبەرانی تر هۆی بێگانە نەویستی بۆ پەیدا ببێ ، واتە هەر وەك لە سروشتدا پەلەی ژیان شەڕ بە مروف و گیان لەبەران دەکا بۆ وەدەست هێنانی هۆی ژیان و مانەوە ، کۆمەڵایەتی شەڕێکی تایبەتی بە مرۆڤ دەکا لە گەڵ مرۆڤی هاو جینسی خۆی کە ئەم شەڕە لە نێوان جانەوەرانی تر دانیە و نابێ . ئەم گوتەیە بەبەریەوە هەیە لە کتێبێکی سەر بەخۆدا شی بکرێتەوە ، من لێرەدا هەر ئەوەندەی لە سەر دەڕۆم کە یەکێك لە موناسەبەکانی بابەتێکی ناوەرۆکی ئەم کتێبە هێنایە بەر سوڕی خامە .

کۆمەڵایەتی و گۆڕان و پێش کەوتن و وەستان و دواکەوتنی بە هەمو ناوەرۆکە لە ئەژمار بە دەر و لە یەکتر نەچوەکانیەوە ئادەمی زادی لە بارێکدا داناوە لێی دەوەشێتەوە « بارام » لە هەڵەبجە هەڵوەستێك بوەستێ بە لای خۆی و دراوسێکانیەوە زۆر شیرن بەڵکو پیرۆز بێ ، کەچی بەلای « کریشنا » یێکی هیند و

« جۆرج » ێکی ئەوروپا و « تاناکا » یێکی ژاپۆنەوە سزای ئیعدام کردنی بۆ رەوا بێ . ئەمەی لەم سێ چوار دێڕەدا گوتم شتێك نیە دەمەتەقە هەڵگرێ مەگەر ئەو دەمەتەقەیەی کە بۆ شەڕە دندوکێ و نەسەلماندن بێ . تا لەم کاتەدا ئەگەر خێزانی کارایێکی دێی هێرۆ لە پشدەردا جلکی وەك کیژێکی کۆلێجی ئۆکسفۆردی لەبەر کرد ، بێ گومان دەر حاڵ سەری دەبڕێ ، پیاوێکی فرەنسەییش ئەگەر لێی ئاشکرا بێ سێ ژنی مارە کردوە دادگەی فرەنسە بێ سێ و دوو دیخاتە بەندیخانەوە . پێی ناوێ من نموونان بێنمەوە ، کۆمەلایەتی سەر لەبەری زنجیرەیێکە لەو جۆرە نموونانە .

لەم لێك دانەوەم ، کە ئەگەر مەودا هەبا دەبوا تەواوێك لە شق کردنەوەی خەریك بم ، دەگەم بەم ئەنجامە : مرۆڤ کە خاوەنی کۆمەلایەتییە و کۆمەلایەتیش بە هەموو باریکیەوە لە جێگەیێکەوە بۆ جێگەیێك و لە پلەیێکەوە بۆ پلەیێك و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێك و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێك دەگۆڕێ تا رادەی دژایەتی و پێچەوانەیی ، تا ئەم مرۆڤە زیاد لە هەموو گیان لەبەران هێندە لە یەکتر جودا و بێگانە و دژ و ناحەز و دوشمن دەبێ و هۆی دژایەتی و لە یەکتر بێگانە بوونی هێندە زۆر دەبێ لزوم بە پەلەی ژیان و خۆ ویستی نەهێڵێ ، نەخێر بەر لەوە پەلەی ژیان دەخلێکی هەبێ ، لە یەکتر نەچوون و لە گەڵ یەکتر دژ بوون بە گژ یەکتریندا دێنێ . مرۆڤ کە نەختێك لە مرۆڤەکەی تر دوور کەوتەوە باری کۆمەلایەتی هەردوویان

ئەوەندەیان لە یەکتر دەترازێنێ بۆ یەکتریان دەکا بە گیان لەبەری نامەفهومی نامەعقول : جیاوازی زمان ، دین ، نەریت و عادەت ، جل و بەرگ ، خواردەمەنی ، جۆری نوستن و خاو و ژن هێنان و منداڵ بەخێو کردن بگرە جوت لێ خوڕین و ڕەز بڕین و هەزاران جیاوازی تر وادەکا لە کابرایێکی ئەفغانی کە رازی نەبێ لە هەرچی کابرایێکی هۆلەندەیی دەیکا . بە ڕاستی بێگانە بەلای مرۆڤەوە نامەفهومە کردەوە و ڕەوشتیشی نا جابەزە . کوردێکی شارەزوور لە لایەن فەللاحێکی چینی دەور و بەری پەکینەوە بانگ هێشتن بکرێ لەوانەیە خواردنەکەی بۆ نەخورێ یا ئەگەر خواردی بی هێنێتەوە ، گوێی خۆی بە پەمۆ بئاخنێ نەوەك ئەو ئاوازە ناخۆشانە ببیسێ کە گۆرانی بێژێکی پێشکەوتوی چینی لە شەرەفی ئەو دەیان چڕێ . بێ گومان هەموو مەرحەبا و بەخێر هێنانەکانیشی بەلاوە کاری سەر سوڕ هێنن . ڕەنگە لە ڕەفتاری فەللاحەکە بەرامبەر ماڵ و منداڵی خۆی هەر بە جارێ ناراحەت بێ .

با میسالێکی ترت بۆ بێنمەوە

١٠٠ ساڵ لەمەوبەر فەللاحێکی کورد نانی لەماڵی ئاغا وەیا کوێخای گوند دەخوارد ، بانگ هێشتنیشی دەکردن لە موناسەبەی ژن هێناندا بۆ منداڵەکەی خۆی . چ مانیعێکی نەبو کچی خۆی بدا بەکوڕی ئاغاو کوێخا ، مەمنونیش دەبو ئاغا کچی خۆی بە کوڕەکەی دابا . بەڵام هەمان فەللاحی کورد دەس کوژی فەللاحێکی روسی نە دەخوارد ، بگرە گوشتی لەفەللاحێکی دیان نەدەکری نەك

هەر لەبەر دەس کوژ نەخواردن بەلکو لەبەر ترسی ئەوە کە رەنگە هی بەراز بێت . کە دەسکوژو گوشتی فەللاحێکی روسی نە دەخوارد بشیان کوشتبا کچی خۆی نەدەدا بە کوڕەکەی کچیشی لێ نەدەخواست بۆ کوڕی خۆی .

دیتت نێزیکی وهاوئایینی چەوسێنەرەوەی دەکرد بە ئاشنای چەوسایەوە کەچی لەیەکتر دوری و جوداوازی ئایین دیوارێکی هێند بڵند و مەحکەمی لەمیانی دوو چەوسایەوە هەڵدەنا کەوا نە بزمی و نە کەسی لێ سەرکەوێ .

ئەمە راستی و بەدیهین با من وەبا تۆ وەیا چین پەروەرێک و نیشتمانپەروەرێک حەزیشی لێ نەکا .

جاران کە دەگوترا « دین دوشمن » هەرچی پەیوەندی و لەیەکتر نزیک بوونەوە و دوستایەتی هەیە لە خۆوە دەپچڕاو دەبوە دوشمنایەتی ... سەر و ماڵ و ناموسی « دین دوشمن » بۆ دو دڵی و لێکدانەوە حەڵاڵ بو ، چەندین کەس ناوی جەوانمەردییان دەردەکرد لەرێی کوشتنی « دین دوشمنان » ەوە .

صەد ساڵ لەمەو بەر مرۆڤ بە پیاو کوشتن و دزی کردن و جەردەیی حەیای نەدەچو ، بەڵام دوو فڕی عەرەق خواردبایەوە لە جێگەیێکی وەک چوارتادا ناوی دەزڕا تائەورادەیە کە بێ ئابڕو دەبو .

بێ گومان جوداوازیەکانی کۆمەڵایەتی خەڵقی ئەوەندە لەیەکتر جودا دەکردەوە کە سنوری نەبو . تۆ لەوە بە سەهو مەچو کەوا ئیمڕۆ لە سەر دەمی فڕۆک و گەڕۆک و

رادیۆ و میللەتانی یەك گرتوو و دەیان و صەدان هۆی لە یەکتر نزیك بونەوە و یەکتر ناسین ئەو نامەفهومیە و ناجایەزیە بەرەو کەم بوون چـووە ، بیری خۆت بۆ ئەو سـەر دەمە بگێڕەوە کە پەیڕەوی مـەزهەبێـکی ئایینی وای دەزانی پەیـڕەوی مەزهەبێـکی تر کافری راستەقینەی هەیە . کە سرنج بگری لە رۆژانی ئێستاکەشماندا نموونەی بێ ئەژمار دەبینی و دەبیەی لەو تەرزە دژایەتیەی کە لە سەرچاوەیێکی جیـاوازی کۆمەلایەتی هەڵدەقوڵێ نەك لە جیاوازی بەرژەوەندی مادیەوە . لە شوێنێـکی وەك « قبرس »دا جیاوازی زمان و ئاییـن دانیشتوانی وڵاتەکەی کردەبۆ کردووە بە دوو کەرتی جـوودای لە گەڵ یەکتر دوشمن . نە بەرژەوەندی گشـتی نە هی چینـایەتی نە هی مرۆڤایەتی نە هەرچی هۆی دوسـتایەتی میانی ئادەمی زاد هەیـە توانیوەتی ئەم دوو جوداوازیەی زمان و ئاین کە هیچ کامێکیان مادی نین بوەستێنێ : سەر لەبەری تورکە موسلمانەکانی قبرس لە شـەڕدان لە گەڵ سەر لەبەری یۆنانیە دیانەکانی قبرس بە وەرزێر و عەمـەلە و قوتابی و کاسبکار و رۆشنبیر و چاك و خراپی هەر دولایانەوە .

ئەو بانـگەوازەی کە وا دلێزانە دەنگ هەڵدێنێ و دەڵێ سەر لەبەری ئادەمی زاد وەك یەکن ، هەر چەنـد بانـگەوازێـکی تا بڵێی خۆش و پەسند و بەشەرەفە بەلام داخەکەم لە هەمـوو هەنگاوێك و هەموو لەحزەیێکدا لە عاست حەقیقەتدا کورت دێنێ و لە تەجرەبەی رۆژانەدا چەندین جار هەمو رۆژێك بە درۆ دەخرێتەوە و دوو چاری دڵشکستەیی دەبێت .

من لەو باوەڕەدام خۆ گێل کردن بەرامبەر واقیع هەرچەنـد

لە رواڵەتدا دڵسۆزانەش بۆ ئەنجامێکی خراپی هەیە دژی سوودی تێکڕای ئادەمی زاد . ئێمە دەبێ دان بە راستی و واقیعدا بێنین و دەردەکانمان چارەسەر بکەین لە بەر تیشکی ئەو راستییە ، نەک سافیلکانە خۆمان باوێینە سەر باوەڕی خۆشکەلەی لە سەر زار و زمانان شیرن . من کە لە کولانەی ئەو راستییانەوە سەیری هەڵوەستی ئەو نوسەرانەی ئەوروپا دەکەم کە هەڵوەستەکەیان بە دڵی ئێمە نیە لێم رۆن و ئاشکرا دەبێ کە هۆی لەیەکتر رازی نەبونمان ئەم نامەفهومیەی بێگانەیە نەک دژایەتی و دوشمنایەتی ئاقەست . بۆ گۆڕینی هەڵوەستیشیان بەرامبەرمان دەبێ وا بکەین تێمان بگەن و بەلایانەوە مەفهوم بین . بێ گومان داوا دەکرێ لە مرۆڤی زانا کە وا لە خۆوە لە خەلق بگا بەڵام وا دیارە ئەم تێگەیشتنە هێندە ئاسان نیە وەک بۆ هەوەڵ نیگا دەر دەکەوێ .

پێویستە ئێمەش لەوان بکەین و لێیان شارەزا بین . دەبێ عوزریان لێ بسەلمێنین کە عوزریان هەبێ . ئێمە و ئەوان و هەمو جیهان دەبێ بێینە سەر هەست بە عەیبی خۆ کردن و چاکەی بێگانە دیتن . کە ئەمە نەکەین و ئەو گوتە پەرە سەندوەیە بڵێینەوە کە وا رادەنوێنێ هۆی دژایەتی و ناحەزی و تێکنەگەیشتن لە میانی گەلاندا سوچی دەرەبەگ و خوێنمژ و کۆنە پەرستانە بە مەدا خۆمان بە رایەک خەریک دەکەین لە تەنکاوێکی رۆشنبیری ئەوتۆوە هەڵدەقولێ رەوایە پێی بگوترێ نەخوێندەواری .

پێش ماوەیێک موحەممەد عەلی کلای لە بێروت لەمیانی قسەکانی

که بۆ رۆژنامه نووسێکی دەکرد گوتی هەرگیز لە گەڵ ئافرەتی سپتی جووت نابم ، نەتێم دەگا و نە تێی دەگەم . من رەش و ئەو سپتی رێك ناکەوین .

من دژی بەرد وام بوونی ئەو حـــاڵەم کە پیـــاوێکی رەش گوماناوی دەکا لە ئافرەتی ســـپی ، بەڵام دەزانم « کلای » لەو قسانەیدا دەروونی خۆی روون دەکاتەوە و بەرتیلی لە کۆنەپەرستان وەرنەگرتوە بۆ ئەم گوتانە

کە بمانەوێ دڵی « کلای » پاك کەینەوە بەرامبەر ئافرەتی سپتی نابێ مســـتێکی لەبەری دەمی بدەین و بڵێین نامعقولیت کرد هۆ خزمەتکاری کۆنەپەرست و چەوسێنەرەوان .

کە بێین و بەراوردی چارەسەرکردنی ئەو جوداوازیانە بکەین کە گەلان لەیەکتر دوور دەخاتەوە دەبینین « نووسین » لە هەموو شتێك پتر دەتوانێ خەلق بەیەکتر بناسێنێ و لە یەکتریان حاڵـــی بکا . گەلان ناتوانن گەشتی دوور و بەر دەوام بکەن بۆ تێگەیشتن و لێك راهاتنی یەکتر بەڵام دەتوانن بە خوێندنەوە لەیەکتر بگەن . زۆر حەیف وخابنە ئەم تاکە هۆیەی یەکترناسینی نێوگەلان بە پێچەوانەی مەبەس بەکار بێت و ئەسبابی دژایەتییان پتر بکا .

ئادەمی زاد لە رێی چار کردنی هۆیەکانی تێنەگەیشتنەوە بەرەو برایەتی دەروا نەك ئینکار کردنیان .

* * * * * *

بەشی یەکەم

...رتە مێژوویەکی کوردناسی لەئەڵمانیادا[(١)]

د. جەمال نەبەز[(*)]

کە « کۆڕی زانیاری کورد »[(٢)] رۆی ئەوەی لێ نام وتارێك

---

(١) کە ئەڵێم « ئەڵمانیا » مەبەستم تەنیا ئەو دوو چوارچێوە سیاسی‌یە نیە کە ئەمڕۆ بە ناوی « کۆماری یەکگرتوی ئەڵمانیای رۆژئاوا » و « کۆماری دیموکراتی ئەڵمان » واتا ـ ئەڵمانیای رۆژهەڵات ـ ەوە ناونراون . بەڵکو مەبەستم لەو وڵاتانەی تریشە کە گەلەکانیان بە زمانی ئەڵمانی قسە ئەکەن . واتا لێرەدا باسێکی کوردناسی لە نەمسە و تا ئەندازەیەکیش لە بەشی ئەڵمانیای سویسرەدا ئەکەم .

(*) مامۆستا جەمال نەبەز یەکێکە لە نوسەرە کوردە ناسراوەکان و خاوەنی چەند بەرهەمێکی زانستی و ئەدەبی و کۆمەلایەتییە و ئێستا لە (زانکۆی ئازاد) لە بەرلین مامۆستای ئێتنۆلۆژی گەلانی ئێران و کولتوری کوردە . مامۆستا نەبەز لە سەر داوای کۆڕ ئەم وتارەی بۆ ئامادە کردین .

(٢) کاشکی ئەم ناوە « کۆڕی زانست » بوایە لە جیاتی « کۆڕی زانیاری » . چونکە بە راستی وشەی « زانیاری » (Wissenschaft) نیە ، بەڵکو « معرفة »یە (Kenntnis) . بێجگە لەوەش ئەبوو لە نێوانی وشەی « زانیاری » و « کورد »دا نیشانەی خستنە پاڵ (اداة الاضافــة) کە =

لە بارەی کوردناسییەوە لە ئەڵمانیادا بنووسم، هەڵبژاردنی وشەی «کوردناسی» Kurdenkundeم لە جیاتی «کوردەوانی» Kurdologie [3] بە هەڵبژاردنێکی بەجێ هاتە

= (ی) بە دابنرایە. ئەو حەلە «کۆڕی زانست» یا «کۆڕی زانیاری» بە یەک وتەی دوو وشەیی دائەنراو ئەخرایە پاڵ وشەی «کورد». واتا «ئەم کۆڕی زانستە هی کوردە» یا «سەر بە کوردە». ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە نیشانەی خستنە پاڵ (ی أ یا لا ـ کە لە لاتینیدا یەکەمیان پاش پیتی بێدەنگ دووەمیان پاش پیتی دەنگدار بەکار ئەهێنرێ) لە (هی hi) یەوە هاتووە. واتا کە ئەڵێیت: «کتێبی من» ئەمە لە بنەڕەتەوە: «کتێب هی من» بووە، ئەوجا (ﻫ) کەی لەسەر زمان بە پێی (دەستووری چوونی دەنگ بەرەو سووک بوون و سووان) کە دەستوورێکی زمانەوانییە، لاچووە.

[کۆڕی زانیاری کورد دەمێکە بیری خۆی لەم بارەوە بلاوکردۆتەوە

(بڕوانە: «زانیاری» ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧١، ل ٥٧ ـ ٧١) ـ لیژنەی گۆڤار ـ]

---

(٣) وشەی «کوردەوانی»م لەسەر کێشی «زمانەوانی» و «ئاسەوانی» و «مەلەوانی» داڕشت. هیوام وایە ئەو مەبەستە بگرێتەوە کە لە وشەی «کوردەلەجی» Kurdology ئینگلیزی و «کوردۆلۆگی» Kurdologie ئەڵمانیدا دەست ئەکەوێ. ئەو دەمە وشەی «کوردناسی»مان بۆ ئەمێنێتەوە و ئەتوانین لە جیاتی «التعریف بالاکراد» یا «فن معرفة الاکراد» کە ئەڵمانەکان Kurdenkundeی پێ ئەڵێن بەکار بهێنین. چونکە پێم وایە «کوردناسی» ناسینی کورد ئەگرێتەوە نەک «زانستی لێکۆڵینەوە لە کورد و بەتایبەتی زمانەکەی» کە بە ئینگلیزی «کوردەلەجی»ی پێ ئەڵێن و منیش ناوم ناوە «کوردەوانی» هەروەها «زمانناسی» ناسینی زمان، واتا Sprachkunde ئەگرێتەوە، =

بەرچاو . چونکە « کوردناسی » وتەیەکە مانایەکی فراوانی هەیەو،
هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشان و چالاکی و کاروبارانە ئەگرێتەوە کە

= نەك « زانستی لێکۆڵینەوە لە زمان » کە بە کوردی « زمانەوانی »یەو
بە ئەڵمانی Linguistik ی بۆ ئەڵێن . هەر لێرەدا ئەمەوێ بڵێم کە
« زانستی زمان »یش بەرامبەر وشەی « علم اللغة »ی عەرەبی و
Sprachwissenschaftی ئەڵمانی بەکار ئەهێنم کە جاروبار Philologieیشی
بۆ ئەڵێن ئەمجا بە پێویستی ئەزانم ئەوەش بڵێم کە ئەو وشانەی دائەڕێژرێن
ئەبێ پڕ بە پڕی ئەو مانایانە بن کە بۆیان دانراوە بۆیە ئەوانەی وشە
دائەڕێژن پێویستە زمانەوان بن نەك تەنیا کوردی زان . هەر لەبەر ئەوەشە
کە ئەبینین هەندێ لە کوردی زانەکانمان جاروبار ئەکەونە هەڵەی زۆر
سەختەوە . بۆ وێنە : جارێکیان لە گۆڤارێکی کوردیدا وشەی
« کوردشوناسی » و « زمانشوناسی » و ... هتدم بەرچاو کەوت کە
لەجیاتی « کوردناسی » و « زمان ناسی » و ... هتد بەکار هێنرابون .
بێگومان ئەمانەی ئەم وشانەیان داڕشتووە ، شارەزای زمانی فارسی و
ئێرانەوانی نەبون ، ئەگینا هەستیان بەوە ئەکرد کە « شوناسی » ، ـ کە
بە فارسی شناسی ئەنوسرێ ـ پاشکۆیەکە لە کار (فعل)ی « شناختن »ی
فارسییەوە هاتووە کە بە مانای « ناسین »ی کوردی دێ لەبەر ئەوە
« شناسی » (شناس) کوردی نیە ، بەڵکو فارسییەکی
یەکجار پەتییە . هەر لەبەر ئەمەیە ئەگەر ویستمان وشەی « هویة »ی
عەرەبی بکەینە کوردی ، نابێ بە « شوناسنامە » وەری بگێڕین ،
بەڵکو بە « ناسنامە » . هەندێ جار هەیە کوردی زانەکانمان وشەیەکی
کوردی زۆر رەسەن بە عەرەبی ئەدەنە قەڵەم . بۆ وێنە : کاك محەمەدی
مەلاکەریم جارێکیان نوسیبوی : وشەی « قسە »ی کوردی لە
لە « قصە »ی عەرەبییەوە هاتووە . ئەمە راست نیە . « قسە »ی کوردە=

بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان دراون . سا ئیتر لە ڕوی زمانەوانی و
ئەدەبیاتەوە بوبێ ، یا لە بارەی مێژوو و سیاسەتەوە بوبێ ، یا لە لایەن

== لە وشەیەکی ئێرانی کۆنەوە وەرگیراوە و پەیوەندی « قسە » بە
« قصە »وە ئەمەندەی پەیوەندی « شێکسپیر »ە بە « شێخ زوبێر »ەوە
یا « فەلەستین » بە « فەلەستێن »وە . فەلەستین بۆیە وای پێ ئەڵێن چونکە
گەلێک بەناوێکی نزیک لەم ناوەوە چەند سەدەیەک پێش هاتنە جیهانی مەسیح
لە بەینی سوریا و یافادا ئەژیا ، نەک لەبەر ئەوەی فەلە « گاور »
لەدەست موسوڵمانیان سەندووەتەوە .

هەروەها لە جۆیەکی‌تردا دەمەتەقێیەکی دوورودرێژم بەرچاو کەوت لەسەر
وشەی « تیپ » و « پیت » . ئایا کامیان ڕاسترە ! ئەوانەی
لایەنگیری « تیپ » بوون ئەیان وت : « پیت » ڕاسترە ، چونکە
« تیپ » لە « تیپۆس »ی یۆنانییەوە نزیکە . هەرچی ئەوانی تریش
بوون ، ئەیان وت ئەمە وانیە ، چونکە کورد ناڵێ : « تیپێکی نەخوێندووە »
بەڵکو ئەڵێ : « پیتێکی نەخوێندووە » . ڕاستییەکەی ئەوەیە « تیپ » و
« پیت » هەردوکیان ڕاستن و هەردوو لاش ڕاست ئەکەن . « تیپ »
وشەیەکی کرمانجی سەرووە و « پیت »یش وشەیەکی کرمانجی خوارووە
(واتا سۆرانییە) . کامیان کۆنترە لە باری ئێتیمۆلۆژییەوە ئەوە
باسێکی ترە . بەڵام ئەوە هەیە ئەم وشەیە « جێگۆڕکێی دەنگ »ی
بە سەردا هاتووە ، کە ئەمەش ڕوداوێکە لە هەموو زمانێکدا هەیە و لە
« زمانەوانی »دا « میتاتێز »ی پێ ئەڵێن[1] (کە لە بنەڕەتەوە وشەیەکی
یۆنانییە) ، وێنەی ئەمەش لە هەردوو شێوە گەورەکەی زمانی کوردیدا
هەیە . بۆ وێنە : سۆرانییەکان ئەڵێن : « لە کن من Le kin min »
کەچی کرمانجەکان ئەڵێن : « لنک من Linik min » واتا « نک Nik »و ==

هونەر و کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ بێ ، یا تەنانەت وتاری پڕ لە دەنگوباسی ، درۆ یا راستی ، ناو رۆژنامە بۆ بێ . لە کاتێکدا کە وشەی « کوردەوانی » ، بە زۆری ، بەشێکی تایبەتی ئەو کارە ئەگرێتەوە ، کە ئەوەش « زمانەوانی » یە ، واتا Linguistik(٤) .

وا من لەم وتارەدا سەرنجێکی یەکجار سەرپێیی لە کوردناسی ئەڵمانیا ئەکەم و پێشکەش خوێنەرەوەکانی ئەم گۆڤارەی ئەکەم :

= « کن Kin » هەر یەك شتن ، بەڵام دەنگەکان جێ گۆڕکێیان پێ کراوە . هەروەها وشەی « خز Xiz » ی کرمانجی و « زیخ Zîx » ی سۆرانی . یا وشەی « دوایی Duwayî » سۆرانی و « داوی Dawî » کرمانجی . لەمەش بترازێ هەر لە سۆرانی خۆیدا ئەم جێ گۆڕکێی دەنگە هەیە وەك « دەروێش » لە کوردی سلێمانی و « دەورێش » لە کوردی سنەدا . ئەوجا « تەنیا » ی سلێمانی و « تەینا » ی گەرمیانی . هەروەها وشەی « سەڵوەت ئاوا » ــ کە گوندێکە لە نزیك سنەوە ــ لە « صولت آباد » وە هاتووە ، وەك جۆت وشەی « دەولەت » و « دەڵوەت » لە جیاتی یەکتری بەکار ئەهێنرێن . داخەکەم ئەم شوێنە شوێنی ئەوەنیە کە لەم باسانە بدوێم . ئەگەر هاتو رۆژێك دەستم پەرژا و باسێکم بەتایبەتی لەسەر « زمانەوانی » نووسی ، ئەوا دیارە ئەڵێ باسی لەم بابەتانە روون ئەکەمەوە .

(٤) هەر لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ وشەی « Linguistik » واتا « زمانەوانی » وشەیەکی تریش بەکار ئەهێنرێ کە ئەوەش « Vergleichende Sprachenwissenschaft » ە ؛ واتا « زانستی بەراوردکاری زمانان » کە بە عەرەبی « علم اللغات المقارن » وە یا « فقه اللغات » ی پێ ئەڵێن .

هەرچەندە ناوی کورد لە ناو ئەڵمانەکاندا بە زۆری لەم دە ساڵی دوواییەدا و بەهۆی گۆڕانی باری سیاسی کوردستانەوە کەوتووەتە سـەر زمانی خەڵکی و چووەتە ناو گۆڤار و رۆژنامەکانیانەوە ؛ بەڵام هەوڵدان بۆ ناساندنی کورد بە ئەڵمان مێژوویەکی کۆنی هەیە لەم وڵاتەدا . دوور نیە ئەو « گەشتنامە Reisebuch » ەی کە لە ساڵی ١٤٧٣دا لە لایەن زێڕینگەری (٥) باڤاری‌یـەوە Johann Schiltberger (١٣٩٤ — ١٤٢٧) بڵاوکراوەتەوە ، کۆنترین سـەرچاوەیەکی ئەڵمانی بێ کە ناوی کوردی تێدا هێنراوە .

هەروەها یەکێك لە سەرچاوە هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیا و ئەورووپا کە لە بارەی کورد و وڵاتەکەیەوە ئەدوێن ، راپۆرتێکە بە بۆنەی یەکێك لە جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە لە ژمارە (٣٨) ی گۆڤاری « Tùrchis-Estats - und Kriegs - Bericht » دا لەلایەن Thomas von Wiering ناوێکەوە لە هەمبورگ ، لە مانگی شوباتی ١٦٨٤ دا بڵاو کراوەتەوە .

لە سەدەی هەژدەهەمی فەرەنگیدا چەند سەرچاوەیەکی ئەڵمانیمان بەرچاو ئەکەوێ کە لە بارەی کوردەوە ئەدوێن . یەکێك لەمانە باسی

---

(٥) وشەی « زێڕینگەر » کە خەڵکی موکریان بەکاری ئەهێنن ، بە لای منەوە راستترە لە وشەی « زەرەنگەر » کە خەڵکی سلەیمانی بەکاری ئەهێنن چونکە وشـەی « زێـڕ » کوردی‌یـە ، نەك « زەڕ » . زەڕ (زر) وشەیەکی فارسی‌یە بەرامبەر « زێڕ » ی کوردی .

گەشتێکە کە نیبور Niebuhr ناوێك کردویەتی بۆ وڵاتی عەرەب و ئەو وڵاتانەی دەرودراوسێی وڵاتی عەرەبن. لە بەشی دووەمی ئەو گەشتنامەیەدا کە لە ١٧٦٦ دا دەرچووە، نوسەر باسێکی لەسەر کوردیش نوسیوە(٦). بێرگ Bergh ناوێکیش گەشتێکی کردووە بە کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و ئەنەدۆڵ و عێراقدا و نامیلکەیەکی لەو بارەیەوە نوسیوەتەوە و لە ١٧٩٩دا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم کتێبە گەلێ نیگاری جوانی تێدایە و دوو نەخشەشی لەگەڵە(٧).

لە سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنگیدا ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی بە زمانی ئەڵمانی نوسراومان لەسەر کورد و کوردستان دەست ئەکەوێ. راستییەکەی لەم سەدەیەدا نەك هەر ژمارەیەکی زۆر لە زانا ئەڵمانەکان لە بارەی زمان و ئەدەبیات و مێژووی کوردەوە خەریکی لێکۆڵینەوە بون و بەس، بەڵکو گەلێك لەو ئەڵمانانەی رێیان کەوتووەتە کوردستان، سا ئیتر بە ئیشوکاری تایبەتی خۆیان بوبێ، یا بۆ پشکنینی زانستانە بوبێ، یا بۆ گەشتوگێڵ بوبێ، یا بۆ ئیشوکاری نهێنی و سیاسەتبازی دەوڵەتەکانیان بوبێ، لەسەر کورد و وڵاتەکەی،

---

(٦) Niebuhr : Reisebeschreibung nach Arabien und anderen umliegenden Laender, Teil II (Die Kurden), 1766 .

(٧) Bergh, J. : Anatoljen, Georgien, Armenien, Kurdistan, Irak und Al. Dschesira, 1799 .

کەمو زۆر ، چاك یا خراپ ، نوسینیان بۆ بەجێ هێشتووین .

ئەوەشمان نابێ لە بیربچێتەوە کە چیرۆك نوسی ئەڵمان کارل مای (١٨٤٢ — ١٩١٢) بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی « بەناو کوردستانی کێوی » دا[٨] ناوی کوردو کوردستانی نەك هەر لە ناو ئەڵمانەکاندا ، بەڵکو لە هەمو ئەوروپادا و لە سنورێکی یەکجار فراواندا بڵاوکردەوە . ئێستەش کە بەهەر ئەڵمانێك بڵێیت « کوردم » و نەزانێ کورد چییەو لە بارەی کوردەوە هیچی نەبیستبێ ، ئەگەر هاتو پێت وت : « ئەی کتێبەکەی کارل مایت نەخوێندۆتەوە ؟ » دەستبەجێ ناوی کوردستانی ئەکەوێتەوە بیرو دەست ئەکا بە پێکەنین .

ئەوی راستی بێ ئەم چیرۆکە هەرچەندە لە چیرۆکێکی ئەفسانەوی و باسی دێو و درنج ئەچێ ، چونکە نوسەرەکەی تەواوی ژیانی خۆی بۆ نوسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە تەرخان کردووە ، بێجگە لەوەش خۆی نە لە ناو کورددا ژیاوەو نە کوردستانیشی بە چاو دیوە ، بەڵکو دەنگوباسەکانی تەنیا بە دەمی لە داستان گێڕەوەکانی ئەو سەردەمە بیستووە . لەبەر ئەوە هەندێ لە قسەکانی زیاتر لە قسەی هەڵەقومەڵەق ئەچن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لایەنی باشی رەوشتوخو و جۆری بیرکردنەوەی کوردی پێشان داوە ، وەك

---

(٨) ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی « Durchs Wilde Kurdistan » ە . بەڵام وشەی « wild » ی ئەڵمانی لێرەدا مانای « دڕندەو جانەوەر » نیە ، بەڵکو زیاتر « کێوی و رەمەکی » ئەگرێتەوە . واتا وڵاتێکی خواکرد کە دەستی شارستانێتی نەیگەیشتووەتێ .

میوانداریێتی و هاوڕێیەتی و ئازایەتی و وەفاداریێتی . ئەگەرچی سەلمی لەوەش نەکردۆتەوە کە کورد تێکڕا بە جەردە و ڕێگر بداتە قەڵەم . هەر لەم چیرۆکەدا زۆرداری و نالەباری سولتانەکانی عوسمانلیشی پیشان داوە و دەری خستووە کە کورد زۆ هەڵ ئەخەڵەتێن و بە قسەی خۆش و زمانی لوس تەفرە ئەدرێن . جا ئەوەی ئەم چیرۆکەی زیاتر لە جاران خستە ناو ناوانەوە، ئەوەبو کە شەش حەوت ساڵێك لەمەوبەر کرا بەفلیم و لە سینەماکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا دا پێشان درا . خاوەن سینەماکانی کوردستانیش ئەتوانن ئەم فلیمە بکڕن و لە سینەماکانیاندا پێشانی بدەن . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە فلیمەکە بۆ بە بۆی ئەو چیرۆکە نیە کە لێوەی وەرگیراوە .

هەر لەم سەدەیەدا فۆن هەمەر Von Hammer مێژوونوسی نەمسایی بەناوبانگ و یەکێك لە نوسەرانی مێژوی دەوڵەتی عوسمانلی ، زنجیرەیەك کتێبی لە بارەی مێژوی ئیمپراتۆریێتی عوسمانلیەوە دەرکرد . هەمەر لە دۆ توێی ئەوباسانەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە بەرگی سێیەمی گەشتنامەی گەشتوەری تورك ئەولیا چەلەبی[٩] دا هەیە ، لە ساڵی ١٨١٤ دا باسێکی

---

(٩) مەبەست لە کتێبی « اولیا چلبی سیاحتنامەسی » یە . ئەم کتێبە لە ئەستەموڵ لە ساڵی ١٣١٤–١٣١٨ﻫ واتا لە ١٨٩٦–١٩٠٠ی فەرەنگی ، لە « دە » بەرگدا چاپکراوە .

لەسەر زمانی کوردی و شێوە جۆر جۆرەکانی نوسیوە[10] . جا ئەم باسە ئەگەر لە باری زانستی‌یەوە ئەوەندە گرنگ نەبێ ، ئەوا بێگومان لە باری مێژوویی‌یەوە نرخێکی زۆری هەیە .

نەمسایی‌یەکی کە ناوی Von Klaproth بووە ، هاتووە ژمارەیەکی زۆر وشەی کوردی کۆکردۆتەوە و لەگەڵ وشەی فارسی و زمانە نزیکەکانی تردا بەراوردی کردوون و لەسەر ئەوە وتارێکی لە ١٨٨٨ دا بلاوکردۆتەوە[11] .

لە سەدەی رابوردوودا پەیوەندی سیاسی و بازرگانی دەوڵەتی عوسمانلی بە دەوڵەتی پرۆسیای ئەڵمانەوە زۆر بەهێز بو . هەر لەبەر ئەوە گەلێك ئەفسەری ئەڵمان لەم دەورەدا لە سوپای عوسمانلیدا خزمەتیان کردووە . یەکێك لەوانە هێلموت فۆن مۆلتکە Hellmuth Von Moltke بووە کە لە دوایی‌دا بووە بە فیلد مارشاڵی سوپای ئەڵمان . مۆڵتکە بە هۆی ئەوەوە کە لە لەشکری عوسمانلی‌دا ئەفسەر بووە ، ناچار بووە دژی شۆرشگێرە کوردەکانی ئەو دەمە

---

(10) Von Hammer, Joseph, Freiherr : Über die kurdische Sprache und ihre Mundarten aus dem III. Bande der Reisebeschreibungen Evlia's in "Fundgruben des Orients," Band IV, S. 246 - 247, Wien, 1814.

(11) Von Klaproth, Julius - Heinrich, Kurdisches Woerterverzeichnis mit dem persischen und anderen verwandten Sprachen verglichen, in Fundgruben des Orients Wien 1818, t. VI, S. 349 - 358.

بجەنگێ ، لەو نامانەدا کە مۆڵتکە لە بارەی وەزعی تورکیاوە لە ١٨٣٦ — ١٨٢٩ بۆ ژنەکەی نوسیون[١٢] ، ئەوەی لە بیر نەچووەتەوە کە باسی ئازایەتی و دلێری و سوارچاکێتی و جەنگاوەری کورد بکا . ئەو باسەی کە لەسەر کورد و وڵاتەکەی نوسیویەتی[١٣] بە تەواوی دەری ئەخا کە فیلد مارشاڵ مۆڵتکە تا چ ئەندازەیەك شارەزای رەوشتوخوو و جۆری بیرکردنەوەی کورد بووە و تا چ رادەیەك دڵی بە گەلی کورددا چووە . مۆڵتکە لە یەکێك لە نامەکانی‌دا کە لە تورکیاوە نوسیونی لێوەکرۆژێی لەوە کردووە کە کوردەکان یەك ناگرن و کەسیان پشتی ئەوی تریان ناگرێ. خۆ ئەگەر بێتو یەك بگرن و لە هەرکەس بۆخۆیی دوور بکەونەوە ، ئەوا دوژمن لە بەریاندا خۆی ناگرێ . مۆڵتکە ئەڵێ :

« هەر یەکێ لەم (سەرۆك هۆزانە) تەنیا لەسەر هۆزەکەی خۆی ئەکردەوە . بێهێزی ئەم گەلە لە لەمە دایە . خۆ ئەگەر یەکیان بگرتایە ژێر نەئەکوتن . بەڵام کەسیان نەهاتنە سەر ئەوەی لەسەر ئەوی تریان بکەنەوە . لە کاتێکدا کە رەشید پاشا و حافز پاشا

---

(١٢) Von Moltke, Hellmuth K. B. , Graf Feldmarschall : Briefe über Zustaende und Begebenheiten in der türkei aus den Jahren 1836 - 1839, Berlin, 1841

(١٣) Von Moltke, Hellmuth K.B., Graf Feldmarschall: Das Land und Volk der Kurden, in vermischte Schriften zur orientalischen Frage, Berlin, 1892, Band II, S. 288 - 298.

ناوچەیەکیان لرف ئەدا ، ئەوانی تر بەوە دڵی خۆیان خۆش ئەکرد کە ئاگرە سوورە لە خۆیان دوورە . تا سەرە ئەهاتە سەر ئەوانیش »(١٤) .

لە سەدەی رابوردوودا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتوەرانی ئەوروپایی و ئەمریکایی و لە ناو ئەوانەدا ژمارەیەکی زۆر ئەڵمان رویان کردە کوردستان . ئەم گەشتوەرانە زۆر یا کەم ، چاك یا خراپ ، لە بارەی گەشتەکانی خۆیانەوە شتیان نوسیوە . بۆ وێنە :

Sandrecfhi ناوێك لە نیوەی دووەمی سەدەی رابوردوودا چۆتە مۆسڵ و بە کوردستاندا گەڕاوە هەتا گەیشتووەتە ورمێ و پاش گەڕانەوەی باسێکی ئەم گەشتەی خۆی نوسیوە(١٥) .

گەشتوەرێکی ئەڵمانی کە کە ناوی Blau ە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابوردوودا گەشتێکی بە کوردستانی ئێران و تورکیادا کردووە و لە (١٨٥٨ ـ ١٨٦٢) چەند بەرهەمێکی خۆی بڵاوکردۆتەوە . بلاو نامیلکەیەکی لە بارەی هۆزە کوردەکانی ژوروی رۆژهەلاتی کوردستانەوە نوسیوە(١٦) . هەروەها لە « گۆڤاری کۆمەڵەی

---

(١٤) Von Moltke, Hellmuth K. B., Graf Feldmarschall, Briefe... etc, Ibid, Bd. II, S 295.

(١٥) Sandreczki : Reise nach Mosul und durch Kurdistan nach Urumia, Stuttgart, 1857.

(١٦) Blan, O. : Die Stämme des nordöstlichen Kurdistan, Leipzig, 1858 - 1862.

ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمان « Zdmg »دا دوو وتاری لە بارەی گەشتێکی خۆیەوە نوسیوە کە لە زەریاچـــەی ورمێ وە تا زەریاچەی وان کردویەتی[17]. دیسان لە بارەی ئەو گەشـــتانەوە کە بە ڕۆژهەڵاتدا کردونی وتارێکی لە « گۆڤـــاری جوگرافیـــای گشـــتی »دا بڵاوکردۆتەوە[18].

Strecker ناوێك چووە بـــۆ ناوچەی زێی گەورە و لەویانەوە تـاکوتور بە گەشت گەڕاوە و لەو بارەیەوە کتێبێـکی نوسیوە کە بە زۆری باسی وڵاتی کورد و ڕەوشتوخوی گەلی کوردە[19].

ڤامبـەری Vambery ناوێـکیش چووە بۆ ئێران و لە بارەی ئەم گەشـــتەوە لە ١٨٦٧دا کتێبێـکی دەرکردووە کە باسی کوردیشی گرتووەتەوە[20].

بێـکەر Becher ناوێك دوو وتاری لە بارەی ئـــەو گەشتانەی

---

(17) Blan, O. : Vom Urmia - See nach dem Wan - See, in ZDMG, 1858, XII und 1862, XVII.

(18) Blan, O. : Reisen in Orient, in Zeitschrift für allgemeine Erdkunde, Neue Folge, vol. 10, Berlin, 1861.

(19) Strecker : Notizen Über das Obere - Zab - Ala Gebiet und Routiers von wan nach Kotur, Petermanns Mitteilungen, 1863.

(20) Vambery, H. : Meine Wanderungen und Erlebnisse in Persien, Dest, 1867.

خۆیەوە نووسیوە کە لە بەسرەوە تا میزۆپۆتامیا و مووسڵ و لە مووسڵەوە تا حەلەب بە کاروان بە ناو کوردەکاندا کردوویەتی. بیر و سەرنجی خۆی بەرامبەر ژیانی ئەوسای کورد نیشان داوە[٢١].

Pachstein ناوێك سەفەرێکی کردووە بە کوردستاندا و لەسەر ئەوە کتێبێکی لە ساڵی ١٨٨٣ دا لە بەرلین بڵاوکردۆتەوە[٢٢].

ڤونش Wunsch ناوێکی نەمسەیی گەشتێکی بە کوردستان و ئەرمەنستاندا کردووە و سەرنجی خۆی لە بارەی ئەم دوو وڵات و دووگەلەوە لە دوو کتێبدا بڵاوکردۆتەوە: یەکێکیان بەتایبەتی لەسەر کوردستانە و لە ١٨٨٤ دا دەرچووە[٢٣] و ئەوی تریان لەسەر کوردستان و ئەرمەنستانە و ساڵێك دوای یەکەم دەرچووە[٢٤].

لە دەمە دەمی کۆتایی سەدەی رابوردوودا Belck ناوێك بۆ لێکۆڵینەوە چووەتە کوردستان و چەند وڵاتێکی تری وەك

---

(٢١) Becke r,L.: Reise von Basra durch Mesopotamien nach Mosul, in Globus, XVII, S. 121 - 126, Braunschweig, 1870. Becker, L. Eine Karavanreise von Mosul nach Alepo, in Globus, XXIII, S. 172 - 184, Braunschweig, 1873.

(٢٢) Pachstcein : Reise in Kurdistan, Berlin, 1883.

(٢٣) Wunsch : Reise in Kurdistan, Wien, 1883

(٢٤) Wunsch : Meine Reise in Armenien und Kurdistan, Wien, 1884.

قەفقاس و ئەرمەنستان . پاش گەڕانەوەی دوو وتاری لەسەر ئەو گەشت و لێکۆڵینەوەیەی خۆی نووسیوە [٢٥] .

بورخارد ناوێك چووە بۆ كوردستان و شتێكی لەو بارەیەوە بڵاو كردۆتەوە . پرۆفیسۆری ئیسلامەوانی ئەدوارد سەخاو لە بارەی ئەم گەشتەی بورخاردەوە كۆمەنتارێكی نووسیوە كە لە بەرلین لە ١٨٩٦ دا بڵاو كراوەتەوە [٢٦] .

لە ناو ئەم گەشتنامانەدا كە گەشتوەرە ئەلمانەكان لە سەدەی رابوردوودا نووسیویانە ـ هەروەك گەشتنامەی هەندێ گەشتوەری ئەوروپایی تر ـ چەند نامیلكەیەك ئەبینین كە خاوەنەكانیان بە گیانێكی دوژمنانەوە بڵاویان كردۆتەوە . ئەوانە پێش ئەوەی بچنە كوردستان هەندێ باسی خراپیان لە بارەی كوردەوە بیستووە و كە چوونەتە ئەوێ تەنیا بۆ شتی خراپ گەڕاون . خۆ ئەگەر سەد باشە و میواندارێتی و ڕووی خۆش و دڵپاكییان دیبێ ، كاری تێ نەكردوون و بەسەر ئەو هەموو چاكییەدا بازدیان داوە و بە دوای تەنیا خراپەیەكدا گەڕاون . ئەمجا گوێیان نەداوەتە ئەوەی ئەگەر لە كوردستاندا جاروبار جەردەیەتی و ڕێگری و پیاوخراپییەك بووبێ ، ئەوە گوناهی كورد

---

(٢٥) Belck, M. : Untersuchungen und Reisen in Transkaukasien, Hoch - Armenien und Kurdistan, in Globus, LXII und LXIV., Braunschweig, 1893.

(٢٦) Sachau, Eduard : Über die Reise von Herrn Burchardt nach Kurdistan, Berlin, 1896.

نیە ، بەڵکو گوناهی شێوەی ناقۆڵایتی بەڕێوەبردنی کاروبارە لە لایەن عوسمـــانلی و قاجاری‌یەکانەوە کە ئاغای کوردســـتان بون . ئەوەی شــایانی باسە ئەوەیە کوشتنی پرۆفیسۆرێــکی ئەڵمان کە ناوی Schultz بووە لە ١٨٣٠دا و گوایە لە کاتی خۆی‌دا بۆ پشکنینی زانستانە چووە بۆ کوردستان ، هەروەها لە ناوبردنی جولەکەیەکی زێڕ فرۆش بە دەستی کابرایەکی دەرەبەگی کورد کە کاربەدەستی عوسمانلی بووە[٢٧] یەکجار بیری هەندێ لەو گەشتوەرە ئەوروپایی‌یانەی تێکداوە کە بە دوای بنچینەی کاردا نەگەڕاون ، بەڵـکو هــەر لە خۆیانەوە و بە هــەوەس فەرمانیان داوە بەســـەر کورددا و کوردیان بە پیاوکوژ و جەردە و ڕێگر و خوێن ڕێژ داوەتە قەڵەم . لێرەدا پێویستە ناوی چەند دانەیەك کتێبی لەم بابەتە ببەین :

فاولەر Fowler ناوێك کە گوایە سێ ساڵێك لە ناوچـــەی فارسدا ژیاوە و گەشتێـکی کوردستانیشی کردووە ، دوو بەرگ کتێبی لەسەر ئەم گەشتەی دەرکردووە[٢٨] . بێ سڵ کردنەوە و دڵ لە دڵدان کوردی بە پیاوکوژ و دڵڕەق و خوێـن ڕێژ داوەتە قەڵەم . موریتز

---

(٢٧) Millingen, Major Frederich : the wild life among the Koords, London, 1870, p. 234 vgl. anch Fraser, J. Baillie, ESQ : Travels in Koordistan, Mesopotamien ... etc. vol. 1, London 1840 p. 62

(٢٨) Fowler, s. : Drei Jahre in Persien Reiseabenteuer in Kurdistan, 2 Baende, Aachen, 1842.

ڤاگنەر Moritz Wagner ناوێك گەشتێكی بە كوردستان و ئەرمەنستان و وڵاتی فارسدا كردووە و پاش گەڕانەوەی دوو كتێبی دەركردووە ، یەكێكیان لە بارەی ناوچەی ئارارات و ئەرمەنستانی ژوورووەوەیە (۲۹) و ئەوی تریشیان لە بارەی ناوچەی فارس و وڵاتی كوردەوەیە (۳۰) . ڤاگنەر لە نووسینەكانیدا بەتایبەتی لە بەرگی دووەمدا لەگەڵی لاوە ، بێ‌پەروا ، كوردی بە جەردە و خوێن‌ڕێژ و پیاوكوژ داوەتە قەڵەم . سەرچاوەیەكی تری لەم بابەتە كتێبێكە لە لایەن بارۆن فۆن نۆڵدە Von Nolde ناوێكەوە نووسراوە (۳۱) . بەڵام لام وایە ئەم نۆڵدەیە كوردستانی یا بە باشی نەدیوە و تەنیا لاسەرلایی پێیدا تێپەڕیوە ، یا ئەوەتە شتەكانی لە خەڵكی تر بیستووە و كوردستانی بە چاوی خۆی نەدیوە . ئەمیش گەلێك ناو و ناتۆرەی خراپی بە كوردەوە ناوە . وێنەی ئەم كتێبانە بە زمانە ئەورووپاییەكانی تریش هەن (۳۲) . ڕاستی‌یەكەی ئەوەیە چونكە كورد ئەو دەمە كەسی

---

(۲۹) Wagner, Dr. Moritz : Reise nach dem Ararat und hoch - Armenien, Stuttgart und Tuebingen, 1848.

(۳۰) Wagner, Dr. Moritz : Reise nach Persien und dem Lande der Kurden, Leipzig, 1852.

(۳۱) Von Nolde, Baron Eduard : Reise nach Innerarabien, Kurdistan und Armenien, Braunschweig, 1895.

(۳۲) ـ بۆ وێنە تەماشای ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بكە : ـ

= Millingen, Major Frederich : the wild life among

وای نەبووە بەربەرەکانێی ئەو درۆ و دەلەسانە بکاو تەنیا لایەك کە کوردستانی پێشکەش ئەوروپایی‌یەکان کردبێ هەر عوسمانلی و قاجاری‌یەکان خۆیان بون ، دیارە ئەو داگیرکەرانەی کوردستانیش دەستێکی درێژیان بووە لە چەسپاندنی ئەو تۆمەت و بۆختانانەدا بەسەر گەلی کورددا . بێگومان هەمو ئەوروپایی‌یەك تێگەشتو ئەزانێ ، کە لە هەمو ولاتێکی ئەم سەر زەمینەدا ، دزی و جەردەیی و پیاوکوژی بووە و ئەبێ ، سا ئیتر زۆر یا کەم . تەنانەت لەم ئەلمانیایەدا لە سالی ۱۹۷۲ دا رۆژ نیە چەند کەسێك نەکوژرێ ، یا بانقێك نەبزرێ یا پەلاماری یەکێك نەدرێ ، یا ... ، یا ... هتد . هیچ نەتەوەیەکیش بەوە نابێتە جەردە و پیاوکوژ . ئێمەی کوردیش زۆر چاك ئەزانین ، هەر کاتێ داوای فشە مافێکی خۆمانمان کردبێ ، هەزار ناو و ناتۆرەی سەیر سەیرمان لێ‌نراوە . لەبەر ئەوە ئەوەندە خۆشە بوین ، کە ئەم جۆرە قسانە کارمان تێ‌نەکەن . بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەبێ بێ‌وچان خەریك بین و بیروڕای گشتی جیهان بەرامبەر خۆمان و مەسەلەکەمان بە جارێ رۆشن بکەینەوە . ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەو ئەلمان و ئەوروپایی‌یانەی کە بەزۆری ئەم بەیتو بالۆرانەیان خستۆتە دوای کورد ، یا ناتۆری دەولەتی عوسمانلی ، واتا کاربەدەستی دەولەتی تورك بون . یا کە هاتونەتە کوردستان لە لایەن تورکەکان و قاجاری‌یەکانەوە گوێیان بە خراپی کورد

=the Koords, London 1870. Percy, Earl, M. P. : Highlands of Asiatic Turkey, London 1901

ئاخنراوە. بۆ وێنە : فڵۆن هەمەر — وەك لەمەوپێش ناومان برد — مێژوونوسێکی نەمسایی بووە[٣٣] و یەکێك بووە لە وانەی کە زۆر لە وڵاتی عوسمانلی‌دا ژیاوە و بۆ تورك کاری کردووە. ئەم هەمەرە زنجیرەیەك کتێبی چەنــد هەزار لاپەڕەیی لە بارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمـانلی‌یەوە دەرکردووە. لە نوسینەکانی‌دا گەلێ حوکمی ناڕەوای داوە بەسـەر کورددا. چونکە سەرچاوەی زانیاری‌یەکانی (هەمەر) ئەدەبیاتی تورك و سیاسەتی حکومەتی عوسمانلی بووە[٣٤]. هەروەها فردریك میلینـگنی ئینـگلیز Frederich Millingen کە کورد بـە «خوێن‌خۆر» ئەداتە قەڵەم[٣٥] کاربەدەستێکی دەوڵەتی عوسمانلی بووە.

زانای ڕوس خالفین Халфин لەم بارەیەوە ئەڵێ :

«ژمارەیەکی زۆر لە سـەرچاوە ڕۆژئاواییەکان کە لە بارەی کوردستانی ســەدەی نۆزدەیەمەوە نوسراونەتەوە، کورد بە «دزو جەردە» ناو ئەبەن. ئەم جۆرە ناو ناتۆرانە وە نەبێ لە هەموو کاتێکدا لە ڕاستی‌یەوە نزیك بن[٣٦]».

---

(٣٣) ـ تەماشای ژمارە (١٠)ی ئەم پەراوێزە بکە.

(٣٤) von Hammer, Joseph, Freiherr : Geschichte des Osmanischen Reiches.

(٣٥) Millingen, Frederich : Wild life among the Koords, London, 1870

(٣٦) Халфин Н.А.:"Борьба за Курдистан", Москва, 1963, стр.22.

ئەوەی شایانی باس و دڵخۆشیانە ئەوەیە ئەم باسە نازانستانە و دەستکرد و درۆ و دەلەسانە و ئەم دەنگوباس و هەواڵانەی کە بۆ کورد هەڵبەسترابون لە لایەن هەندێ گەشتوەر و خۆ بە زانا زانەوە، کاری لە زانا راستەقینەکانی ئەڵمانیا نەکرد و هەر لە سەدەی رابوردوَدا هەندێ لە زاناکانی ئەڵمان و ئەوروَپا خۆیان زۆر بە زمان و ئەدەبیات و مێژوَی کوردەوە خەریك کرد. بۆ وێنە:

فردریك فۆن بۆدن شتێت Friedlich Von Bodenstedt لە ساڵی ١٨٤٩دا باسێکی زانستانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی بڵاوکردەوە[٣٧].

لە ساڵی ١٨٥٧ — ١٨٥٨ سێ بەرگ کتێبی زانای بەناوبانگی روَس Peter Lerch کرا بە ئەڵمانی. ئەمانە بریتیبون لە لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی کورد و هۆزە کلدانیەکانی ئێرانەوە[٣٨].

فردریك میوللەر F. Mueller ی نەمسایی سێ بەرهەمی لە بارەی زمانی کوردییەوە پێشکەش کرد. یەکێکیان باسێکە لەسەر

---

(٣٧) Von Bodenstedt, Friedrich Martin : Lieder aus Kurdistan, in Tausend und ein Tag im Orient, Berlin, 1849 - 1850

(٣٨) Lerch, Peter Ivanovitsch : Forschungen uebr die Kurden und Inanisehen Nordchaldaeu, 3 Bände, St. - Petersbonrg, 1857 - 1858 .

فەرهەنگۆکی کوردی و سریانی (٣٩) و ئەوی تریان باسێکە لەسەر شێوەی زازا (٤٠) و ئەوی تریشیان لەسەر شێوەی کرمانجی باکوور (٤١) . باسی یەکەمیان لە ١٨٦٣ دا و هی دووەمیان لە ١٨٦٤ دا و هی سێیەمیان لە ١٨٩٤ دا و هەرسێکیان لە ڤیەننا بلاوکرانەوە .

بارب Barbی نەمسایی ، ئەندامی ئەکادیمی زانستی لە ڤیەننا ، لە ماوەی ١٨٥٨ — ١٨٥٩ چەند راپۆرتێکی زانستانەی لە بارەی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بتلیسی یەوە بلاوکردەوە (٤٢) .

شلێفل Schieafel کە زانایەکی ئێتنۆلۆگ بووە باسێکی لەسەر کوردستان لە بارەی ئێتنۆگرافی یەوە نووسیوەتەوە (٤٣) .

---

(٣٩) Mueller, Friedrich : Kurdisches und Syrsches Woerterzeichniss, Wien, 1863.

(٤٠) Mueller, Friedrich : Zaza-Dialekt der Kurdensmache, Wien, 1864.

(٤١) Mueller, Friedrich : Kurmangi - dialect der Kurdensmache, Wien, 1894.

(٤٢) Barb, H. A. Berichte ueber die Kurdenchronik Tarich el-Akrad von Scheref Nameh, sitzungsbericht d. Wiener Akademie phil - list - kl., x, 1853; xii, 1856, xxviii, 1858; xxx, 1859; xxxii, 1859

(٤٣) Schläfel : Beiträge zur Ethnographie Kurdistans und Mesopotamiens, Petermanns Mitteilungen, 1863 .

پڕۆفیسۆر فەردیناند یوستی F. Justi لە ٢٩ لاپەڕەدا باسێکی لەسەر هەندێك لە دەنگەکانی زمانی کوردیی نوسیوەتەوە(٤٤). ئەم باسە کە لەبەر رۆشنایی بەراورد کردنێکی زمانەوانییانەی کوردیی لەگەڵ زمانە ئێرانی و هیندۆ ئێرانییەکان هێنراوەتە بەرهەم، نەك بۆ کاتی خۆی (واتا ساڵی ١٨٧٣)، بەڵکو تەنانەت بۆ ئەمڕۆش نرخێکی زانستانەی هەیە و هەڵ ئەگرێ وەربگێڕرێتە سەر زمانی کوردیی. هەر ئەم زانایە لەسەر رێزمانی کوردیی نامیلکەیەکی بە ئەڵمانیی نوسیوەتەوە و لە ١٨٨٠دا لە شاری پەتریسبۆرگ چاپی کردووە(٤٥).

هۆتوم شیندلەر Hoetum - Schindler لە بارەی گەنجینەی وشەی کوردییەوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە دوو بەرگ پێشکەش کردووە(٤٦). ئەم زانایە وشەی گەلێ شێوەی کوردیی، بەتایبەتی موکری، کۆکردۆتەوە. هۆتوم لەبەر رۆشنایی ئەو رێزمانەی کە Justi لە ١٨٨٠دا بڵاوی کردۆتەوە(٤٧) هەندێ لایەنی

(٤٤) Justi, Ferdinand : ueber die kurdischen Spiranten, Harburg, 1873.

(٤٥) Justi, Ferdinand : Kurdische Grammatik, Saint. Petersburg, 1880.

(٤٦) Houtum - Schindler : Beiträge zum kurdischen wortschatz, Leipzig, 1884 und 1888 in ZDMG, BD. 38, S. 43 - 116 und BD. 42, S. 73 - 79.

(٤٧) تەماشای ژمارە (٤٥)ی ئەم پەراوێزە بکە.

دەستوری زمانی کوردی ڕۆشنترکردووەتەوە .

زانای سویسرەیی ئەلبەرت سۆسین (١٨٤٤ — ١٨٩٩) کە پرۆفیسوری بەشی ئیسلامەوانی بووە لە زانستگای لایپزیک ، بە هاوبەشی Egen Perin دوو بەرگ کتێبی دەرکرد بە ناوی کەشکۆلی کوردییەوە[٤٨] . لێرەدا گەلێ چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردی بە وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردەوە .

زانای ئەنتروپۆلوجیست Von Luschan باسێکی لەسەر بەڕەیەکی لە مووی قژی ئادەمیزاد دروست کراو لە ١٨٨٨ دا بڵاوکردەوە[٤٩] . هەر ئەم زانایە لە ١٨٩٠ دا باسێکی لەسەر گەلی کورد بە وێنەوە لە گۆڤاری Globus دا نووسی[٥٠] ، هەروەها لە بەرهەمێکی تریدا کە لە بارەی زمان و ڕەگەزەوە نووسیویەتی ، باسی کوردی کردووە[٥١] .

---

(٤٨) Albert Socin und Prym Eugen: Kurdische Sammlungen, 4 Bände, St. - Petersbourg. 1887 - 1890

(٤٩) Luschan, F. von : Zwei mit Meuschenbaaren besetzte Teppiche, in Zeitschrift fuer Ethnologie, Berlin, 1888, Band LVII .

(٥٠) Luschan, F. von : Das Volk der Kurden mit Bildern, in Globus, LVII, Braunschweig, 1890 .

(٥١) Luschan, F. von : Voelker, kassen, sprachen, Berlin, 1922 .

Ceyp لە رۆژنامەی Allgemeiner Zeitung دا وتارێکی لەسەر ئاینی یەزیدی‌یەکان بڵاوکردۆتەوە[٥٢] .

هەروەها بوتیکا Bntypa ناوێکی نەمسایی کتێبێکی لەسەر ناوچەی دەرسیمی کوردستانی تورکیا بڵاوکردووەتەوە[٥٣] .

Von Steinin یش وتارێکی لەســەر کوردەکانی ناوچەی یەریڤان نوسیوە[٥٤] . هەر لەم ماوەیەدا Roediger و Pott چەند وتارێکیان لەســەر « لێکۆڵینــەوە لە کورد و زمانەکەی » لە گۆڤاری رۆژهەڵاتناســەکانی ئەڵمانــدا بڵاوکردەوە[٥٥] . زانای زمانەوانی زۆر بەناوبانــگی ئەڵمــان و ئەورووپا پرۆفیســۆر تیۆدۆر نوێلدەکە Theodor Noeldke (١٨٣٦ — ١٩٣٠) باسێــکی زۆر گرنگی لەسەر پەیوەندی وشەی کاردو Kardu بە کورد Kurd ەوە نوســیوە لە کتێبێکدا کە پێشکەش بــە زانای ئەڵمانی کۆچکردو Kiepert

---

(٥٢) Ceyp, A. J. : Die Jezidies, in Allg. Zeitung, Beilage, 1890 .

(٥٣) Butyka, d. : Das ehemalige wilayet Delsim, wien, 1892.

(٥٤) Von Steinin, P. : Die Kurden des Gouvernements Eriwan, in Globus, Braunschweig, 1896, Band LXX, S. 221 - 226 .

(٥٥) Roediger und Pott : Kurdische Studien, in Zeitschrift fuer Kunde des Morgenlandes, 1. III bis VIII

کراوە ، لە ١٨٩٨دا لە بەرلین بڵاوی کردووەتەوە(٥٦) . ئەفسەرێکی سوپای ئەڵمان لەسەر شاری سلەیمانی (کە سنجەقێکی عوسمانلی بووە) ، هەروەها وڵاتی ئێرانی دراوسێی سلەیمانی ، باسێکی جوگرافیایی و مێژوویی لە باری سەرنجی سوپاییەوە نووسیوەتەوە . ئەم باسە نەخشەیەکی لەگەڵە کە وەزعی شاری سلەیمانی بەتایبەتی لە دەورانی ئاشووری و بابلیەکاندا ئەخاتە بەرچاو(٥٧) . (شترێك Strech) ناوێك وتارێکی لە گۆڤاری « ئاشووروانی » دا بڵاوکردووەتەوە و هەوڵی ئەوەی داوە وڵاتی کوردستان و ئەرمەنستان و رۆژئاوای ئێرانی زەمانی بابل و ئاشوور ، لەبەر رۆشنایی ئەو سەرچاوە بابلی و ئاشوورییانەی کە بە خەتی بزماری نووسراون بخاتە بەرچاو(٥٨) .

---

(٥٦) Noeldke, Theodor : Kardù und Kurden, in Festschrift fuer H. Kiepert, s. 71 - 81, Berlin, 1898.

(٥٧) Billerbeck, A., Oberst A. D. : das Sandschak Suleimania und dessen. persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit, Leipzig, 1898.

(٥٨) Strech M. : Das Gebiet der. heutigen Landschaften Armenien, Kurdistan und Westpersien noch babylonisch - assyrischen Keilschriften, in Zeitschrift fuer assyriologie, XIII, XIV und XV, 1910.

لە ساڵانی دوایی سەدەی رابوردووەوە هەتا ئەگاتە جەنگی جیهانی یەکەم ، چەنـد زانایەکی ناوداری ئەڵمان وەك پرۆفیسۆر ئۆسکارمان و پرۆفیسۆر فۆن لـکۆك و پرۆفیسۆر ئەدوارد سەخاو و پرۆفیسۆر ئاوگوست پێتەرمان و پرۆفیسۆر مارتین هارتمان رۆیان کردە کوردستان . ئەمانە پاش گەڕانەوەیان ، نەك هـەر تەنیا باسی زۆر زانستانە و بەکەڵکیان لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی بڵاوکردەوە ، بەڵکو ژمارەیەك دەستنوسی کوردی و سەر بە کوردیشیان لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆکردەوە و هێنایەوە بۆ ئەڵمانیا . هەندێ لەو دەستنوسانە ئێستا لە کوردستان نەماون ، کەچی لە نامەخانەکانی Belin, Tubingen, Marburgدا چنگ ئەکەون . لەم رووەوە ئەمانە خزمەتێکی باشی کولتوری گەلی کوردیان کردووە . ئێسـتە لەم نامەخانانەدا ٨٩ دەستنووسی کوردی هەن ، کە بەشی زۆریان هۆنراوەی دڵداری و پاڵەوانێتی و ئاینین . تێکستی ئەم نوسراوانە بە شێوەی گۆرانی و کرمانجی و سلێمانین و تەنیا پێنج دانەیان نەبێ کە تێکستەکە هەموی یا بەشێکی بە خەتی ئاشوری نوسراونەتەوە ، ئەوانی کەی گشتی بە خەتی شکستەی فارسی نوسراونەتەوە[٥٩]. جا بۆ

---

(٥٩) دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی ئـەم نوسراوانەی گرتە لای خۆی و کەوتە پشکنینیان و لە ئەنجامدا باسێکی بە زمانی ئەڵمانی لەسـەر نوسـین بە ناوی « دەسـتنوسی کوردی Kurdische Hand Schliften » بەوە ، کە لە سالی ١٩٧٠دا لە شێوەی دوکتۆرنامەیەکدا پێشکەش بە زانستگای هۆمبۆلتی بەرلینی رۆژهەلانی کرد . ئەم نوسراوەی دوکتۆر=

ئەوەی سەر لە خوێنەرەوە تێك نەچێ ، ئەمەوێ بڵێم زوربەی زۆری ئەم نوسراوانە یەکێ لە چەند لاپەڕەیەك تێپەڕ نابێ . هەندێکیشیان تەنیا یەك لاپەڕەن .

= کمال فوئاد بریتیەبە لە باسێکی کورتی (٩٢) دەستنوسی کوردی و سەرەتایەکی کورت لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیەوە . هەروەها کورتە مێژوییەکی ژیانی زۆربەی نوسەر و هونەرە ناسراوەکانی کورد لە کۆنەوە هەتا ئێستا و لە هەمو ناوچەکانی کوردستاندا . ئەم کتێبە لە لایەن Franz Steiner Verlag ەوە لە شاری Wiesbaden لە ١٩٧٠دا لە چاپ دراوە .

ئەم بەرهەمەی کاك کمال کەڵکێکی باشی هەیە بۆ ئەو بێگانانەی ئەیانەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا پەیدا بکەن . بەڵام یەکێك لەو رەخنانەی کە لەم بەرهەمە بگیرێ ، بەلای منەوە ئەوەیە کە نوسەرەکەی « لوڕ » ی بە کورد نەداوەتە قەڵەم . دیارە ئەم بیر و رایە لە سەرتاوە لە نوسکارمانەوە داکوتووە و هەر لەویشەوە گەلێك لە زمانەوان و مێژونوسەکانی ئەوروپا و تەنانەت رۆژهەڵاتیش ، بێ لێکۆڵینەوە و زەحمەت دانە بەوخۆ ، هاتونەتە سەر ئەو باوەڕە کە (لوڕ) کورد نەبن . بەلای منەوە لوڕەکان کوردن و شیوەی لوڕی راستەقینە شێوەیەکی کوردیە . تەنیا ئەوە هەیە تەئسیری زمانی پەهلەوی (واتا فارسی ناوەڕاست) لەسەر زاراوەکانی شێوەی لوڕی زۆرترە وەك لە شیوەکانی تری کوردی ، کە ئەمەش چەند هۆیەکی مێژویی و سیاسی هەیە. و جۆی باسکردنی ئێرە نیە . بێجگە لەوەش ژمارەیەکی گەلێك زیاتر لەوانەی کە لوڕی راستەقینەن بە هەڵە بە (لوڕ) ئەدرێنە قەڵەم . واتا هەندێ هۆزی فارس زمانیش هەر بە لوڕ دائەنرێن . =

ئەدوارد سەخاویش یەکێك بووە لەو زانایانەی باسی زۆر گرنگی لەسەر هەندێ ناوچەی کوردستان نوسیوەتەوە ، بەتایبەتی لە بارەی ناوچەکانی دەجلە و فوراتەوە[٦٠] . هەروەها لێدوانێکی لە بارەی گەشتی بۆرخارت ناوێکەوە بۆ کوردستان بلاوکردۆتەوە[٦١] .

ئۆسکارمان کە لە سالانی ١٩٠١ ـ ١٩٠٣ و لە ١٩٠٦ ـ ١٩٠٧دا بۆ لێکۆلینەوەی زمانەوانی چووە بۆ کوردستان و ولاتی فارس و هەندێ شوێنی تر ، پاش گەڕانەوەی زنجیرەیەك نوسراوی بە ناوی لێکۆلینەوەی کوردی ـ فارسییەوە دەرکردووە[٦٢] . لەم

= ئەمەیە وای لە ئوسکارمان کردووە ، کە شارەزاییەکی تەواوی نەبووە لە شیوەکانی کوردیدا ، سەری لێشیوێ و لە ئەنجامدا سەر لە خەلکی تریش تێك بدا . کانی خۆی لە بەرلین ئەم باسەم بە کورتی لەگەل هاوڕێی خۆشەویستم کاك کەمال فوئاد خۆیدا کرد . هیواشم وایە لە پاشەڕۆژدا ئەگەر دەستم بەرزا بتوانم ئەم باسە باشتر شی بکەمەوە ، چونکە ماوەیەك بە وردی خەریکی لێکولینەوەی شێوەی لوڕی بوم و شێوەی لوڕیم لەگەل چەند تێکستێکی بارتی و پەهلەویدا بەراورد کردووە ـ جەمال

(٦٠) Sachau, Eduard : Am Euphrat und Tigris, Leipzig, 1900.

(٦١) تەماشای ژمارە (٢٦) ی ئەم پەراوێزە بکە .

(٦٢) Mann, Oskar : Kurdisch - Persische Forschungen, Berlin, 1901 - 1907.

زنجیرەیەدا ـ ئەوەندەی پەیوەندی بە کوردناسی‌یەوە هەیێ ـ هەوڵی داوە کە بەپێی زانستی زمانەوانی لە شێوەی موکری و زازا و لوڕی و کرماشانی و کەلهوڕی و کرمانجی ڕۆژهەڵات بکۆڵێتەوە . بۆ ئەم مەبەستە گەلێك چیرۆك و داستانی وەك مەم‌وزین و ناسر و ماڵ‌ماڵ و زەمبیل‌فرۆش و بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بەبە و... هتدی کۆکردووەتەوە و ئەم تێکستانەی بە تیپی عەرەبی و لاتینی و وەرگێڕانی ئەڵمانی‌یەوە بلاوکردۆتەوە. بێگومان ئەم کارە بۆ کاتی خۆی ، واتا هەفتا ساڵێك لەمەوبەر ـ کارێکی یەکجار بەنرخ و بەرز بووە ـ . تەنانەت بۆ ئەمڕۆش کەلکێکی یەکجار گەورەی هەیە ، ئەگەرچی هەندێ لەو کارانە پێداچوونەوە و راستکردنەوەیان پیۆیستە . ئۆسکارمان هەندێ نوسراوی لەپاش بەجێ‌ماوە کە هێشتا چاپ نەکراون . ئەمانە وان لە نامەخانەی زانستگای هومبۆڵت‌دا لە بەرلینی ڕۆژهەڵات.

ئەلبەرت فۆن لکۆیکش هەر لە ساڵی ۱۹۰۱دا لەگەڵ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە کۆنەکان Archiologie چووە بۆ ناوچەی زەنجیرلی لە کوردستانی تورکیا و لەوێ لەلای مامۆستایەکی کورد کە ناوی وێسفە فەندی بووە کوردی خوێندووە و هەر لە زەنجیرلی چەند چیرۆکێکی کوردی لەگەڵ ژمارەیەك پەندی‌پێشینان و قسەی نەستەقی ناوچەی کرمانج و زازا و بابان و هەروەها نۆباری ئەحمەدی خانی و مولد النبی (کە بەلای ئەوەوە هی مەلای باتێ‌یە) کۆکردووەتەوە و لە دیەشـــق ئەم تێکستانەی بە هۆی چەنـــد کوردی زانێکەوە

شق کردووه‌ته‌وه . پاش که‌ڕانه‌وه‌ی ئه‌مانه‌ی به سێ به‌رگ و به پیتی عه‌ره‌بی و لاتینی و ته‌رجه‌مه‌ی ئه‌ڵمانی‌یه‌وه بڵاوکردووه‌ته‌وه . ته‌نانه‌ت تێکسته زازاکانیشی به شێوه‌ی کرمانجی وه‌رگێڕاوه . بێجگه له‌وه‌ش فه‌رهه‌نگێکی بچوکی بۆ ئه‌و وشه کوردی‌یانه دروست کردووه که له تێکسته‌کاندا ناویان هاتووه[٦٣] . مارتین هارتمان (١٨٥١ ـ ١٩١٨)یش باسێکی مێژوویی تۆپۆگرافی زۆر گرنگی له‌سه‌ر «بۆتان» نوسیوه[٦٤] و هه‌روه‌ها دیوانی مه‌لای جزیری بۆ یه‌که‌مین جار به شێوه‌یه‌کی زۆر جوان و نایاب چاپ و بڵاوکردۆته‌وه[٦٥] . بێجگه له‌مه‌ش باسێکی له‌سه‌ر ئه‌ده‌بیاتی کوردی له ١٩٨٨دا[٦٦] و هه‌ر له‌سه‌ر هه‌مان باس له

---

(٦٣) Von Le Coeq, Albert : Kurdische Texte, Berlin, 1903.

(٦٤) Hartmann, Martin : Bohtan, eine topografhisch - historische Studie, in Mitteilungen der Vorderasiatischen Gesellschaft. Berlin, 1896, II, Heft 2, 1897, Heft I.

(٦٥) Hartmann, Martin : Der kurdische Divan des scheich Ahmed von geziret ibin Omar , genannt mela-i giziri , Berlin , 1904 .

(٦٦) Hartmann , Martin ; Zur kurdischen Literatur , in : Wiener Zeitschrift fuer die Kunde des Morgenlandes, wien , 1898 Jahrg. 8 , S 102 - 112 .

١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧ دا[٦٧] نوسیوە لە ناو ئەو راپۆرانەدا کە هارتمان لەسەر رۆژهەلاتی موسولمانی نوسیوە باسێکی زۆری کوردی کردووە[٦٨].

بەلام مارتین هارتمان هەر تەنیا خەریکی بلاوکردنەوەی کولتوری کورد نەبووە ، بەلکو دۆستێکی دلسۆزی گەلی کوردیش بووە . بەجۆرێ لە گەلێ شـــوێندا خۆشەویستی خۆی بەرامبەر ئـــەم گەلە پێشان داوە . تەنانەت لە یەکێك لە نوسراوەکانیدا کە بە تایبەتکاریش لەسەر کورد نەنوسراوە ئەلێ :

« ئەگەر من کورد وەك نەتەوەیەك بدەمە قەلەم کە بە ئاسانی کولتوری ئەوروپایی وەرئەگرێ ، دیارە لام روونە کە ئەو حەلە ئەم بیروڕایە توشی هەندێ بەرهەلست ئەبێ . بەلام لەبەر رۆشنایی ئەو دەنگوباسانەی ئەوانە ئەیگێڕنەوە کە بەم ولاتەدا گەڕاون ، پیاو ئەتوانێ بلێ ، لەژێر پێستی خاوی ئەم گەلەدا جیهانێکی پڕ لە بیری قوول و هەستی نازك شاراوەتەوە . گەلێك بەلگە هەیە کە (ئـــەم کوردانە) زیرەکیەکی خواکردی تێکەل بە زۆ لە شتگەیشتن و بە

(٦٧) Harmann, Martin : zur kurdischen Literatur, in Wiener Zeitschrift fuer die Kunde des Morgenlandes , wien , 1905 Jahrg. 15, S. 322 - 330, auch 1906, Jahrg . 16, S. 35 - 46 . auch 1907, Jahrg . 17 S. 76 - 80 .

(٦٨) Hartmann, Martin : Der islamische Orient , Berichte und Forschungen, 3 Baende, Berlin , 1899 - 1910 .

ستراو بە خۆڕەوشتێکی ڕەپوڕاستی مەردانەیەیان هەیە »[٦٩].

(هوگۆمەکەس) Hugo Makas دوَ بـــەرهەمی زۆر نایابی پێشکەش بە خوێنـــەرەوەکانی زمانی ئەڵمانی کردووە. یەکێکیان لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەیە لە بارەی زمانی کوردییەوە لەبەر ڕۆشنایی شێوەی کوردی دیاربەکر و شێوەی یەزیدییەکان. ئەم بەرهەمە لە ١٩٠٠دا لە شاری (هایدلبەرگ) چاپکراوە[٧٠]. ئەوی تریشیان چەند تێکستێکی کوردییە کە بریتییە لە چیرۆك و داســـتان و پەندی پێشینانی ناوچەی ماردین بە شـــێوەی کرمانجی. ئەمەیان لە لینینگراد لە ١٩٢٦دا چاپکراوە[٧١].

فۆلاند Vollaud ناوێك وتارێکی لەســـەر قســـەو باوەڕی بزوبۆج لە کوردستان و ئەرمەنســـتاندا نوســـیوە و جۆری بیرکردنەوەی ئەم دوَ گەلەی پێشان داوە[٧٢]. فـۆنهاندل ، تیزێتی وتارێکی لە بارەی گەشتێکی خۆیەوە بۆ کوردستان و مێزۆپۆتامیا

---

(٦٩) Hartmann, Martin : Fuenf Vorträge ueber den Islam, Leipig, 1912.

(٧٠) Makas, Hugo : kurdische Studien Heidelberg , 1900

(٧١) Makas, Hugo : kurdische Texte Im Kurmandji Dialekt aus der Gegend von Mardin, Leiningrad, 1926.

(٧٢) Volland : Aberglauben in Armenien und Kurdistan , in Globus, vol. 91 , 1907.

نوسیوه[٧٣]. هەروەها وتارێکی تری لە بارەی جوگرافیای کوردستانەوە نوسیوە[٧٤].

(رودۆلف فرانك) ناوێك نامیلکەیەکی لە بارەی شێخ عادی، سەرگەورەی یەزیدییەکانەوە نوسیوە[٧٥].

ڤالتەر باخمان ناوێکیش نامیلکەیەکی لەسەر مزگەوت و کلێسەکانی کوردستان و ئەرمەنستان بڵاوکردۆتەوە[٧٦].

ماوەیەکی کەم پێش جەنگی جیهانی یەکەم چەند ئەڵمانێك وتاریان لەسەر کوردستان لە باری سەرنجی سوپایی و ستراتیجییەوە نوسیوە. لەمانە گراف ڤێستارپ[٧٧] کە رێگەکانی کوردستان و ئەرمەنستانی

---

(٧٣) Von Handelmazetti, Heinrich Freiherr : Reisebilder aus Mesopotamien und Kurdistan, in Deutsche Rundschau fuer Georgs., wien, 1911, Band XXXIII, S. 401-409.

(٧٤) Von. Handelmazetti, Heinrich, Freiherr : zur Geographie von Kurdistan, in Petermanns Mitteilungen, 1912, Band LVIII, 2. Halbband, S. 133 - 137.

(٧٥) Frank, Rudolph : Scheich Adi, der grosse Heilige der Jezidis, Berlin, 1911.

(٧٦) Bachmann, Walter: Kirchen und Moscheen in Aremnien und Kurdistan, Leipzig, 1913.

(٧٧) Von Westarp, Graf E. J. : Routenaufnahmen in Armenien und Kurdistan, in Petermanns Mitteilungen, 1913, Band LIX, S 297 - 300.

باس کردووه. هەروەها ڤیلهلم باخمان راپۆرتێکی لەسەر ئەو رێگایانە نوسیوه کە ئەکەونە بەینی مۆسل و وانەرە، ئەمەش لەبەر رۆشنایی نەخشەیەك کە بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچەیە کێشراوه (٧٨). ئەم باسە بۆ شەڕی جیهانی یەکەم کەڵکێکی سوپایی زۆری بووه.

هەر لەم ماوەیەدا چەند باسێکی ستراتیجی لە بارەی هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراقەوه لە لایەن ئێڤالد بانزەوه دەرچووه (٧٩). هەر ئەم نوسەرە لە بارەی خەتی شەمەندەفەری بەغدادەوه نامیلکەیەکی دەرهێناوه (٨٠) و لە باری جوگرافیایی و ستراتیجی سوپاییەوه باسێکی کوردستانی کردووه و باسێکی هەندێ لە هۆزە کوردەکانی بە خۆیان و جلوبەرگ و رەوشتوخوویانەوه کردووه. ئەوەشی لەبیر نەچووه ناوی هەندێ لە بزوتنەوه رزگاری خوازیەکانی کورد بهێنێ. ئەم نامیلکەیە سیاسەتی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد و گەلە ژێردەستەکانی تری تورك ئەخاتە بەرچاو.

زانای زمانەوانی بەناوبانگی نەمساو ئەندامی کۆڕی زانستی

---

(٧٨) Bachmann, Wilhelm : Bericht zur Routenkarte von Mosul nach Wau Petermanns Mitteilungen, 1914.

(٧٩) Banse, Ewald : Durch norden Mesopotamiens, Petermanns Mitteilungen, LVII, I, S. 119 und 172, Gotha, I911.

(٨٠) Banse, Ewald : Auf den Spuren den Bagdadbahn, Weimar, 1913.

شاهانه له ڤیەننا، پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر M. Bittner له ساڵی ١٩١٣دا هەر دوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدییەکانی بە کوردی و عەرەبی و وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییانەی یەکجار قووڵی لەسەر نوسیون. ئەم تێکستانە گوایە کاتی خۆی کوردێکی زیرەك و وریا کە بە درۆ خۆی کردووە بە یەزیدی، له یەزیدییەکانی دزیوە و فرۆشتونی بە زمانەوانی عەرەب «ئەب ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی». کەرمەلی ئەم تێکستانەی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری Anthroposدا[81] بڵاوکردبوەوە و بە لێدوانێکەوە بە زمانی فەرەنسی. بیتنەریش له گۆڤاری Anthroposەوە تێکستەکانی وەرگرتووە و گۆڕیونی بە ئەڵمانی و جارێکی تر بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییەوە بڵاوی کردۆتەوە[82]. بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی یەزیدییەکان شەست ساڵێك لەمەوبەر بە زمانێکی کوردی رەوانی جوان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ کولتوری نەتەوەی کورد[83]. هەر

---

(٨١) Anthropos گۆڤارێکی جیهانیە بۆ گەلانناسی و زمانناسی.
وتارەکەی کەرمەلیش بەم جۆرەیە:

Anastase Marie, O. Carm: La de couverte recente des deux Lives sacras des yezidis, Anthropos, t. Vi, Nr.1, Januer - Fevruer 1911, P. 1. 39.

(٨٢) Bittner Maximilian: Die heiligen Buecher der Jeziden oder Teufelsaufbeter (Kurdisch und Arabisch) Wien, 1913

(٨٣) هیوام وایە لە هەلێکی تردا تەواوی تێکستی هەردوو کتێبە پیرۆزەکە بڵاوبکەمەوە بە لێکۆڵینەوەوە (جەمال).

ئەم زانایە بیست ساڵێك لەوەپێش بەرهەمێکی تری خۆی لە بارەی شاری شنۆ و ورمێیەوە بڵاوکردۆتەوە (٨٤).

ئەو بەرهەمانەی لە پێشەوە ناومان بردن رێگەیان خۆش کرد بۆ هەندێ زانای تری ئەڵمان، کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەرهەمی تر لە پێشانگای کوردەوانیدا بخەنە روو (٨٥). یەکێك لەوانە کە زۆر شایستەی ناو بردنە کارل هەدانکە Karl Hadank. هەدانك کەڵکێکی زۆری لەو کەلەپورە وەرگرتوە کە نوسکارمان بەجێی هێشتووە. بێجگە لەوەش دۆستێکی نزیکی مێژوونوس و تێکۆشەری کوڵنەدەری خوالێخۆشبوی کورد، داماو حوزنی موکریانی بووە هەروەها هاوڕێی دوکتۆر کامەران بەدرخان بووە و لە کارەکانیدا کەڵکی لە هەردوکیان وەرگرتووە. لە بەرهەمەکانی هەدانك: پێداچوونەوەیەکی

---

(٨٤) Bittner, Maximilian : die Kurdengan Uschnuye und die Stadt Uramiye wien, 1892.

(٨٥) کە ئەڵێم زانای تری ئەڵمان، مەبەستم لەوەنیە بڵێم زاناکانی ئەوروپا و شوێنانی تری جیهان کەڵکیان لە بەرهەمی ئەڵمانەکان وەرنەگرتووە. ئەمەم وت چونکە باسەکەمان بەتایبەتی لەسەر ناوچەی ئەڵمانەکانە. تەنانەت زانای زمانەوانی بەناوبانگی روسی مار کەڵکی لە زانستی ئەڵمانەکان وەرگرتووە و خۆشی بە زمانی ئەڵمانی وتاری لەسەر بنەچە و رەچەڵەکی گەلانی قەفقاس نوسیوە بۆ (وێنە Marr, N. J : Des Japhetiscbe Kaukasus, Leipzig, 1923. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە زمانەوانی روسی مار لەو باوەڕەدا بووە کە کوردەکان بنەڕەتێکی یافەتییان هەیە.

تەماشای : Nikitine Basil : Les Kurdes Etude socioloq gue et historigue Paris, 1956, pp. 12 - 16

ئەو باسانەیە کە نوسکارمان لەسەر شێوەی زازا نوسیونی[٨٦].

هەروەها باسێکی زانستانەی زۆر ورد لەسەر شێوەی بۆتان و یەزیدی یەکان[٨٧]. ئەمەی دوایی لەبەر رۆشنایی چەند تێکستێک کردووە کە بە یارمەتی بەدرخان نوسیونیەتەوە. هەدانك باسێکی تریشی لەسەر شێوەی گۆران بلاوکردووەتەوە[٨٨].

لێکۆلینەوەی زاناکانی ئەلمان هەر لە بارەی زمانەوانی‌یەوە نەبووە، بەلکو گەلێ لایەنی تریشی گرتووەتەوە. بۆ وێنە:

دو ئەلمان کە ناویان بەرلینەر و بورخارد بووە چونەتە کوردستان و گەلێك کەوچك و چەقۆ و قەلەمبز و خشلی ژنان و شتی تری لە زیو دروست کراویان کۆکردۆتەوە و لەسەر ئەم پیشەسازی‌یەی کوردستان کتێبێکیان دەرکردووە[٨٩]. تیلکە Tilke ناوێك بە بۆنەی لێدوان لە بارەی جلوبەرگی رۆژهەلاتی‌یەوە باسێکی جلوبەرگی کوردیشی کردووە[٩٠].

Hadank, Karl : Mundarten Der zázá, Berlin, 1932 (٨٦)

Hadank, Karl Bóti und Ezádi, Berlin, 1938. (٨٧)

Hadank, Karl : Mundarten der Guran, Berlin, 1930. (٨٨)

Berliner, R. und Borchardt, P. : Silberschmiedearbeiten (٨٩) aus Kurdistan, Berlin, 1922.

Tilke, M. : Orientalische Kostueme in schnitt und (٩٠) Farbe Berlin, 1923.

هێسسه Hesse ناوێـکیش له بارەی مەســەلەی مۆسـڵ و شــەڕەدەتۆکی بەینی عێراق و تورك و ئینـگلیز لەسەر خوارۆی کوردستان ، نامیلـکەیەکی دەرکردووه و دۆز (مەسەلە) ی کوردی لەم بەشەی کوردستانەدا خستۆتە بەرچاو[91] .

ئێرنست کلیپل Ernst Klippel گەشتێـکی بەناو یەزیدیـیەکان و کوردەکانی تردا کردووە و سەرنجی خۆی لەم بارەیەوە بە نامیلـکەیەك پێشان داوە[92] .

زانایەکی ئەڵمان کـە ناوی Koehler بووە هەوڵی داوە لەبەر رۆشـنایی ئەو گەشتنامەیەی کە گەشتوەری تورکی عوسمانلی ئەولیا چەلەبی لە سەدەی ١٧ ی فەرەنـگیدا کردویەتی ، باسێـکی شـاری بتلیسی کورد بکا[93] . کۆیلەر ئەم بەرهەمـەـەی خۆی لە شـێوەی دوکتۆرنامەیەکدا داوە بە زانستگای مۆنیخ

زیك Sick ناوێك لە ســاڵی ١٩٢٩ دا باسێـکی بە بۆنـــەی بزوتنەوەی کوردەوە لە کوردســتانی تورکیادا بە ئەڵمانی نوسیوە و

---

(٩١) Hesse, F : Die Mossulfrage, Berlin, 1925 .

(٩٢) Klippel, Ernst : Unter Druzen, Kurden und Teufelsambetern, Berlin, 1926 .

(٩٣) Koehler , W. : Die Kurdenstadt Bittis, nach dem tuerkischen Reisewerk des Ewlijá Tschelebi, Muenchen 1926 .

داخوازی‌بەکانی کوردی خستۆتە ڕوو (٩٤). Pfitzen mayer ناوێك وتارێکی لە گۆڤاری Erdball ی ئەڵمانیدا لەسەر پەیوەندی و خەباتی کورد و ئەرمەنی نوسیوە (٩٥).

کابرایەك کە ناوی Artasches Abeghian بووە و ڕەنگە ئەرمەنی بوبێ ، لە ساڵی ١٩٣٠دا وتارێکی لە بارەی ژیانی فیکری کوردەوە بە ئەڵمانی نوسیوە و لە گۆڤاری «ڕۆژهەڵات Der Olient» دا بڵاوی کردۆتەوە (٩٦).

دوکتۆر فۆن ڤیزن دۆنك وتارێکی بە ناوی «مەسەلەی کورد» ەوە لە (١٩٣١) دا بڵاوکردۆتەوە (٩٧).

«کۆمەڵەی زانست لە زانستگای گوێتینگن» لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئیمڕۆ کتێبێکی لە ساڵی ١٩٣٩دا لە بارەی شێوەی زمانە ئێرانیەکانەوە دەرکرد لەبەر ڕۆشنایی ئەو کەلەپورە زانستانەیەی لە

---

(٩٤) Sick, J. H. : Karen Jeffe : Im Kampf um ein Volk in vot, Stuttgart, 1929.

(٩٥) Pfitzenmayer, E. W. : Armenier und Kurden in der Erdball, 1931.

(٩٦) Abeghian, Artasches : aus dem Geistesleben der Kurden, in der Orient, 1930.

(٩٧) Von Wesendonck, Dr. Otto, Graf : Das Kurdische Problem in preussische Jahrbuecher. Berlin, 1931, Band ccxxiii, S. 117 - 130.

پرۆفیسۆر F. C. Andreas بەجێی‌مابو[٩٨] . ئەم کتێبە کە بەسەر پەرشتی پرۆفیسۆر Arthur Christensen و هاوکاری Kaj Barr و W. Henning دەرچووە ، باسێکی ٣٨٦ لاپەڕەیی زمانەوانی‌یانەی لە بارەی شێوەی کوردی گەڕوس و سنەیی و کرماشانی و کێلون و ئەبدوَیی تێدایە کە بە راستی هەمو کوردەوانێك پێویستە بیخوێنێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ .

لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا (١٩٤٣) نامیلکەیەکی (٩٦) لاپەڕەیی لە شاری پۆتسدام بە ناوی « لە کوردستانەوە بەرەو ماڵەوە »[٩٩] . لە لایەن ئۆتۆفێرنەر و فۆن هێنتیگەوە دەرچو .

ئەوەی شایانی باسە ، ماوەیەکی کەم پێش شەڕی جیهانی دووەم و لە ماوەی شەڕدا ، ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە نەوتەکەی کوردستان . بۆ ئەمە کەوتە پیلان دانان و لێکۆڵینەوە لە بارەی کورد و وڵاتەکەیانەوە ، بۆ ئەوەی کوردەکان بۆ خۆی راکێشێ و بیانکا بە گژ ئینگلیزەکاندا کە داگیرکەری نەوتەکەی کوردستان

---

(٩٨) Iramische Dialektaufzeichnungen aus dem Nachlass Von F. C. Andreas. zusammen mit Kaj Barr und w. Henning. Bearbeitet und lerausgegeben von Arthur Christensen. Kurdische Dialekte Bearbeitet von Kaj Barr, Berlin, 1939, S. 111-497.

(٩٩) von Hentig, Werner Otto : Heimritt, durch Kurdistan, Potsdam, 1943 ,

بوون . بەجێهێنـــانی ئەم کارە و پەیوەندی بەســـتن بە کوردەوە سپێردرابوو بە ئەفسەرێـکی ئەڵمان کە ناوی گۆتفرید یۆهانیس میوللەر بوو . ئەم میوللەرە لە ســاڵی ١٩٣٧دا نامیلـکەیەکی بە ئەڵمانی بە ناوی « خۆ کوتانە ناو کوردستانی داخراو »ەوە دەرکرد[١٠٠] .

لە ســـاڵی ١٩٥٩یشدا کـتێبێـکی بە ناوی « لە ڕۆژهەڵاتی گڕتێبەربـوودا » بڵاوکردەوە[١٠١] . میوللەر لـەم نووســـراوەی دووەمیـدا بە دوورودرێژی باسی ئەوە ئەگێڕێتەوە کە چۆن چەند ئەفسەرێـکی ئەڵمان لەگەڵ کوردێـکی هەولێری کە ناوی « ڕەمزی » بووە ، بە سـەرۆکایەتی ئەو ، بە فڕۆکەیەکی سوپای ئەڵمان چوونەتە کوردستان و خەریك بوون بە دزییەوە هۆزە کوردەکان ڕێك بخەن و هانیان بدەن دژی ئینـگلیزەکان . ئەوەش باس ئەکا کە چۆن هەموویان لە کوردستانی عێراق گیراون.و فڕێ دراونەتە زینـــدانەوە . ئەم کابرایە لە کتێبی دووەمیـــدا بەم جۆرەی خـوارەوە باسی کورد ئەکات :

« هەر کەسێ لەگەڵ کوردێك ، بەڵام کوردێـکی ڕەسەن ، هەڵسـوکەوت بکا ، ئەو کەسـە کوردی خـۆش ئەوێ و وڵاتەکەیانی خۆش ئەوێ . واتا کوردستانی خۆش ئەوێ . کورد هەموو مرۆڤی

---

(١٠٠) Mueller, Gottfried Johannes : Einbruch ins vurschlossene Kurdistan , Reutlingen, 1937 .

(١٠١) Mueller, Gottfried Johannes : im bremenden Orient, Stuttgart 1959 .

چاو گەش و وتووریان و هێز و وزەیەکی شاراوەی بەکار نەهێنراویان هەیە »[١٠٢] .

جا کە ئێمە باسی ئەو زانایانە ئەکەین کە بەرهەمی زانستانەی بەکەڵکیان هێناوەتە کایەوە ، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە چەند کەسێکی بە ناو زانای ئەڵمان و ئەورووپایی بوون و (ئێستەش هەر هەن) کە شتی زۆر کاڵوکرچ و ناڕاستیان لە بارەی کورد و کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە[١٠٣] . بۆ وێنە پرۆفیسۆرێکی

---

(١٠٢) . Ibid, S. 109

(١٠٣) ـ بۆ وێنە لە کاتێکدا کە داگیرکەرانی کوردستان خەریکی ئەوەن کورد بە گەلێکی سەربەخۆ نەدەنە قەڵەم بەڵکو بە چەند هۆزێکی بۆبنەچە و رەچەڵەك یا بە بەشێك لە گەلی « فارس ! »ی بدەنە قەڵەم ، هەندێ لە بەناو زاناکانی ئەورووپا ئەبینین سنگیان هێناوەتە پێشەوە و دەستیان کردووە بە نووسین و ئەیانەوێ لە سەرێکەوە خۆیان بە زانا بدەنە قەڵەم و لە سەرێکی تریشەوە خزمەتێکی داگیرکەرانی کوردستان بکەن .. یەکێك لە وانەی کە بە دەمودەست خەریکە مێژووی کورد تێك بدا و گومان بە خەڵکی بەیدا بکا لە بارەی بنچینە و بناوانی کوردەوە ، کابرایەکی ئینگلیزە ناوی مەکەنزی یە . ئەم مەکەنزی یە لە وتارێکدا کە گوایە بە ناوی « بنچینەی زمانی کوردی بەوە » «The oligins of Kurdish» لە سانی ١٩٦١دا لە گۆڤاری Tran Sactions of the Fhilological Society for 1961دا نووسیویەتی ئەڵێ : « کوردەکان سەریان لە مێژوو دەرناچێ (واتا نەفامن ـ ج . ن) . ئەبینن مادەکان بۆ سەرو شوێن ماونەتەوە ، ئەمانیش ئەچن خۆیان ئەبەستن=

ئەڵمان کە ناوی Hans F. K. Guenther بووە ، لە نووسراوەکەیدا کە ناوی «رەگەزی باکوور لە ناو هیندۆ جەرمەنەکانی ئاسیادا» یە[١٠٤]، زمانی کوردی زۆر ناشی‌یانە بە «شێوەیەکی فارسی !» داوەتە قەڵەم[١٠٥]. هەروەها دوکتۆر هێرتزفیلد ناوێك لە (١٩١٤) دا چووە بۆ ناوچەی زەردی ئاوا بۆ پشکنینی پاشماوەی ئەو خەتی پەهلەوی‌یەی

= بە مادەکانەوە و ئەڵێن کورد لە بەرەی مادن » . مەکەنزی هەرچەندە زمانی کوردی زۆر کەموکورت و ناتەواو ئەزانێ کەچی سڵ لەوە ناکاتەوە خۆی بخاتە باسێکی وا قووڵەوە کە بە هیچ جۆرێ سەری لێ دەرناچێ . هەرچەندە من وەرامی ئەم قسانەی مەکەنزیم لە کتێبەکەمدا « کوردستان و شۆڕشەکەی » کە بە ئەڵمانی دەرم کردووە داوەتەوە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکا . بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم تەنیا ئێمەی کوردی « نەفام ! » نین کە ئەڵێین مادەکان باپیرە گەورەی ئێمە بوون . زانای زۆر گەورەی وەك مینۆرسکی و دارمستێتەر کوردیان بە نەتەوەی ماد زانیوە ، ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکی تریشەوە مەکەنزی‌یەك کە زمانی کوردی تەنیا لام‌سەرلایی‌یەك ئەزانێ و تەنیا یەك بەڵگەی بە دەستەوە نیە قسەی خۆی پێ ئیسبات بکات ، ئەبێ ئەوە بزانێ ئەم نووسینانەی ئەو لە خزمەتکردنی داگیرکەرانی کوردستان بەولاوە هیچ سوودێکی تری نیە و لەوە زیاتر کە گەلی کورد ئەکاتە دوژمنی خۆی هیچی تری دەس ناکەوێ .

Guenther, Prof . Hans F. K.: Die Nordische Rasse bei den Indogermanen Asiens, 1934 . (١٠٤)

Ibid, S. 142 . (١٠٥)

ساسانی یەکان کە لە گوندی «پەیکولی»دا بەجێماوە(١٠٦). ئەم کابرا سپلەیە هەرچەندە باسی ئەوەش ئەکا کە کوردەکان خۆی و هاوڕێکانی وەک میوانێکی بەڕێز تەماشا کردووە، کەچی ئەڵێ «تەنانەت ئەم میوانداری یە کیان ئازاردانێکی تەواوبو»، چونکە گوایە کوردەکان «دەستیان لە شتومەکەکانی داوە!» ئەمجا ئەڵێ ئەو پەندی پێشینانەی کە ئەڵێ: «ثلاثة في الدنيا من الفساد : الكردي والجريدي والجراد» هاتەدی(١٠٧).

هەندێ قسەی بێ سەر و پێی تریشی کردووە، لە پاداشی میوانداری و چاکەدا. کورد(١٠٨) راستی وتووە: «بۆ بۆرە پیاو خۆت بدەی بە کوشت ئەڵێ بە دەردی خوا مرد». لە پاش

---

(١٠٦) Herzfeld, Dr, Ernst: die Aufnahme des Sasanidischen Denkmals von Paikueli Brelin, 1914.

(١٠٧) Ibid, S. 7.

(١٠٨) بەراستی ئێمە ئەبێ بزانین کێ دۆستمانە و کێ دوژمنمانە و رێ بە کێ ئەدەین بێتە ولاتەکەمانەوە و رێ لە کێ ئەبەستین. هەرکەسێ ناوێکی کوردی هێنا یا دوو وشەی لە بارەی کوردەوە نوسی بەوە نە ئەبێتە زانا و نە ئەشبێتە دۆستی کورد. ئەو ئەوروپایی یانەی خراپە لەگەڵ کورد ئەکەن لە نەزانینەوە پێویستە بیریان رۆشن بکرێتەوە و بخرێنە سەر رێی راست. بەلام ئەوانەی کورد و مەسەلەی کورد باش ئەناسن و سەرەڕای ئەوە خراپەکاری لەگەڵ ئەکەن، پێویستە وەک دوژمن هەلسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ و ئەو کوردانەی یارمەتیشیان ئەدەن بە ناپاک بدرێنە قەلەم.

جەنگی جیهانی دووەمەوە، کوردەواتی ـ مەبەستم لە لێکوڵینەوەی زمانەوانی یە ـ ئەستێرەی کوژایەوە و لەو ماوە دوورودرێژەدا و بگرە تا ئێستەش بە دەگمەن باسێکی کوردەواتی لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە جیاتی ئەوە کەلێك باسی مێژوویی و سیاسی بە ئەڵمانی دەرچووە کە شایانی باسکردن و دڵخۆشین. لێرەدا هەندێك لەو بەرهەمانە باس ئەکەین:

شتیك فیکاندەر کە پرۆفیسۆرێکی سوێدی یە باسێکی بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی جەژنێکەوە نوسیوە کە لە کوردستان ئەکرێ و لە ئاڤێستای زەردەشتدا باس کراوە[109]. رۆژنامەنوسێکی ئیسلەندەیی کە ناوی ئەرلەندر هەرادڵسەنە و لە ١٩٦٣ و ١٩٦٥دا چووە بۆ کوردستان و بە زمانی ئیسلەندی کتێبێکی لە بارەی کوردستانەوە دەرکردووە، هەر ئەم کتێبە بە زمانی ئەڵمانیش لە هامبورگ لە ساڵی ١٩٦٦دا چاپکرا و بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەمجارە بە ناوی «کوردستان... وڵاتێك لە شۆڕشدا»[110]. هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا Hans Henle کتێبێکی

---

(١٠٩) Wikander, Sitg : Ein Fest bei den Kurden und in Avesta, in orientalia Suecana, vol. ix (1960), uppsala, 1961, s. 7 - 10

(١١٠) Haraldsson, Erlendur. : Land im Aufstand...Kurdistan, Hamburg, 1966.

لەسەر « ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دەرکرد »[١١١] و لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بیرو راو سەرنجی خۆی بە شێوەیەکی بابەتانە خستە بەرچاو[١١٢] .

یەکێ لە زاناکانی ئەڵمان کە خۆی بە لێکۆڵینەوەی زانستانەوە لەسەر کولتور و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە خەریك کردووە ، زانایەکی خەڵکی بەرلینە کە ناوی ڤۆلفگانك رودۆڵف (Wolfgang Rudolph)ە .

رودۆڵف پرۆفیسۆری ئێتنۆلۆژیە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین و بۆ ئەم مەبەستە سێ جار چووە بۆ کوردستان ، جاری یەکەم لە پایزی ١٩٥٨دا چووە بۆ کوردستانی تورکیا و (٤) مانگ لەوێ ماوەتەوە . جاری دووەم لە پایزی ١٩٦٢دا چووە بۆ کوردستانی ئێران و (٤) مانگ لەوێ ژیاوە و لە ١٩٦٤ — ١٩٦٥ جارێکی تر بۆ ماوەی ساڵێك چووەتەوە کوردستانی ئێران .

رودۆڵف لە ١٩٥٩دا و پاش گەڕانەوەی لە کوردستانی تورکیا دوو وتاری بە ئەڵمانی نوسیوە ، یەکێکیان لە گۆڤاری زانست و

---

(١١١) Henle, Hans : Der neue nahe Osten, suhrkamp taschenbuch 24, 1972

(١١٢) هەرئەوێ

تەکنیکدا(۱۱۳) و ئەوی تریان لە گۆڤاری Soziologu : دا(۱۱٤) . لە ساڵی ۱۹٦۷دا دوو وتاری لە بارەی کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە ؛ یەکێکیان لە بارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی یەوە لە کوردستانی ئێراندا لە گۆڤاری Soziologusدا(۱۱٥) و ئەوی تریشیان وتارێکە لەسەر هۆزی فەیزوڵلا بەگی بۆکان کە بە هاوکاری کوردێکی ئێرانی کە ناوی حەسەن فەلاحە بڵاوی کردۆتەوە(۱۱٦) . وتاری سێیەمیشیان لـە بارەی کوردەکانی کوردستانی ئێرانەوەیە و لە گۆڤاری « بوستان »دا کە لە نەمسا دەرئەچێ بڵاوی کردۆتەوە(۱۱۷) .

---

(۱۱۳) Rudolph, Wolfgang : Kurdistan : Terra incognita in der Volkskunde, in der Zeitschrift die Umschan in Wissenschaft und Technik, nr. 20, Jahrg. 59, Frankfurt am Main, S 613 - 615

(۱۱٤) Rudolph, Wolfgang, Einige Hypotätische Ausfuehrungen zur Kultur der Kurden in soziologus, Jahrg - 9, Heft 2, Berlin, 1959, S. 150 - 162.

(۱۱٥) Rudolph, Wolfgang, Grundzuege sozialer Organisation bei den westiranischen Kurden, in Soziologus, Jahrg. 17, Heft 1, Berlin, 1967, s. 19 - 39.

(۱۱٦) Rudolph, Wolfgang, Die Feizulläbegi des Hochlandes von Bukán, in Baefflerl Archiv, Band 15, Heft 2, Berlin, 1967, S. 275 - 304.

(۱۱۷) Rudolph, Wolffang, Die Westiranischen Kurden in Bnstan, Oesterreichische Zeitschrift fuer Kultur, Politik und Wirtschaft der islamischen Länder, Wien, Heft 4, 1967. S. 33 - 40

Kaster له کتێبەکەیدا « ئیسلام بەبێ پەچە »[١١٨] باسێکی گەشتەکەی خۆی ئەکا بۆ سلەیمانی و ناوچەکانی کەی کوردستان و گەلی کورد بە گەلێکی ڕوحخۆش و میوانداۆست ئەداتە قەلەم .

ڕۆژنامەنوسێکی ئەلمان کە نـاوی (Karsten Dettmann) ە ، گەشتێکی کردووە بۆ کوردستان و ماوەیەك لە ناو پێشمەرگەکاندا ژیاوە . پاش گەڕانەوەی کتێبێکی بە ئەلمانی بە ناوی « شێر بە لەپێ خـۆت بکرە شێخ عادی نایـەتە هـاواری تۆ » وە[١١٩] بڵاوکردۆتەوە . ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا دەرچووە[١٢٠] پڕە لە وێنەی جوانی کوردستان ، پێشمەرگە دلێرەکانی .

پرۆفیسۆر فۆخلەر هانکە زانای بەناوبانگی ئەلمان لە ساڵی ١٩٦٦دا نەخشـەیەکی کوردستانی لە یەکێك لە باشترین چاپخانەکانی ئەلماندا کە ناوی Jro یە ، بـە ناوی « کوردەکان — گەلێکی بێ دەوڵەت » ەوە لە چاپـدا[١٢١] نەخشەکە کورتە مێژوویەکی کورد و

---

(١١٨) Kaster Islam ohne Schleier, 1963 .

(١١٩) ئەمە پەندێکی پێشینانە کە بە تایبەتی لە ناو کوردە یەزیدیەکاندا باوە . مەبەستی ئەم پەندە ئەوەیە « تۆ پشت بە خۆت ببەستە ، لەتەنگانەدا کەس ناکەوێتە فریات » .

(١٢٠) Dettmann, Karsten : Vertrane der Pranke..., Hamburg, 1966 .

(١٢١) Fochler - Hancke, Prof . G. die Kurden Volk ohne staat, in Die aktvelle JRO - Landkarte, Ausgabe B, Nr. 224, August 1966.

بزۆتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستانی لەگەڵە . ئەم زانایە زۆر زانستانە و بابەتانە لەسەر کورد ئەدوێ . جا هەرچەندە نوسینەکەی کورتە چونکە وەك خۆی ئەڵێ کەمێ سەرچاوە و زانیاری لە بارەی کوردەوە تەگەرەیەکی گەورەیە لە رێی ئەوانەدا کە ئەیانەوێ لەسەر کورد و وڵاتەکەی بنوسن . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسینە کورتە زانیارییەکی باش ئەدا بە خوێنەرەوەی وتارەکە . نوسەر لە بارەی خووڕەوشتی کوردەوە ئەڵێ : « سەرڕاستی و دڵپاکی و ئازایەتی لە سەربازیدا ، لەگەڵ بێفێزی و خۆبەزلنەگرتن ، گرنگترین سروشتی کوردن ، ئەو کوردەی کە هەرچەندە ئاینی ئیسلامی پەسند کردووە کچی سەرەڕای ئەوەش ژن هەر لە کۆنەوە لەناو ئەم گەلەدا ئازادی زیاتر بووە وەك لە گەلەکانی دەرو دراوسێی »(١٢٢)

ئەوەمان نابێ لەبیر بچێ کە رۆژنامەکانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرەش (واتا ئەو وڵاتانەی گەلەکانیان بە ئەڵمانی قسە ئەکەن) ، لەم یازە ساڵی دوایی‌یەدا کەمو زۆر ، لەسەر کوردیان نوسیوە و تەلەفیزیۆن و رادیۆکانیان جاروبار لەسەر کورد و کوردستان فلیمیان پیشان داوە و وتاریان خوێندۆتەوە(١٢٣) . جا ئەگەر لە هەندێ

---

(١٢٢) هەر ئەوێ .

(١٢٣) تەنیا بۆ نمونە وتارێکی رادیۆی کوڵن لە بابەت « تێکۆشانی کورد بۆ ئازادی »یەوە :

von Juterczenka, Manfred : Der Freibeitskampf der=

نائەواوی و کەموکوڕی بگەڕێین ، هەروەها هەندێ دەنگوباسی

ناڕاست و دەستکرد و هەڵبەست بخەینە لاوە ، ئەوا ئەتوانین بڵێین

زوربەی زۆری ئەم هەواڵ و دەنگوباس و نوسینانە راستی بوون و

بەکاری کورد هاتون .

لەو رۆژنامەنوسانەی ئەڵمان و نەمسایی و سویسرەیی کە لەم

دە ساڵی دواییەدا چونە کوردستان و پاش گەڕانەوەیان وتار یان

کتێبیان لەسەر کورد دەرکردووە ناوی چەند کەسێك ئەبەم :

(١٢٤) Richard Anderegs ؛ (١٢٥) Erich Helmensdorfer ؛

(١٢٦) Randolph Braumaunn ؛ (١٢٧) Horst Blunig ؛

= Kurden, in Deutschlandfunk, Köln, 20 - 4. 1967 (20 Seiten).

(١٢٤) Anderegg, Richard, chez les Rebelles Kurdes d. Crals, service de Documentation de Revue Preuves Paris, le 2. Octobre 1962.

(١٢٥) Helmensdorfer, Erich : an der seite der Aufständischen Kurden in Frankfurter Allgemeine Zeitung, 13. Juli 1963.

(١٢٦) Braumann, Randolph : an der Front im wilden Kurd'stan, in, Rheinischer Merkur Köln, 14. 2. 1966 und Endloesung Kurdenfrage, im Rheinischer merkur, Nr. 21, 21 . 5 . 1965 .

(١٢٧) Brunig, Horst : Kurdistan ist nicht mehr wild; ein Volk ohne Staat wuenscht neue Ordnung, in=

؛ (١٢٨) Claude Deffarge و Gordion Troeller
(١٣٠) Peter Leuhefeld, Karl Breyer ؛ (١٢٩) Arnold Roehen

هەروەها رۆژنامەنوسی هۆڵەندی سێڤیو ڤان رۆی ، سەرۆك و دامەزرێنەری کۆمەڵەی جیهانی کوردستان (Kurdistan International Society) لە ئەمستردام ، تا ئێستە بێجگە لە دەرکردنی گۆڤارێك بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (Kurdish Facts) وە ، چەند وتارێکی

=Braunschweiger Presse, 20. Mai 1963. und Aufstand der Kurden, in Die politische Meinung, 8. Jahrg, Heft 89, 1963, S. 79 - 84.

(١٢٨) Troeller, Gordion, und Deffarge, Claude: Durchs blutige Kurdistan, in Stern, Hamburg, 19 und 26. Januar 1964, S. 18 - 29, 28 - 38.

(١٢٩) ئارنۆلد رۆبکن کوڕێکی ئەڵمانە و سەرکردەی کۆمەڵێکە بە ناوی لاوانی هەمبورگەوە . ئارنۆلد و هاوڕێکانی چەند جارێك چوون بۆ کوردستان و گەلێك وێنە و فلیمیان لەسەر کوردستان گرتووە و لێرە لە ئەڵمانیا بە یارمەتی «دیەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا» گەلێك وتاری سینەماییان لەسەر کورد خوێندۆتەوە و لە گەلێ شوێن و دەرفەتدا لەسەر مافەکانی گەلی کوردیان کردۆتەوە .

(١٣٠) Karl Breyer und Peter Leukefeld, Wieviel Minuten bis zum nächsten Krieg in Quick, Jahrg. 17, April 1965.

لەسەر مەسەلەی کورد لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا بڵاوکردۆتەوە.(١٣١)

هەندێ ڕۆژنامەنوسی تر هەن کە نەچونەتە کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ وتاریان لەســەر کورد و کوردستان بڵاوکردۆتەوە. هەرچەندە ناوبردنی ئەمانە هەمویان لە وتارێکی وا کورتــدا جێی نابێتەوە، بەڵام ئەوا ناوی چەند کەسێکیان هەر بۆ نمونە ئەبەین:

(١٣٢) Eva Lorenz ؛ (١٣٣) Wolfgang Hoepker

---

(١٣١) Van Rooy Silvio, E. Kurdenforschung, : Eine Voraussetzung konstruktiver Nahostpolitik, in Zeitschrift fueer politik, Koeln - Zuerich - wien 1962, Heft 2, S 142 - 153 .
Van Rooy, Silvio. E. Europaeische Aspekte des kurdischen Emanzipationskamfes, in Europaeische Begegnung, west-Berlin, August - Septemer, 1962, S. 66-70 Van Rooy silvio, E. : Komunisten und Kurden nach dem Sieg Der Baath-Partei im Irak in Osteuropa, Stuttgar,t Juli August, 1963, S. 5o5 - 508 .

(١٣٢) Lorenz: Eva . Blutig erkaempfter Friede m wilden Kurdistan, in az brien, 22 - 3 1970 .

(١٣٣) Hoepker, Wolfgang : in Christ and Welt, wr. 13.23 Jahrg, stuttgart, 27 . 3 . 1970, S . 7 und in Der Monat, Maerz 1970 .

(١٣٤) Heinz Gastrein ، (١٣٥) Arnold Hottinger

(١٣٦) Franz von Gzulig ، (١٣٧) Rudolph Clinelli

(١٣٨) Harald Vocke ، (١٣٩) Zuergen Beier

(١٤٠) Roland Oertel ، (١٤١) Friedlich Wilhelm Fernan

---

(١٣٤) Gastrein, Heinz : Iraks Kurden sind wieder aktiv, in : Die Presse, Wien, 6. 12. 1971, S. 3.

(١٣٥) Hottinger, Arnold, im neue Zuercher Zeitung, 23 und 8. 5. 1963, 3. 7. 1964, 20 - 10. 1964, 30 - 4. 1965, 21. 4. 1966 und nr. 224, fernausgabe nr. 250, 12. 9. 1971, s. 56.

(١٣٦) von Gaucig, Franz: Kurden in Handelsblatt, Duesseldorf, 5. Mai 1965.

(١٣٧) Chimelli, Rudolph, in Sueddeutsche Zeitung, nr. 166, 15. 7. 1965, nr. 124, 25. 5. 1966 , 25/26. 6. 1966, 15. Juli 1966, S. 4. nr 22, 25. 1. 1968. nr. 174, 20/21. Juli 1968. ur. 24. 28. 1. 1970.

(١٣٨) Vocke, Harald: Islam und Demokratie, in FAZ, NR. 191. D. Abusgabe - 20. 8. 1971.

(١٣٩) Beier Juergen : Kopfjäger in Kurdistan, in Konkret, C 4289. D, Hamburg, 19. Mai 1969.

(١٤٠) Oertel, Roland: Die Flakstellungen sind vorläufig geräumt, in Frankfurter Rundsdan, NR. 178, 5 August 1970.

(١٤١) Fernau, Friedrich - Wilhelm, Die neuen kurdischen Sorgen Ankaras, in Deutsche Zeitung, NR. 162, 16. Juli 1962, S. 5. und Lösnng des kurdischen Knotens in Handelsblatt, NR. 145, 29/30. Juli 1966, S. 2.

(١٤٣) Von Stock housen ، (١٤٢) Geong von Huebbent
وهتد ... (١٤٤) Giselher Wirsing

جا ئێمە کە ئەڵێین رۆژنامەنوسەکانی ئەڵمان لەم دە ساڵەی دوایی‌یەدا چەندسەد وتارێکیان لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە، مانای وا نییە کە گەلی ئەڵمان لە مەسەلەی کورد و کوردستان بە تەواوی گەیشتووە. نەخێر. زۆرکەس هەن ئێستەش کوردستان بە هۆی چیرۆکەکەی کارل مایەوە ئەناسن. واتا هیچیان لە بارەی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردەوە نەبیستووە. ئەمەش سەبارەت بە وەیە ئەو کوردانەی لێرە ئەژین و ئەوانەی دۆستی کوردن، هەتا ئێستە نەیانتوانیوە مەسەلەی کورد لە سنورێکی فراواندا بخەنە بەرچاو. هەر ئەم کەمتەرخەمی‌یەیە رێگەی بۆ دوژمنەکانی کورد خۆش کردووە، ناوی کورد و مەسەلەکەی بە شێوەیەکی خراپ پێشکەش گەلی ئەڵمان و گەلە ئەوروپایی‌یەکان بکەن. چونکە کە دوژمن ترسی لێ‌پرسینەوەی لێ نەنیشت هەرچی‌یەکی لە دەست بێ، لە روی

---

(١٤٢) von Huebbent, Georg, Burgfrieden mit Kurden steht auf dem Spiel in Die Welt, Hamburg, 27. September, 1966.

(١٤٣) von Stockhausen, Hans - Wilfriet, Oel und Mohammed, kurdische Probleme, in Politische Studien, München, Januar, 1960, Heft 117,, S. 44 - 48.

(١٤٤) Wirsing, Giselher : Kassem und die Kurden in Christ und Welt, Stuttgart, 18. 5. 1962.

خراپەکاری‌یەوە ئەیکا و سڵ ناکاتەوە . ئا لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو بوختان و خراپەکاری‌یانەی هەندێ لە ئەڵمانەکان ئەنووسم :

چەند پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس و کاربەدەستێکی ئەڵمان هەن کە ویژدانیان مردووە و لەبەر چەند هۆیەکی زۆر دوور لە زانستەوە بوختان و درۆ و دەلەسەی ناهەموار لە بارەی کوردەوە بڵاو ئەکەنەوە . بۆ وێنە پرۆفیسۆرێکی ئەنترۆپۆلۆژی کە ناوی (Von Bickstedt)ە ، کتێبێکی بە ناوی «تورك و کورد و ئێرانی لە کۆنەوە تا ئێستە» لە ۱۹٦۱دا دەرکردووە[١٤٥] . ئەم کابرایە لە هەر لایەکەوە و بەهەر بۆنەیەکەوە ناوی کوردی هێنابێ توسیویەتی «کوردە جەردەکان» . !!!

کابرایەکی تر ، ڤۆگەڵ Vogel ناوێك کە لە کن خۆی دوکتۆری فیزیکە ، لەگەڵ چەند کەسێکی تر چووە بۆ کوردستانی تورکیا . هەرچەندە میواندارێ کوردیش ئەگێرێتەوە ، بەڵام دیسانەوە لە وتارەکەی‌دا کە لە بارەی ئەو گەشتەوە نووسیویەتی کورد بە جەردە ئەداتە قەڵەم[١٤٦] ، کە سکرتێری گشتی «یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» نامەی بۆ نووسی و لێی پرسی ئایە بە ریشی ئەو رەوایە ئەو درۆیانە بۆ کورد

Von Bickstedt, Egon, Freiherr : Tuerken, Kurden und Iranier seit dem Altertum, Probleme eine Anthroplogischen Reise, Stuttgart, 1961. (١٤٥)

Vogel : Sueddeutsche Zeitung. (١٤٦)

هەڵبەستێ ؟ لە وەرامدا وتی : ببوورن من لـە تورکیا ئەمانەیان بۆ گێڕامەوە ، ئەگینا خۆ من کوردیی نازانم . کاربەدەستانی حکومەت ئەم قسانەیان بۆ کردم . ڕاستە ئـەم کابرایە کوردیی نازانێ ، بەڵام ئایە دوکتۆرێکی فیزیك ئەبێ ئەوەندە گەوج بێ بچێ بە قســەی ئەمو ئەو و لەبەر بوورە بکەوێتە هەڵەکە سەما ؟ (١٤٧) .

کابرایەکی تر کە ناوی Hans Thema یە لە وتارێکدا نوسیویە : « چومە ناو کوردەکانەوە . کوردەکان جەردە و ڕێگرن و هەرچێ کڵێســەی ئـەو ناوە هەیە ڕۆخاندوێانە و ماڵی گاورەکانیان کاول کردووە » (١٤٨) . بەڵام پیـاو لە وتارەکەی نابێتەوە کە هۆی ئەم بوختانە تێ ئەگات . چونکە Thema هەر لــەو وتارەدا مەحێکی زۆری « میواندارێ و نان بدەیێ » ژاندرمەی تورك ئەگێڕێتەوە لە کوردستاندا . ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە دوژمنانی کورد زۆر وەستان لە پڕوپاگەندە کردندا دژێ گەلی کورد . بۆ وێنە لە جێیەکی وەك ئەوروپادا کە وڵاتێ دیانە ، وا دیعایە ئـەکەن کە گوایە کورد موسوڵمانی تەنگەتیلکەن و ئەوە بوو ماوەیەکی زۆر کوردیان بە

(١٤٧) وێنەی ئەو نامانــە وان لە ئارشیفی « بەکیێتی نەتەوەیێ خـوێندکارانی کورد لە ئەوروپـا » دا .

(١٤٨) Thema Hans : Wie Wild ist Kurdistan, in Publik, Nr. 5, Frankfurt, 30 - 1 1970, S. 27.

« ئەرمەنی کوژ » ئەدایــە قەڵەم[149]. ئەمە بۆ ئەوەی پیر و رای

(١٤٩) کورد و ئەرمــەنی کە دوو گەلی دراوســێی یەکن ، بــە درێژایــی مێژوو ، برایانە لە ئەنیشت یەکەوە و لە نــاو یەکتردا ژیاون . تەنانەت باوکی ئەدەبیاتی ئەرمەنی نوێ « ئەبۆ ڤیان » ئەڵێ : « کورد سوارچاک رۆژهەلاتن بە هەموو مانای وشە » . بەلام سیاسەتی داگیرکەرانە و ئیمپریالیستانەی دەوڵەتی عوسمانلی و دەوڵەتی رووسیای قەیسەری کارێکی وای کرد کە ئەم دوو گەلە برایە پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، ناخۆشی بکەوێتە بەینیانەوە و بچن بەگــژ یەکتردا . بــەلام ئەم ناخۆشــی‌یە زۆر درێژەی نەکێشا ، هەرچــەندە بە زیانێکی زۆری هــەر دوو لا تەواو بوو ، ئەوە بوو پاش جەنگی جیهانی یــەکەم کورد و ئەرمــەنی دیسانەوە دەستیان کردەوە ملی یەك و دوژمنانی راستەقینەی خــۆیان ناسی‌یەوە و ، لەم ماوەیەدا گەلێك لە نووسەرانی ئەرمەنی وەك ئارشــاك شەفراستیان و بێجەلە لە ئەرمەنی وەك لازاریفی رووس لە نووســینەکانیدا ئەو راستی‌یەیان خستە بەرچــاو کە کورد لە کوشــتاری ئەرمەنی‌یەکانــدا گوناهی نییــە و ئۆباڵی ئــەو خوێنڕێژی‌یە بــە گەردنــی تــورکە عوسمانلی‌یەکانــە .

لە هــاوینی ســاڵی ١٩٧١دا نووسەری ئــەم وتــارە لە لایــەن یانــەی ئەرمەنی‌یەکانەوە لە بەرلین بانگ کرا بۆ ئەوەی وتارێك لەسەر کوردستان بخوێنێتەوە . ژمارەیەکی زۆر لە برا ئەرمەنی‌یەکانمان و لە ناو ئەوانــەدا هەندێکی خەڵــکی ئەرمەنستانی ســۆڤێتیش ئامادە بوون بێجگە لە ئەڵمان و خەڵــکی تر . وتارەکە کە لە لایەن :

« یەکێتی نەتەوەیــی خوێنــدکارانی کوردەوە لە ئەورووپــا » و « یانــەی ئەرمەنی » یەوە برا بەڕێوە ، لە ئەنجامدا بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورە=

گشتی ئەورووپا لە دژی کورد هان بدەن . چونکە هەر ئەوانە و هاوتای ئەوانەن کە لە ناو موسوڵمانەکاندا جۆرە دیعایەکی تر لە دژی کورد ئەکەن ، ئەوەش ئەوەیە گوایە کورد زەردەشتی و مەجوسی و دوژمنی ئاینی ئیسلامن . لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە نوسەر و بڵاوکەرەوەی ئەم بەیتو باڵۆرانە(١٥٠) ئەوەندە نەزان و نەفامن ؛ ئاینی زەردەشتی بە ئاینێکی ئاگر پەرست ئەدەنە قەڵەم و شۆڕشگێڕانی کەڵە پیاوی کوردی وەك ئەبو موسلیمی خوراسانی و بابەکی خوڕەمی (١٥١) بە ئاگرپەرست و فارس ئەدەنە قەڵەم .

ئەمجا ئەم پڕوپاگانتانە وەنەبێ هەر لە بارەی ئاینەوە بێ ، بەڵکو لە مەیدانی سیاسەتیشدا هەروایە . بۆ وێنە : لە جێگەیەکی وەك ئەڵمانیای رۆژئاوادا ، هەوڵ ئەدرێ کە بزوتنەوەی کوردایەتی بە درۆ و بوختان بە بزوتنەوەیەکی شیوعی‌یانە بدرێتە قەڵەم . هەر لەم

= بۆ برایەتی کورد و ئەرمەنی .

هەموو کوردپەروەرێك پێویستە لەسەری ، رۆژ لە دوای رۆژ برایەتی و هاوکاری کورد و ئەرمەنی و ئاشوری بەهێزتر بکا. چونکە ئەم هاوکاری و برایەتی‌یە بۆ چاکەی هەرسێ لایە . (جەمال).

(١٥٠) بۆ وێنە تەماشای نامیلکەی « ماذا فی شمال العراق »ی ممن العجیلی و نامیلکەی « الشعوبیة عدو العرب الأول » ، بغداد ١٩٧٢ بکە .

(١٥١) لە دەرفەتێکدا وتارێکی لەورە لەسەر شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی نەتەوە پەروەری کورد « بابەکی خوڕەمی » ئەنوسم ـ جەمال .

بارەیەوە لە دەورانی قاسمدا و لە کاتێکدا کە قاسم خۆی شۆڕشی
کوردی بە دەسیسەی ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئەمریکا و ئینگلیز ئەدایە
قەڵەم[١٥٢] ، رۆژنامەی Wehr - Politische Information ی ئەڵمانیای
رۆژئاوا کە لە شاری Koeln دەرئەچێ لە ١٩٦٢/١/٢٦دا نوسی بوی :
« یەکێتی سۆڤیێت پشتگیری پێشمەرگەی کورد ئەکا و بە شەو
فڕۆکەی سۆڤیێتی چەك و تفاقی جەنگی ئەبەن بۆ ناوچەی
کوردستانی عێراق » . کەچی هەر لەو کاتەدا رۆژنامەی
Neues Deutsehland زمانی حاڵی « حیزبی سوسیالیستی یەککرتوی
ئەڵمانیای رۆژهەڵات » لە ١٩٦٢/٦/٧دا نوسی کە گوایە « حکومەتی
ئەڵمانیای رۆژئاوا مەشق بەو کوردە هەڵاتووانە ئەکا کە رایان کردووە
بۆ ئەڵمانیا ، بۆ ئەوەی حکومەتی قاسم بڕوخێنن » . پاش بەستنی
پەیمانی ١١ ی مارتی ١٩٧٠ رۆژنامەنوسێکی ئەڵمانیای رۆژئاوا کە
ناوی Rolf W. Schloss ە و لە ئیسرائیل ئەژی و لەوێوە
پەیامنێری رادیۆی باڤاریایە ، زۆر بێشەرمانە لە وتارێکدا نوسی
بوی کە گوایە « کوردەکان شیوعین و بزوتنەوەکەیان بە پەنجەی

---

(١٥٢) تەماشای رۆژنامەی « الهد الجدید » ژمارە (٤٦٤) ، ساڵی ٣ ،
بەغدا ، ٢ تەموز ١٩٦٢ بکە . هەرهەمان رۆژنامە ، ژمارە (٥٩٠)
بەغدا ، ٢٧ ئاب ١٩٦٢ . هەروەها رۆژنامەی « الثورة » ژمارە ،
٩١٩ ، بەغدا ١٩٦٢/٢/١٤ . هەر هەمان رۆژنامە ، ژمارە (١٠١٤)
بەغدا ١٩٦٢/١٠/٧

سۆڤیێت ئەچێ بەڕێوە و بارزانیش نۆکەرێکی سۆڤیێتە . »(۱۵۳) و گەلێك بوختان و ناماقوڵی و درۆ و دەلەسەی تر کە بە توندو تیژی لە کاتی خۆیدا وەرامم داونەتەوە(۱۵٤) .

چەند رۆژنامەنوسێکی ئەڵمان هەن بەیتو باڵۆرەیەکی تر بۆ کورد لێ ئەدەن . ئەوەش ئەوەیە گوایە « ئیسرائیل و ئێران و کورد بونەتە یەك بەرە لە دژی گەلانی عەرەب » .

ئەم قسەیە بە زۆری لە لایەن کۆنە نازی یەکانەوە ئەکرێ ، کە دۆستی شۆڤێنیستە عەرەبەکانن . ئەگەنا ئەمە لە خۆشەویستی گەلی عەرەب نییە . چونکە ئەو نازی یانە دژی رەگەزی سامین ، سا ئیتر جولەکە بێ یا عەرەب ، ئەوە هەریەکە بەلای ئەوانەوە . دوایی خۆشیان ئەزانن کە بزوتنەوەی کوردایەتی تەنیا لە دژی رەگەزپەرستی و زۆرداری چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی یە و لە دژی هیچ گەلێکی ئەم سەرزەمینە نییە . یەکێك لەو کۆنە نازی یانەی ئەم بوختان و درۆیانە بڵاونەکاتەوە دوکتۆر مێسەر شمیتە کە خاوەنی « کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی نزیك » و گۆڤاری « رۆژهەڵات

---

(۱۵۳) Schloss, Rolf W. Ein Neuer Traum vom Kurdenstaat in Publik, Nr. 12, Frankfurt, 20. 3. 1970, s. 7.

(۱۵٤) تەماشای کتێبی « کوردستان و شۆڕشەکەی » بکە . لاپەڕە : « ۱۰ — ۱٦ » کە بە ئەڵمانی لە لایەن جەمال نەبەزەوە نوسراوەتەوە و لە ۱۹۷۲دا لە چاپ دراوە .

« Orient » ، لە هەمبورگ[١٥٥] . وەرامی ئەویشم هەر داوەتەوە[١٥٦] .

لەگەڵ ئەمەشدا ئەتوانین بە هەمو دڵێکەوە بڵێین کە دوژمنانی گەلی کورد لەناو گەلی ئەڵماندا ژمارەیەکی زۆر کەمن و زوربەی زۆری ئەو ئەڵمانانەی کورد ئەناسن و هەواڵ و باسی کوردیان بیستووە ، نیازیان باش و پاکە بەرامبەر کورد و کوردستان . ئێمەش ئەبێ ئەو هەستە باشە رۆژ بە رۆژ بەهێزتر بکەین .

جا کە لێرەدا ئێمە باسی ئەو هەوڵ و تەقەلایەمان کرد کە زانا ئەڵمانەکان و رۆژنامەنوسەکانیان داویانە بۆ ناساندنی کورد بە گەلی ئەڵمان زمان ، دیارە پێویستە باسێکی کورتی ئەو تێکۆشانەش بکەین کە کوردەکان خۆیان لەم ولاتانەدا داویانە لەم رووەوە :

لام وایە میرزا محەممەد کە ناوی بە « جەواد ئەلقازی » رۆیوە ، یەکەمین کوردێك بووە کە بە زمانی ئەڵمانی وتاری لەسەر کورد نوسیوە . من تا ئێستە بۆم ساغ نەبووەتەوە ئەم کوردە کێ بووە و خەڵکی کوێ بووە ، بەڵام ئەوەم بەلاوە ئاشکرایە کە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ئەڵمانیا بووە و دوو وتاری لەسەر کورد نوسیوە : یەکێکیان لەسەر هۆزی مەنگوڕە و لە

---

(١٥٥) تەماشای گۆڤاری orient ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٦٧ بکە .

(١٥٦) تەماشای کتێبی « کوردستان و شۆڕشەکەی » لاپەڕە (١٩) بکە .

گۆڤاری Clobus دا بڵاوی کردۆتەوە[١٥٧] ، ئەوی تریشیان لەسەر « دەستوور و یاسای کوردەواری‌یە » و لە گۆڤاری « زانستی بەراوردکاری ماف » (علم الحقوق المقارن) بەخشی کردووە[١٥٨] .

پاش ئەو دوکتۆر کامەران بەدرخان دێ کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم هاتووەتە ئەم وڵاتە و لە شاری Leipzig لە ١٩٢٦دا دوکتۆرای یاسای وەرگرتووە . بەدرخان لە ١٩٣٧دا لەگەڵ Herbert Oertel ناوێکی ئەڵمان چیرۆکێکی کوردی بە ناوی « ئەمیری کوردستانەوە » بە ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە[١٥٩] .

تێکۆشانی کوردەکان[١٦٠] بە گشتی لەم دە ساڵی دوایی‌یەدا

---

(١٥٧) Mohammed, Mirza (Djevat al-Kazi) : Der Kurdenstamm Mangur, in Clobus, xcvll.

(١٥٨) Mohammed, Mirza (Djevat al - Kazi) : Studien aus dem Rechtsleben in Kurdistan in der Zeitschrift fuer vergleichende Rechtswissenschaft, Band 22, 1909,

(١٥٩) Bedir Kıan, Prince Kamuran Aali und Oertel, Herbert : Der Adler von Kurdistan, Potsdamm, Ludwig Vosgenreiter Verlag, 1937.

(١٦٠) کە ئەڵێم کوردەکان تەنیا مەبەستم لەوانەیە کە ئیشیان کردووە بۆ کورد و بە پێویستی سەرشانی خۆیانی ئەزانن و لە کاتی دڵەوە بۆ فیداکارێتی لەم پێناوەدا ئامادەن . مەبەستم لەوانە نییە کە ئەڵەر بێتو فشە کوردایەتی‌یەك بکەن تەنیا لەبەر ئەوەیە چونکە « شەڕ لە بەتاڵی باشترە » . جەمال.

لەچاو جاراندا یەکجار زۆر بووە . یەکەم لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لــەم ساڵانەی دوایی‌دا هاتنــە دەرەوە بۆ خوێندن لە ئەوروپا و بەتایبەتی لە ئەڵمانیا . دووەم : شۆڕشی کوردستان پاڵی بە گەلێك کوردەوە نا کە مەسـەلەی سیاسی گەلەکەیان لە بێگانە بگەیەنن . بەشێکی گەورەی ئەم کارە کەوتبووە سەر شانی ئـەو خوێندکارانەی هاتبوون بۆ ئەم وڵاتە بۆ خوێندن . ئەم خوێندکارانە ناو بە ناو ، چاك یا خراپ ، زۆر یا کەم ، بەیاننامەیان لەسەر مەسـەلەی کورد و وڵاتەکەی ، لە ئەڵمانیا ، وەك شوێنەکانی تری ئـەوروپا دەرکردووە و بەشێوەیانەتەوە . تەنانەت « کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا » دوو سێ ژمارەی لە گۆڤارەکەی کە ناوی « کوردستان » بوو بــە ئینگلیزی دەرئەچوو ، بە ئەڵمانی دەرکرد . هەر لکی کۆمەڵە لــە ئەڵمانیای رۆژئاوا و لە شاری هایدلبەرگ گۆڤارێکی بە ئەڵمانی بە ناوی « شـۆڕشا کورد » (Die Kurdiche Revuolution) دەرکرد . یەکەمین ژمارەی لە ١٩٧١ و دووەمین ژمارەی لە ١٩٧٢دا دەرچوو . ئیتر دەرنەچوو . لکی کۆمەڵە لە نەمسا نامیلکەیەکی چەند لاپەڕەیی بەناوی « کورد ــ گەلێکی بێ دەوڵەت » لـە (٢٠) لاپەڕەیەکی بچووکدا و بە یارمەتی دوکتۆر Erich Koerner سکرتێری گشتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە نەمسە دەرکرد[١٦١] .

---

(١٦١) Die Kurden, Volk ohne Staat, Publikation der Ksse in Oesterreich, 1972

تاکە تاکەی کوردیش لە نەمســـا و ئەڵمانیا و ســـویسرە ، پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکانی ئەم شـوێنانە پەیدا کردووە و باسی کوردیان تێگەیاندوون . کوردێکی خەڵـکی هەڵەبجە کە ناوی (عەبدوڵلا قادر)ە و نزیکەی (٣٠) ساڵێك ئەبێ لە ئەڵمانیا ئەژی ، بە هۆی ئەوەوە کە ئیشەکەی بە ڕەسمی وتار خوێندنەوەیە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە ، لەگەڵ ناوچەی ئەڵمانیا و نەمسا و ئەو وڵاتانەی تردا کە بە ئەڵمانی ئەدوێن ، وتاری بە وێنەی سینەمایی‌یەوە لەسەر کورد خوێندۆتەوە هەندێ لە ڕۆژنامەکانی ئەو شوێنانە باسیان کردووە .

ئەم کوردە زیرەك و کوڵۆڵە ، ئێستە نەخۆشی‌یەکی زۆر قورسی گرتووە و لە شاری (مۆنیخ) بێکەس و بێدەر لێی کەوتووە .

لە ساڵی ١٩٦٣دا حیلمی عەباس کە کوردێکی خەڵـکی ئەڵمانیایە و لە باوکێکی کورد و دایکێکی ئەڵمان لە ١٩٢٢دا هاتووەتە جیهانەوە ، کتێبێکی بە ناوی « کۆمەڵـــە هۆنراوەیەکی کوردی : دڵداری و پاڵەوانێتی »یەوە بە ئەڵمانی دەرکرد(١٦٢) . هەر ئەم کوردە ئەمساڵ چەند نیگارێکی لـــە بەرهەمی خۆی بە لێدوانێکەوە بـــە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە . لەمەدا ئەڵێ ئەمانەم بە یادی کوردستانەوە بەرهەم هێناوە.

دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی لـــە بەرلینی ڕۆژهەڵات

Abbas, Hilmi : Alt kurdische Kampf - und Liebeslieder, (١٦٢) München, 1963.

ئەبخوێند وتارێکی لەسەر ئەدەبی فولکلۆری کورد لە ساڵی ۱۹٦٥دا لە گۆڤاری زانستگای هومبوڵتدا بڵاوکردەوە.[۱٦۳]

کوردێکی خەڵکی کوردستانی تورکیا کە ناوی حەمە رەش رەشۆیە (حەمدی تورانلی)، چەند پارچە هۆنراوەیەکی خۆی کە بە کوردی و بەشـێوەی کرمانجی ژوورو هەڵی بەستبون، کردنی بە ئەڵمانی و لە لایەن کۆمەڵەی جیهانی کوردستانەوە لە ئەمستردام لە ســاڵی ۱۹٦۷دا بە ناوی «باکور Norduind»ەوە لە شـێوەی نامیلکەیەکدا بە ئەڵمانی و کوردی و لاتینی بڵاوکرایەوە[۱٦٤] ئەمە بێجگە لەوەی ئەم کوڕە گۆڤارێکی بـە کوردی کرمانجی باکور و تیپی لاتینی بە ناوی «چیا ـ Giya»وە لە بەرلین دەرکردووە.

هەروەها ۳ ژمارەی لە گۆڤارێکی تر بە ناوی Hêviya welêt لە مۆنیخ دەرکردووە.

ئەوەی شایانی باسە، لق و داموو دەزگای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە ئەوروپا، هەریەکە بەپێی دەسەڵاتی خۆی لە ئەڵمانیا،

---

(۱٦۳) Fuad, Kamal : Kurdische Folklore in literarischer Überlieferung, in Güng, die Wissenschaft Zeitschrift der Humboldt - Uni Brl. Ges - Sprachwiss. R-XIV., 1965, S. 615.

(۱٦٤) Reso, Hemres : Bakur (Nordwind), International Society Kurdistan, Amsterdam, 1967,

وەك شوێنەکانی تری ئەوروپا ، بەیاننامەی بە ئەڵمانی و زمانەکانی تر بڵاوکردۆتەوە .

لە ٢١ ی مارتی ١٩٦٥دا « یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا » لە لایەن نوسەری ئەم وتارەوە و بەپشتگیری و هاوکاری پێشمەرگەی جوانەمەرگ و شەهیدی کوردستان لەتیف عەلی و ئەندازیاری خاوەن دیپلۆم ب . ئیبراهیم لە شاری مۆنیخ دامەزرا[١٦٥] .

یەکێتی کە لە ئەوروپا ناوی بە Nukse (نوکسە) دەرکردووە ، هەر لە سەرەتاوە پێڕەوێکی کارکردنی بۆ خۆی دەستنیشان کرد ، بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئەوە ئامانجی کوردناسینی خۆی ، چ لە بارەی زمان و ئەدەبیاتەوە و چ لە بارەی سیاسەتەوە ، بهێنێتە دی . نوکسە لەم روەوە تا ئێستە ئەم خزمەتانەی خوارەوەی پێك هێناوە :

١— وتار خوێندنەوە بە زمانی ئەڵمانی لەسەر کورد و کوردستان بە وێنەی سینەمایی‌یەوە و دەمەتەقێ کردن لەگەڵ گوێگرانی بێگانە لەسەر مەسەلەی کورد . تا ئێستە هەزاران وتاری لەم بابەتە لە هەمو شوێنێکی ئەڵمانیادا ، لە لایەن هاوبیرانی نوکسەوە خوێندراونەتەوە .

---

(١٦٥) ناوی یەکێتی . بە ئینگلیزی :

.(National - Union of the kurdish students in Europe)

وکورتە ناوەکەی : NUKSE بە .

٢ــ دەرکردنی رۆژنامەیەك بە زمانی ئەڵمانی بە ناوی «دەنگو باسی کوردستان Kurdistun Iufolmation »ەوە ، بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی راستەقینە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی گەلی کورد و ئەمجا بەشێنەوەی بەسەر پارتە سیاسی‌یەکان و زاناکان و رۆژنامەنوسەکان و نامەخانەکان و خەڵکی ناسراودا لە ئەڵمانیا و نەمسا و ئەو شوێنانەی تردا کە بە ئەڵمانی ئەدوێن ، ناو بە ناو بە خۆڕایی ئەم رۆژنامەیە دەورێکی گەورەی بووە و هەیە لە رۆنکردنەوەی رۆی گەش و روناکی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا .

٣ــ خۆ پێشکەش کردن بۆ دەرز وتنەوەی کوردی لە زانستگاکانی ئەڵمانیادا . نوسەری ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا ساڵی ١٩٧٠ لە سێ زانستگای گەورەی ئەڵمانیا : مۆنیخ و فیرتن بورگ و هەمبورگ ، زمانی کوردی وتووەتەوە و چەند پرۆفیسۆر و زانایەکی تری ئەڵمان ، لە خوێندنی ئەو دەرزانەدا بەشدار بون .

لە زستانی ساڵی ١٩٧٩ەوە نوسەری ئەم وتارە لە زانستگای ئازاد لە بەرلین دامەزراوە بۆ دەرزوتنەوەی ئێتنۆلۆژی Ethnologie و سەرەڕای بەربەرەکانی ناحەزان و دوژمنانی کورد ، توانیویەتی زمان و ئەدەبیات و مەسەلەی سیاسی کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی لە زانستگادا بڵێتەوە . ئێستەکە گەلێ خوێندکاری کورد و کوردستان (وەك برا ئاشوری‌یەکانمان) و ئەڵمانی لەو سەمنیارانەدا بەشدارن و ئەخوێنن .

٤ــ بڵاوكردنەوەی زنجیرەیەك ناميلكه و كتێب به زمـــانی ئەڵمانی له بارەی زمـان و ئەدەبیاتی كورد و مەســـەلەی سیاسی كوردستانەوە . تەنیا ناوی چەند دانەیەك لەمانە ئەبەین :

١ــ «مەم و زین»(١٦٦) : گۆڕینی كورتەیەكی چیرۆكی «مەم و زین» ی ئەحمـەدی خانی‌یە لەگەڵ پێشەكی‌یەكی پێویســـت له بارەی جێـگەی « مەم‌و زین » ەوە له مێژووی ئەدەبیاتی كوردی‌دا .

٢ــ « پـــەندی پێشینان و قســـەی نەســـتەق لـــە كوردستانەوە »(١٦٧) گۆڕینی ژمارەیەكی زۆر پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بۆ ئەڵمانی ، لـەگەڵ تیكستە كوردی‌یەكانی ، بە پیتی لاتینی و بە پێشەكی‌یەكی پێویستەوە له بارەی گرنـگی پەندی پێشینان بۆ ئەدەبی فولـكلوری كورد .

٣ــ « كریســـتۆماتی كوردی »(١٦٨) : بڵاوكردنەوەی پێنج پارچە له بەرهەمی پێنج نوسـەر و هۆنەری كوردی وەك : جەمیل

---

(١٦٦) Nebez, Jemal: Mam und zuen, deutsche Übersetzung einer Liebesgeschichte von dem beruehmter kurdischen Dichter Ahmad Chani, Publikation der NUKSE, Muenchen, 1969.

(١٦٧) Nebez, Jemal : Sprichwörter und Redeusarten aus Kurdistan, Publikation der NUKSE, Muenchen, 1970.

(١٦٨) Nebez, Jemal: Kurdische Schriftsprache, chrestomathie moderner Texte, Helmut Buske verlag-Hamburg, 1969.

ڕۆژبەیانی ، پاکیزەی ڕەفیق حیلمی ، ئەحمەد هەردی ، وینس دڵدار ، ئەورەحمان هـەژار ، بـە پیتی عـەرەبی و پیتی لاتینی و ترانسکریپسیۆنەوە . لەگەڵ سەرەتایەك لە بارەی گیروگرفتەکانی زمانی کوردی‌یەوە هەروەها فەرهەنـگۆکێـکی کوردی — ئەڵمانی بۆ ئەو وشانەی لە تێـکستەکاندا ناویان هاتووە . ئەم نامیلـکەیە بەکاری ئەو ئەڵمانانە دێ کە خەریکی زمانی کوردین .

٤ — « چیرۆکی لالۆ کەریم »[١٦٩] : گۆڕینی ئەڵمانی یەکێك لە چیرۆکەکانی نوسەری ئەم وتارەیە کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کەرکوك نوسیویەتی . لەگەڵ سەرەتایەك لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەوە ، بە گەلێك نەخشو نیگاری جوانەوە .

٥ — لێـکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی میری ڕەواندز (پاشا کۆرە)وە ، لەبەر ڕۆشنایی بەڵـگە و سـەرچاوە ڕۆژهـەڵاتی و ڕۆژئاوایی‌یەکان ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرای یەکەمی نوسـەر بو کە لە کۆتایی سـاڵی ١٩٦٩ دا پێشکەش زانستگای هەمبورگ کرا . لە ١٨٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە[١٧٠] .

---

(١٦٩) Nebez, Jemal, (Mit Illustration von Doris Feyerabend) : Lalo Karim, Muenchen, Selbstverlag, 1968

(١٧٠) Nebez, Jemal : Der kurdische Fuerst mir Muhammad-i Rawandizi, genannt Mir - i kora, im Spiegel der morgenländischen und abendländischen Zeugnisse , Hamburg, 1970

٦ــ «ئەفسانە و چیرۆكی كوردی»(١٧١) : گۆڕینی (١٩) ئەفسانە و چیرۆكی دەمی «هیقایەت» لە كوردی یەوە بۆ ئەڵمانی، لەگەڵ پێشــەكی یەكی (١٣) لاپەڕەیی لە بارەی دەوری ئەفسانە و چیرۆكی دەمی یەوە لە ئەدەبیــاتی كوردیدا . ئەم كتێبە پاشكۆیەكی لەگەڵە بریتی یە لە لێـكوڵینەوەیەكی كورت لە بارەی ئەو بەرهەمانەوە كە تا ئێستە لە لایەن خۆ و بێگانەوە لەم مەیدانەدا پێشكەش كراون . هەروەها بەشێكی تەرخان كراوە بۆ شتی كردنەوەی هەندێ وشــەی كوردی كە ناویان لە ناو چیرۆكەكاندا هاتووە، بە پێی زانسـتی زمانەوانی . كتێبەكە هــەموی (١٥٢) لاپەڕەیە و (٨) نیـگاری زۆر جوان و نایابی لەگەڵە و لە بەرگێكی رەنگاو رەنگی قەشەنگدا لە چاپدراوە .

٧ــ «كوردستان و شۆڕشەكەی»(١٧٢) : ئەمە زنجیرە وتارێكە نوسەر لە ساڵی ١٩٧١دا بە زمانی ئەڵمانی و بــە چەند جارێك، لە بەرلینی رۆژئاوا بۆ كورد و هاوڕێـكانی كوردستانی خوێندۆتەوە . ئەم كتێبە بریتی یە لە باسێكی مێژوویی سیاسی گـەلی كورد بە هەموی بزوتنەوە و كۆمەڵ و حیزبە سیاسی یەكانی یەوە و لە هەمو بەشەكانی

---

(١٧١) Nebez, Jemal (Mit Illustration von Doris Feyerabend): kurdische Märchen und Volkserzählungen, Publikation der Nukse, Bamberg, 1972.

(١٧٢) Nebez, Jemal : Kurdistan und seine Revolution, Publikation der NUKSE, 1972.

کوردستاندا، هەر لە کۆنەوە تا ئێستە. لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی باری سەرنجی ڕۆژنامەنوس و سیاسەتگێز و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کورد.

بێجگە لەوەش پاشکۆیەکی (٣٨) لاپەڕەیی لەگەڵە بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کورد و کوردستانەوە وەك: ئابوری کوردستان و ژینی کۆمەلایەتی و پایەی ژنان و ئاین و باسی ئەنترۆپۆلۆژی و ... هتد لەگەڵ بەندێك لەسەر سوپای پێشمەرگە و دەستوری نوکسە و گۆرانی مارشی نەتەوەیی کورد (ئەی رەقیب) بۆ ئەڵمانی بـــە شیعر. هەروەها باسی نەورۆز و بەندێك لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی و گەلێ شتی تری وا کە بێگانە ئاشنا ئەکەن بە کورد و ولاتەکەی. ئەم کتێبە هەمووی لە (٣٣٠) لاپەڕەدا چاپکراوە و گەلێك وێنەی جوانی ولات و نەخشەیەکی کوردستانی لەگەڵە.

٨ــ « حول المشكلة الكردية »[١٧٣] نامیلکەیەکە لە لایەن نوسەری ئەم وتارەوە بە عەرەبی لـە مۆنیخ لە سـاڵی (١٩٦٩)دا بلاوکراوەتەوە. ئەم نامیلکەیە بە زۆری بیروڕای حیزبە سیاسیەکانی ولاتی عەرەب و کوردستانـ و ئەو حکومەتانە نیشـــان ئەدا کە پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەیە. لەگەڵ مێژوویەکی کورتی گەلی کورد و تێکۆشانی لە پێناوی رزگاریدا هەر لە کۆنەوە تا ئێستە هەمووی بە بەڵـگەوە.

---

(١٧٣) نبز ، جمال : حول المشكلة الكردية من منشورات « الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوروبا » ، ١٩٦٩.

٩ـ « روانگەیەکی کورد بۆ تەماشا کردنی مانگ لە دەوری نوێدا »(١٧٤) : ئەمە وتارێکی نوسەرە بە زمانی ئەڵمانی لە بارەی ژیان و بەسەرهات و کارەکانی زانای ئەستێرەوانی کورد « شێخ حەسەنی گڵەزەردە »ەوە . ئەم وتارە لە ژمارە (١٢٢)ی ZDMG واتا « گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتییەوانەکانی ئەڵمان »دا بڵاوکراوەتەوە .

ئەمانە تەنیا بەشێك بون لەو بەرهەمانەی نوسەر کە لەسەر کورد نوسراونەتەوە . ئەو وتارانەی لە بارەی کوردەوە نەبون ، لێرەدا ناویان نەبرا . ئەم نوسراوانە ژمارە (٣) و (٩)ی لێدەرچو ، ئەوانی تری هەمو لە لایەن « یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا » بڵاوکراونەتەوە .

بێجگە لە مانەش ، نوسەر دو بەرهەمی تری بە ئەڵمانی ئامادە کردووە کە هێشتا چاپ نەکراون . یەکێکیان : « فەرهەنگی ئەڵمانی ـ کوردی »یە کە نزیکەی (٣٠٠٠٠) وشەیەك ئەبێ ، کە مانا کوردییەکانیان بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ترانسکریپسیۆن نوسراونەتەوە . جاروبار ماناکان بە چەند شێوەیەکی کوردی لێك دراونەتەوە .

---

(١٧٤) Nebez, Jemal und Schlosser, W. : Ein kurdisches Mondobservatorium...... etc, in ZDMG, 122.

دووەمیان : نامیلکەیەك بە ئەڵمانی بۆ فێربوونی زمانی کوردی ، بۆ ئەوەی لە زانستگاکاندا بەکار بهێنرێ .

هەروەها نووسەر گەلێ کورتە چیرۆکی بە ئەڵمانی نووسیوە لەگەڵ بەسەرهاتی چەنـــد ساڵەی خۆی لەناو ئەم وڵاتانەدا ، کە ئەوانیشی هێشتا بڵاونەکراونەتەوە .

* * * * * * *

بەشی دووەم

لە بارەی

کوردناسییەوە لە رووسیا و یەکێتی سۆڤییەت

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف

ئەم وتارە باسێکی کورتە لە بارەی هەندێ لەو کارە زانستیانەوە کە لە رووسیا و یەکێتی سۆڤییەت لە بارەی کوردەوە نووسراون. شایانی باسە تا ئێستە ژمارەیەك وتار بە زمانی رووسی و ئازەری و ئەرمەنی لە بارەی کوردناسی رووس و سۆڤییەتەوە نووسراوە، وەك: «باری کوردناسی سۆڤییەت و ئامانجەکانی»(1)، «لە بارەی پێشکەوتنی

(1) Р.Гази, О состоянии и задачах советского курдоведения,-"Изв. АН Азерб.ССР", Баку, 1959, №2, стр.131-142.

کوردناسی سـۆڤیێتەوە »[٢] ، « کوردناســی »[٣] ، « مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیێت »[٤] و چەند وتارێکی تر کە نوسەری ئەم وتارە کەڵکی لە هێنـدێکیان وەرگرتووە . هەر لە سەرەتاشەوە دەمەوێ دان بە وەدا بنێم کە وا کوردناسی ڕوس و سـۆڤیێت ئەوەندە دەوڵەمەندە[٥] کە لە قەوارەی وتارێکدا ناتوانرێ زیاتر لە چەند ڕویەکی کەمی بە شێوەیەکی گشتی بخرێتە بەر چاو ، ئەگینا لە راستیدا پێویستە زنجیرەیەك وتاری درێژی

---

(٢) К.К.Курдоев, Развитие советского курдоведения,-"Ученые записки института востоковедения", Москва, 1960, т.XXУ, стр.57-67.

(٣) К.К.Курдоев, Курдоведение,-"Азиатский музей -ЛОИВАН АН СССР", Москва, 1972, стр.380-397.

(٤) Ч.Х.Бакаев, История изучения курдского языка в России и СССР,-"ОИИИН", Москва, 1962, стр.100-117.

(٥) لەبەر زۆری ئەو نوسراوانەی ناویان لەم وتارەدا هاتووە زۆر زەحمەت دەبێ بە ڕوسیش چاپیان بکەین ، بۆیەکا لەمە و دوا تەنها بە کوردی بلاویان دەکەینەوە .

جیا لە بارەی مێژوو و زمان و ئەدەب و ژیانی کۆمەلایەتی کوردەوە لە کوردناسی رووس و سۆڤیێتدا بنوسرێ .

* * *

کوردناسی لە رووسیا

کوردی پشت قەفقاس کە لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووری ئیمپراتۆریەتی رووسیادا بوون وەك میللەتانی تری پشت قەفقاس سەرنجی گەلێك گەڕیدە و زانای ئەتنۆگرافیان راکێشاوە . هەروەها شێوەی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی کورد ، وە زۆری ژمارەیان لە دەولەتی عوسمانی و ئێراندا سەرنجی زۆر دەولەتی گەورەیان راکێشاوە و کارێکی وەهایان کردووە ئەو دەولەتانە بایەخیان پێ بدەن .

ناسینی کورد و زمانەکەی بۆ یەکەم جار لە رووسیا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم ـ واتە بۆ ئەو دەمەی کە ئەکادیمیەی زانستی رووسی « فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان »ی لە چاپدا[٦] . ئەم فەرهەنگە کە لە ساڵی ١٧٨٧دا بلاوکراوەتەوە (٢٧٣) وشەی بە (٢٠٠) زمان ، کە کوردیش یەکێکیانە ، تیادا تۆمار کراوە .

---

(٦) ب. س. پالاس ، فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان ، پیترسبورگ ١٧٨٧ .

لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەندێ وتار و نامیلکە لە بارەی پەیدابوون و ژمارە و نەریت .... ی کوردەوە بڵاوکرانەوە ، بە تایبەتی هەندێ زانیاری لە بابەت خێڵە کۆچەرەکانی کوردی پشت قەفقاسەوە کە لە هەندێ راپۆرتی سەرژمێری و چاپەمەنی فەرمانڕەواییدا بەرچاو دەکەون[٧] . بێ گومان ئەو وتار و نامیلکانە بە شێوەیەکی ساکار و کورت و کۆڵن . بەمجۆرە دەبینین کە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە رووسیای قەیسەری لە بارەی زمان و مێژوو و ئەتنۆگرافیا ....ی کوردەوە هیچ نووسراوێکی وەها گرنگ و زانستی نەبووە .

لە رووسیای قەیسەری سەرنجی زانستی سەبارەت بە کورد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم . هەرچەندە بەشێك لەو نووسراوانەی ئەو دەورە پەیوەندییان بە شەڕی رووس و تورك ، وە رووس و فارسەوە

---

(٧) بڕوانە :

أ ــ ڤا. زۆبیرا ، کورد ، گۆڤاری « وەزارەتی ناوخۆ » ، ب ١٠ ، ژ ٢ ، ل ٢٥٥ ــ ٢٦٢ ، پیترسبورگ ١٨٣٥ ؛

ب ــ ڤا. زۆبیرا ، کوردستان ، ئارشیڤی زۆورۆ ، ب ٢٢ ، ل ١٧٢ ــ ١٨٥ ، پیترسبورگ ١٨٣٦ ؛

ج ــ ن. نیڤیدێڤ ، کورد ، کتێبی « ناوچەی ئەرمەنستان » ، پیترسبورگ ١٨٣٩ ، ل ٤ ــ ١١ ؛ ... هتد .

هەیە[٨] ، بەڵام هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستیش لە بارەی کوردەوە لە لایەن زانایانی ڕوس و ڕوسیای قەیسەرییەوە ، وەك : ف. دیتێل ، خ. ئابۆڤیان ، ئی. بیریزین ، پ. لێرخ ... هتد بڵاوکرانەوە .

ف. دیتێل سێ ساڵێك بە کوردستاندا گەڕا و کەرەستەیەکی زۆری فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیـــای خڕکردەوە . زانای ناوبراو ، لە وتاری « سێ ســاڵ گەڕان بە ڕۆژهەڵاتـدا »[٩] لە بارەی ئەو کەرەستانەوە دواوە . لەم وتارەدا سـەبارەت بە کوردستان و زمانی کوردی و دیالێکتەکانی نوسیویێتی : « لە گەڕانەکەمـدا — واتە لە دیاربەکرەوە تا سنوری سـوریا — گەلێ مەســەلەی جوگرافی و ئەتنۆگرافی سەرنجیان ڕاکێشام . ڕێگاکەم بە ماردین و دیاربەکر و نەسیبەین و ئورفەدا تێدەپەڕێ . ئەو ناوچانەی کە من پیایاندا دەگەڕام بەشێکی کوردستان بون کە زۆر کەم ناسراون ، لەبەر ئەوەی تاکو ئێســتا هیچ کەرەستەیەکی ئەتنۆگرافی وەهامان نییە

(٨) بڕوانە :

أ ـ ن. ئی. ئوشاکۆف ، بەشداری کورد لە شەڕدا ، کتێبی « مێژوی ئەو شەڕانەی لە سالانی ١٨٢٨ ـ ١٨٢٩دا لە تورکیا قەوماوە » ، پیترسبورگ ١٨٣٦ ، ب ١ ، ل ١٢٠ ـ ١٢٩ ؛

ب ـ ر. ئی. ، دەربارەی کوردە چەکدارەکان ، ڕۆژنامەی « قەفقاس » ، تفلیس (٢٢)ی ئابی ١٨٥٣ ، ژ ٦٢ ... هتد .

(٩) بڕوانە : گۆڤاری « وەزارەتی ڕۆشنبیری میللی » ، بەشی ٤ ، پیترسبورگ ١٨٤٧ .

دەربارەی خێڵەکانی ئەم هەرێمەی ئاسیا ، بۆیە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانیدا ، بە تایبەتی گرنگی بە وەزعی جوگرافی ناوچەکە دەدەم . لە کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانەدا زۆر زەحمەتم کێشاوە . بەگوێرەی ئەو کەرەستەیەی لامە نزیکەی (٣٠٠) خێڵی کورد هەیە ، وە لەو باوەڕەدام کە لێکۆڵینەوەی تەواو لە کوردستانی ئەمڕۆ یارمەتی ئەوەمان دەدا کە باشتر لە باری زۆی ناوچەکە بگەین کە ئێستا بەشێکە لە تورکیا (مەبەستی دەولەتی عوسمانییە — ئەوڕەحمان) »[١٠] . دیتێل کە دێتە سەر باسی زمانی کوردی دەڵێ : من بۆم دەرکەوت کە زمانی کوردی بەسەر زۆر دیالێکتدا دابەش دەبێت ، وە لەم رووەوە هێشتا کەس هیچی نەنوسیوە بەشێکی کوردستان لەژێر حوکمی تورکیا دایە ، لەبەر ئەوە ئاشکرایە کە زمانی تورکی کاری کردۆتە سەر زمانی کوردی ، هەر وەك چۆن لە بەشەکەی ئێرانیشدا تاسیری زمانی فارسی هەیە نوسەر کاتێ کە دێتە سەر باسی ئەدەبی کوردی دەڵێ : من بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوە نەبوم و بە بیرما نەدەهات کە ئەو میللەتە لە بیر کراوە ، جگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر ، خاوەنی ئەدەبێکی نوسراوی وەها زۆر و جوان بێت ...... هەرچی ئەدەبی فۆلکلۆریشە ئێجگار دەوڵەمەندە بە چیرۆك و داستان و گۆرانی .

پ. لێرخ نوسیویێتی : ف. دیتێل وای نیاز بو کە هەندێ

(١٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٩ .

لێکۆڵینـــەوەی تایبـــەتی دەربارەی مێژوی کورد و زمانی و دیالێکتەکانی بڵاوبکاتەوە ، بەڵام مەرگ لەو نیازە بێبەری کرد[11] .

لە ساڵی ١٨٤٧دا لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی « قەفقاس » کە لە (تفلیس) دەردەچوو زنجیرەیەک وتاری خ. ئابۆڤیان لە ژێر ناوی « کورد »دا بڵاوکرایەوە[12] . لەم وتارانەدا گەلێ شتی بەکەڵک و نوێی لە بارەی ئەتنۆگرافیا و مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و نەریـــت و فۆلکلۆر و زمانی میللەتی کورد بەرچاو دەکەوێ[13] .

هەرچەندە ئـەم زنجیرە وتارەی خ. ئابۆڤیـان دەوروبـەری (٣٠) لاپەڕەیەک دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێـکی زانستی و وردە و بۆ یەکەم جارە لە مێژوی کوردناسی ڕوســدا دەربارەی ئەتنۆگرافیای کورد بەو شێوە فراوانە کەرەستەی چ لەو نوسراو و دەستنوسـانەی هەبوون و چ لە گەڕانی خۆیدا بە کوردستاندا بەکار هێنرابێ .

---

(١١) ب. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە ، ب ١ ، پیترسبورگ ١٨٥٦ ، ل ٣٨ ـ ٣٩ .

(١٢) بڕوانـە : ڕۆژنامەی « قەفقاس » ، ژ ٤٦ ، ٤٧ ، ٥٠ ، ٥١ ، تفلیس ١٨٤٨ .

(١٣) بڕوانە : ق. کوردۆ ، خ. ئـابۆڤیان وەک کوردنـاس و نـوژەر (باحث) ، لە کتێبی « مێژوی ڕۆژهەڵاتناسـی ڕوس » ، ب ٢ ، مۆسکۆ ١٩٥٦ .

ئەم نوسراوەی خ. ئابۆڤیان لە بارەی زمانەوانییەوە کارێکی کردە سەر بیر و رای زانایانی رووس - پ. لێرخ ، ف. یوستی ، س. یەگیزارۆڤ .... لە سەلماندنی ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە و لە خێزانی هیند و ئەوروپاییە . خ. ئابۆڤیان زمانی کوردی بەسەر کرمانجی و زازادا دابەش دەکات و داوا لە زانایانی جیهان دەکات کە دەست بدەنە « لێکۆڵینەوە لە زمانی شیرینی کوردی و لە نەتەوەی کوردی شۆڕە سوار » .... هەروەها دەڵێ : « لەم رێگایەوە دەتوانرێ کەڵکێکی ئێجگار زۆر بۆ روونکردنەوەی مێژووی ئادەمیزاد ، وە گەلێك مەسەلەی زمانەوانی وەربگیرێ » (١٤) .

نوسەر لە وتارەکەیدا گرنگییەکی زۆری بە فۆلکلۆری کوردی داوە و بەم بۆنەیەوە نوسیویەتی دەڵێ : « شیعری خەڵکی هەنگاوی گەورەی هاویشتووە و گەیشتۆتە رادەی پوختی و نایابی . لە هەر کوردێکدا هەست و بەهرەی شاعیری بە دی دەکرێت و زۆر بە ساز و ئاواز ، گۆرانی بەسەر دۆڵ و چیا و تافگە و روبار و گوڵ و چەك و ئەسپ و قارەمانێتی و جوانانیاندا دەڵێن .... » (١٥) .

(ی . بیریزین) ی ئێرانناسی بەناوبانگی رووس کە پرۆفیسۆری

---

(١٤) خ. ئابۆڤیان ، کورد ، رۆژنامەی « قەفقاس » ، ژ ٤٧ ، تفلیس ١٨٤٧ .

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ژ ٤٧ ، تفلیس ١٨٤٧ .

زانكۆی (كازان) بو لە كاتی گەڕانیدا بە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا فێری شێوەی كوردیی خۆراسان و موسڵ بو . شێوەی خۆراسان لە تاران فێر بو ، ئەویش لە رێگای چەند كوردێكەوە بو كە لە خۆراسانەوە بۆ تاران هاتبون . شێوەی موسڵیش لە موسڵ فێر بو . لە ئەنجامدا لە ژێر ناوی « لێكۆڵینەوە لە دیالێكتەكانی فارسی » كتێبێك بلاودەكاتەوە(١٦) .

بێگومان ئەوەی ی. بیرزین لە بارەی ئەو دو شێوەیەی كوردییەوە نوسیویێتی زۆر كەم و كورتە . بە كورتی لە ناو و جێناو و كردار دواوە ، وە لە پاشكۆی كتێبەكەیدا هەندێ وشە و رستەی ئەو دو شێوەیەی كوردی نوسیوە .

لە ناو ئەو زانا روسانەدا كە بایەخیان بە كوردناسی داوە ، رۆژهەلاتناسی بەناوبانگ پیۆتر لێرخ جێگەیەكی تایبەتی و دیاری هەیە . لێرخ خاوەنی سێ كتێبی گرنگە لە بارەی كورد و كوردستانەوە(١٧) . كە تا ئەمڕۆش لە كتێبخانەی كوردناسیدا هاوتایان كەمە و بە سەرچاوەیەكی رەسەن دەژمێررێن .

---

(١٦) E. Beresine, Recherches sur les dialectes persans, Casan, 1853.

(١٧) ب. لێرخ ، لێكۆڵینەوە لە بارەی كوردەكانی ئێرانەوە ، پیترسبورگ ١٨٥٦ ، ١٨٥٧ ، ١٨٥٨ .

پ. لێرخ له ڕێگای ئەکادیمیەی زانستییەوە نێررا بۆ شاری (ڕوسلاڤل) که نزیکەی (٥٠) بەندی کوردی لێ بوو، وە بۆ ماوەی سێ مانگێك له ناویاندا مایەوە و خۆی به فێربوونی زمانی کوردییەوە خەریك کرد. ئەم بەندانە خەڵکی ناوچەی جیاوازی کوردستان بوون، زوربەیان کرمانجی ژوورو و بە شێکیشیان زازا بوون و وا دیارە لێرخ کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرتوون.

پ. لێرخ له سەر بنکەی ڕەخنە لەو کارانەی له زوودا دەربارەی کورد و زمانی کوردی نووسرابوون، وە له ڕێگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی و هەست کردنی خۆی توانی به شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و زانستی له بابەت کورد و زمانەکەی، ئەتنۆگرافیا و فولکلۆریەوە بنووسێ. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەتە که ئەم زانایە زمانی کوردی دابەش دەکات به سەر پێنج دیالێکتدا: کرمانجی (١٨)، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، زازا. لەم دیالێکتانەدا له کرمانجی ژوورو و زازا کۆڵیوەتەوە، وە له کتێبی سێهەمیدا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژوورو) - ڕووسی (ل ١ — ٨٤)، کوردی (زازا) — ڕووسی (ل ٨٥ — ١٠٨) بلاوکردوەتەوە.

دەربارەی دیالێکتی کرمانجی ژوورو نووسیویتی: «هەموو کوردستانی ڕۆژئاوای داگیر کردوە - هەر له موسڵەوە تا ئاسیای

(١٨) مەبەستی له کرمانجی ژوورووە.

بچوك و سلێمانی » .... سەبارەت بە زازاش دەڵێ : « لە بەراوردکردنی لەگەڵ کرمانجیدا وە یا لەگەڵ زمانە ئێرانیەکانی تردا ، گەلێك شتی تایبەتی چ لە دەنگ و چ لە شێوەدا بەرچاو دەکەوێت کە خەڵك دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی زمانێکی جیاواز بێت » .... هەر چەندە ئەو جیاوازییە دەبینرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا « زازا بەچکەی کرمانجییە »[19] .[20]

بەلای منەوە یەکێك لە را زانیارییە هەرە گرنگەکانی لێرخ ئەوەتە کە لایەنگیری رای ئا. پۆت — زانای ئەڵمان دەکا لەوەی کە زمانی کوردی بە زمانێکی رەسەن و سەربەخۆ دادەنێ ، وە بە یەکێك لە زمانە ئێرانیەکانی دەژمێرێت . بەم بۆنەیەوە پ. لێرخ نوسیویتی : « هیچ هۆیەك نییە بۆ من کە لە رای راست و چەسپاوی پرۆفیسۆر ئا. پۆت لادەم ، کە دەڵێ زمانی کوردی شوێنێکی سەربەخۆ و تایبەتی هەیە لە نێوان زمانە ئێرانیەکاندا »[21] .... « زمانی کوردی لە مەڵبەندی کوردستاندا سەربەخۆیی خۆی پاراست . هەرچەندە لەگەڵ زمانی فارسیدا

---

(١٩) سەرچاوەی ناوبراو ، ب لێرخ ، ب ٢ ، ل ٢٢ .

(٢٠) هەروەها بڕوانە : ڤلادیمیر مینۆرسکی ، کورد نەوەی میدیەکانن ، گۆڕین و لێکۆڵینەوەی د. کمال مەزهەر (بە زمانی عەرەبی) ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ١٩٧٣ ، ل ٥٦٠ .

(٢١) سەرچاوەی ناوبراو ، ب. لێرخ ، ب ٢ ، ل ٢٢ .

خزمایەتی و نزیکایەتییان هەیە ، بەڵام لە شێوەی پێشکەوتندا لەگەڵ زمانی فارسیدا پەیوەندی نەبووە »[٢٢] .

ئەو وشە جوان و راست و رەوایانەی پ. لێرخ لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسیویێتی ، لە کاتێکدا بووە کە هێشتا لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی زۆر کەم بووە ، وە لە سەردەمێکدا وتراوە کە هەندێ زانا زمانی کوردییان بە دیالێکتێك لە زمانی فارسی دادەنا . بێ‌شك « ئەم نوسراوانەی پ. لێرخ سودێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی نوێی لە روسیا و ئەوروپادا بەخشی »[٢٣] ..... وە لە رێگای کارەکانی ئەم زانایەوە ، لە سەدەی نۆزدەدا کوردناسی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کەوتە گەشە و پێشکەوتن .

ئا. ژابا کە قونسوڵی ئیمپراتۆریەتی رۆس بو لە تورکیا (ئەرزرۆم) - سالّی ١٨٣٦ - ١٨٦٩ - لەسەر داوای ئەکادیمی ب. ئا. دۆرن دەستی کرد بە فێربون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و کۆکردنەوەی کەرەستە لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بە گشتی ، وە دەستنوسی کوردی بە تایبەتی . لە بەجێ هێنانی ئەم کارەدا مەلا مەحمودی

---

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ب١ ، ل ٢٣ .

(٢٣) ق. کوردۆ ، کارەکانی ب. لێرخ لە بارەی کوردناسییەوە ، « لە بابەت مێژوی رۆژهەلاتناسی روسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٤ ، ل ٥١ .

بایەزیدی (٢٤) . یارمەتیەکی زۆری ئا. ژابای داوە و گەلێك بەرهەمی کوردی بۆ نوسیوەتەوە و زۆری لە فارسییەوە بۆ وەرگێڕاوەتە سەر کوردی .

لە ئەنجامدا ئا. ژابا کۆمەڵێك دەستنوسی بە نرخ و نایابی کۆکردەوە ، کە ئێستا لە کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت لە لێنینگراد هەڵگیراون . ئەو کۆمەڵە دەستنوسانەی ئا ژابا نیشانیاندا کە کورد خاوەنی ئەدەبی کلاسیکی و شاعیری مەزن و زانای بە توانای خۆیەتی و هەروەها گەنجینەیەکی دەوڵەمەندن و بنچینەیەکی پتەون و سەرچاوەیەکی بە نرخ و کەم هاوتان بۆ پێشکەوتنی کوردناسی ، نمونەش بۆ ئەمە گرنگی دانە بە لە چاپدانیان ولێکۆڵینەوەیان ... تاکو ئێستا لە سەر بناغەی ئەو دەستنوسانە گەلێك کتێبی بەنرخ

---

(٢٤) ئا. ژابا بەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە مەلا مەحمودی بایەزیدی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە شاری بایەزید لە دایك بووە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە . لە پاشانا چووە بۆ تەورێز و لەوێ شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسی و عەرەبی و ئەدەب و مێژوو و فەلسەفەدا پەیدا کردووە . لە سالانی پەنجای سەدەی نۆزدەدا هاتووە بۆ ئەرزرۆم و لەو کاتەوە بووە بە یارمەتیدەری ئا. ژابا لە کۆکردنەوەی دەستنوسی کوردیدا . بڕوانە :

A. Jaba, Pecueil des notices et rècits kourdes, servant á la connaissance de la litterature et des tribus du Kourdistan, Spb, 1860, P. VIII-X.

بڵاوکراونەتەوە ، وەك : (مـەم و زین)ی ئەحمـەدی خانی[25] ، (شێخی سـەنعان)ی فەقێی تەیران[26] ، (لەیل و مەجنون)ی حارسی بتلیسی[27] ، (عادات و رسـومات نامەی اکرادیە)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی[28] ، (دەسـتوری زمانی عەرەبی بە کوردی) عەلی تەرەماخی[29] .... هتد .

لە ساڵی ١٨٦٠دا ئا. ژابا لە ژێر ناوی « جامع‌ی رسـالیان و حکایتـان بزمانی کورمانجی » بە زمانی کوردی و فەرەنسی هەندێ چیرۆکی کوردی لە چاپدا[30] و هەندێ سـەرنجی دەربارەی ئەدەبی کوردی نیشان داوە . لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمانی

---

(٢٥) م. ب. رودێنکۆ ، « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٢٦) م. ب. رودێنکۆ ، « شـێخی سـەنعان »ی فەقێی تەیـران ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

(٢٧) م. ب. رودێنکۆ ، « لەیل و مەجنون »ی حارسـی بتلیسی ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

(٢٨) م. ب. رودێنکۆ ، « عادات و رسومات نامـەی اکرادیە »ی مەلا مەحمودی بایەزیدی ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(٢٩) د. مارف خەزنەدار : عەلی تەرەماخی ، « دەسـتوری زمانی عەرەبی بە کوردی » ، بەغدا ١٩٧١ .

(٣٠) ئا. ژابا ، جامع‌ی رسالیان و حکایتان بزمانی کورمانجی ، پیترسبورك ١٨٦٠ .

کوردیدا بۆ کوردناسان ، ئەم کتێبە تاکو ئێستا هەر بە نرخ و بە سوودە [٣١] .

جگە لەوە ئەم زانایە کارێکی گەورە و خزمەتێکی بێ‌شوماری کردووە لە نوسینی فەرهەنگی کوردیدا . خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسایییە کە لە پاش خۆی بە فەرمانی ئەکادیمیەی رووسی لە ساڵی ١٨٧٩دا فێردیناند یوستی بڵاوی کردەوە [٣٢] . ئەم فەرهەنگە ریتییە لە (٤٦٣) لاپەڕە و (١٥) هەزار وشەی کوردی کە جگە لە لێکدانەوە و شەرح کردنیان لە داڕشتن و دروست بون و پەیدابونیان کۆڵیوەتەوە و هەروەها لەگەڵ وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکیدا بەراوردی کردون .

زانای لاو و بەناوبانگی رووس ف. ف. ڤیلیامینۆڤ — زێرنۆڤ لە ساڵی ١٨٦٠ — ١٨٦٢ دا تێکستی فارسی شەرەفنامە ، کە میر شەرەف خانی بتلیسی بە زمانی فارسی سەبارەت بە مێژووی

---

(٣١) بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بەم کتێبە ، بڕوانە : ئەو زنجیرە وتارەی کە کاک عەبدوڵا حەداد لە چەند ژمارەیەکی مانگی شوباتی ١٩٧٣ی رۆژنامەی « التآخي » دا لە ژێر ناوی « درة ثمينة من التراث الثقافي الكردي » دا بڵاوی کردۆتەوە .

(٣٢) A. Jaba, Dictionniare kurde - francais St - Petersbourg, 1879.

کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نوسیویێتی بڵاوکردەوە[٣٣] و ئینجا ف. ب. شارموا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە ساڵی ١٨٦٨ — ١٨٧٥ دا لە چاپی داوە. ئەوەی شایانی باسە، ئەم زانایە لە وەرگێڕانەکەیدا زۆر سەرکەوتووە و لەگەڵێك زانیاری و بەڵگەی مێژویی و جوگرافی و ئەتنۆگرافی دواوە[٣٤].

لە ساڵی ١٨٨٠دا ئێراننناسی بەناوبانگ فێردیناند یوستی کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردەوە[٣٥] و لەم کارەیدا کەڵکێکی زۆری لە بەرهەمەکانی: م. گارزۆنی، ئا. خۆدسکۆ، س. ری، پ. لێرخ، ئا. ژابا.... وەرگرتووە.

فەسڵی یەکەمی ئەم ڕێزمانە باسی فۆنێتیکە (ل ١ ـ ١٠١). لە لێکۆڵینەوەی دەنگە دەنگدارەکاندا لە نێوان درێژی و کورتی تلفظ کردنی هەر یەك دەنگدا جیاوازی کردووە و بە دەنگێکی جیاوازی داناوە، وە ئەمە بووە بە هۆی ئەوەی دەنگە دەنگدارەکان لە نوسراوەکەی ئەودا ژمارەیان پتر بێت لەوەی کە لە واقعی زمانی کوردیدا هەیە.

لە بەشی وشە دارشتندا لە بارەی پێشگر و پاشگر، وشەی

---

(٣٣) بڕوانە شەرەف خانی بتلیسی، شەرەفنامە، (ی. ئی. ڤاسیلیڤا کردویە بە ڕوسی)، مۆسکۆ ١٩٦٧، ل ١٨.

(٣٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

F. Justi, Kurdishe Grammatik, S.-Pb, 1880. (٣٥)

(مرکب) ..... دواوه (ل ١٠٢ ـ ١٢٢) . فەسڵێکی تایبەتی دەربارەی مەرفۆلۆژیایە : ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو .... (١٢٢ ـ ٢٤٥) . دوا فەسڵی لە بابەت سینتکسیسەوەیە (ل ٢٤٦ ـ ٢٥٦) .

ف. یوستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا هەوڵی بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی تردا داوە . هەرچەندە ئەمە کارێکی راستە ، بەڵام وەك ق. کوردۆ دەڵێ : « ناتەواوی ف. یوستی لەوەدایە کە تەنها چمکێکی بەراوردەکەی گرتووە »[٣٦] — واتە تەنها بەراوردی لێك چونی ئەو دوو زمانەی کردوە . لەبەرئەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا نوسەر نەیتوانیوە خاسیەتی ناوخۆی زمانی کوردی نیشان بدا . جا لە لێکۆڵینەوەی دەستوری زمانێکدا ، ئەگەر خاسیەتی تایبەتی ناوخۆی ئەو زمانە نیشان نەدرێ ئەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە لە واقع دوور دەکەوێتەوە . . . . . هەروەها ناتەواوی ئەم کتێبە لەوەشدایە کە نوسەر لە هێنانەوەی نمونەدا وشەی لە زمانی کوردی خۆیەوە وەرنەگرتووە ، بەڵکو لە فارسی کۆن و زمانە ئێرانییەکانی ترەوەی دەرهێناوە . لەگەڵ ئەو هەمو کەم و کورتیانەشدا ئەم کتێبە یەکێکە لە کارە هەرە بەرزەکانی پێش سەدەی بیست لە بارەی زمانی کوردییەوە .

---

(٣٦) ق. کوردۆ ، بەراوردکردنی رێزمانی دیالێکتەکانی کوردی ، (نامەی دکتۆری) ، ل ١١ .

نزیك كۆتایی سەدەی نۆزدە ڕۆژهەڵاتناس ئا. سۆتسین كتێبێكی لە بارەی ڕێزمانی كوردییەوە بڵاوكردەوە[٣٧] كە بناغەكەی لەسەر ئەو كەرەستەیە داڕێژراوە كە كاتی خۆی لەگەڵ (ی. پرایم)دا بە جووتە كۆیان كردۆتەوە و چاپیان كردوە.[٣٨]

ئەم كتێبی ڕێزمانە (١٦) لاپەڕەی دەربارەی فۆنێتیك و (١٥) ی - مەرفۆلۆژیایە. لە بەشی مەرفۆلۆژیادا بە زۆری لە ناو و جێناو و كردار دواوە. لە هەندێ حاڵەتی گۆڕینی وشەدا دەستووری زمانی فارسی بەسەر كوردیدا سەپاندووە و ئەمەش تووشی هەڵەی كردوە.

ساڵی ١٨٩١ س. ئا. یەگیزارۆف كتێبێكی لە بارەی ئەتنۆگرافیای كوردەوە بڵاوكردەوە[٣٩]. ئەم زانایە سوودی لە نووسراوەكانی خ. ئابۆڤیان و پ. لیرخ و هەروەها ئەو كەرەستە زۆرەی كە خۆی لە ماوەی دوانزە ساڵدا لە ئەنجامی ژیاندا لە ناو كوردەواریدا كۆی كردۆتەوە وەرگرتووە. نووسەر سەبارەت بە ژیانی كۆمەڵایەتی

---

(٣٧) A. Socin, Die Sprache der Kurden, « Grundriss der iranischen Philologie », Bd. I, 2 Abt.

(٣٨) Prym und A. Socin, Kurdische Sammlungen, Abt, I. II, S. pbg., 1887 - 1890.

(٣٩) س. ئا. یەگیزارۆف، مێژوویەكی ئەتنۆگرافی كورتی كوردی موحافەزەی یەریڤان، « ڕاپۆرتەكانی بەشی قەفقاسی كۆمەڵی جوگرافی ئیمبراتۆریی ڕووسی»، تفلیس ١٨٩١.

وخو و ڕەوشت و شێن و شایی و ئاین و باوەڕ . . . ی گەلی کورد دواوە . جگە لەوە لەم کتێبەدا بە هاوکاری ل. پ. زاگۆرێتسکی لە هەندێ مەسەلەی گرنگی ڕێزمانی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و وەك پاشکۆش دوو فەرهەنگیان داناوە : یەك ـ کوردی ـ ڕوسی (ل ١ ـ ٦٥) ؛ دوو ـ ڕوسی ـ کوردی (ل ٦٦ ـ ١٢٢) . یەکەم دەوری سێ هەزار ، دووەم ـ چوار هەزار وشەیەکە .

وەك ئاشکرایە ماوەیەکی زۆر بەسەر نوسینی ئەم کتێبەدا تێپەڕیوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دەژمێررێت لە لێکۆڵینەوەی مێژوی کولتوری گەلی کورد بە گشتی و کوردی یەزیدی بە تایبەتی ، ئەویش هۆی بونی کەرەستە و بەڵگەیەکی زۆرە سەبارەت بە ئاین و تێکستی کوردە یەزیدییەکان کە بۆ یەکەم جارە لە کوردناسیدا بەو شێوە زانستییە لەو مەسەلەیە کۆڵراوەتەوە .

نوسراوی هەرە ناسراوی ن. یا. مارر لە کوردناسیدا وتاری « دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی » یە[٤٠] . ڕاستە نوسەر لەم وتارەدا گەلێك نمونەی جوانی سەبارەت بە دەوری کورد لە مێژوی کولتوری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەتەوە و نیشانی داوە

---

(٤٠) ن. یا. مارر ، دیسان دەربارەی وشەی چەلەبی ، « دەستنوسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵی ئارخیۆلۆگی » ، پیترسبورگ ١٩١٢ ، ب ٢٠ ، ل ٩٩ ـ ١٥١ .

کە چۆن کورد لە سەدەکانی ١٠ ـ ١٣دا دەورێکی گەورەی بینیوە لە پێکەیاندنی ئاسیای بچوك و لە سـازکردنی کولتورێکی بە نرخ لە مێژوی میللەتانی پشت قەفقاسدا . ئەوەی جێگای رەخنە و سەر ـ سوڕمانە ئەوەیە کە ن. یا. مارر تەماشای مێژوی میللەتی کورد دەکا و لێی دەکۆڵیتەوە نەك وەك لە مێژوی میللەتێکی جیاواز و سـەربەخۆ ، بەڵکو وەك مێژوی یافیتی (جـۆرجی ، خالدی ، ئەرمەنی) .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە مانای وشـەی « چەلەبی » و هەروەها وشەی « کورد » ـ کە یەکێکە لە نەتەوە ئێرانیەکان و کە زمانەکەشی هەر لە بەشی زمانە ئێرانیەکانە ، ن. یا. مارر هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە هەڵە و چەوت و چەوێڵەی کە ئەسڵی کورد و زمانی کوردی بە یافیتی دابنێ . ئـەم را نالەبارەی ن. یا. مارر تا رادەیەك ، بۆ ماوەیەك لێکۆڵینەوە لە نەژادی کورد و لە زمانی کوردییان بەرەو رێگایەکی لار و خوار برد و لەم رووەوە هەندێ کۆسپ و تەگەرەیان هێنایە بەر لێکۆڵینەوە لە کورد و زمانەکەی . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە هەر لە زوەیەکەوە کوردناسانی سۆڤیێت ، بە تایبـەتی قەناتی کوردۆ[٤١] ئەو تیۆری و ناڕاستی و هەڵانەی

(٤١) ق. کوردۆ ، رەخنـە لە بیر و باوەڕی چەوت بەرامبەر بـە زمانی کوردی ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئامۆزگای رۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٥ ، ب ١٢ ، ل ٤٣ ـ ٦١ .

ن. یا. ماریان راســتکردەوە و ئەو توێوە پڕ زیانەی چاندبوی هــەڵیان گێڕایەوە ، بەڵام بە داخەوە تازە وا د. مارف خەزنەدار ئەو وتارەی ن. یا. مارر لە مەسەلەی لێــکۆڵینەوەی نەژادی کورددا بە بەرهەمێــکی بەنرخ دەداتە قەلەم(٤٢) .

کوردناسی لە یەکێتی سۆڤیێت

بایەخ دان بە کوردناسی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوەندەی تر پەرەی ســەند و بونی کەمێنەیەکی کورد لەم وڵاتەدا و ئەو گۆڕانە هەرە گەورەیەی بەسەر ژیانی نوێیدا هات بونە هۆیەکی گرنگ و نوێی گەشــــە کردن و پێشکەوتنی کوردناسی سۆڤیێت و یەکێك لە ئەنجامە هــەرە گرنگەکانی ئەوە بو کە پاش ماوەیەك ڕۆڵەکانی ئەم کەمێنەیە خۆشــیان چاکیان لێ کرد بە لادا و چـــالاکانە هاتنە کۆڕەوە ...... ئێستا چوار مەڵبەندی کوردناسی لە سۆڤیێتدا هەیە : لە یەریڤان و لێنینگراد و مۆسکۆ و باکۆ(٤٣) .

---

(٤٢) بڕوانە : گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » ، بەغدا ١٩٧٢ ، ژ ٧ ، ل ٤٣ .

(٤٣) کاروباری زانستی ئەم چوار مەڵبەندە بە تەواوی پێــکەوە بە ستراون و هەنــگاوی هــەر مەڵبەندێــکیان بە بەشداری و هــاوکاری ئەوانی تر دەنرێن .

لە یەریڤان :

هەر لە دانانی ئەلف و بێی کوردی لە ساڵی ١٩٢٨دا و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بە تایبەتی لە ئەرمەنستانی سۆڤێت هەست بە پێشکەوتنی کاری کوردناسی دەکرێت . لە ساڵانی ٣٠ دا بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی زمانەوانی و ئەتنۆگرافی و فۆلکلۆری چەند لیژنەیەکیان بۆ دێهاتە کوردییەکان نارد . دوو زانای بەناوبانگ : ئەمینی عەڤدال و حاجی جندی لە کاروباری ئەو لیژنانەدا هاوبەشییان کردووە . هەروەها کۆنفرانسی کوردناسی کە لە ساڵی ١٩٣٤ لە یەریڤان بەسترا بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە پێشخستنی کوردناسی سۆڤێتدا[٤٤] .

ساڵی ١٩٣٣ فەرهەنگۆکێکی ئەرمەنی - کوردی[٤٥] ، وە ساڵی ١٩٣٥ فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی ئەرمەنی - کوردی[٤٦] بڵاوکرانەوە . ڕاستە لەم دوو فەرهەنگەدا چاومان بە هەندێ وشەی

---

(٤٤) لەم کۆنفرانسەدا لە گەلێك وتاری زانستی کۆڵبوونەتەوە ، بەتایبەتی لە وتاری : حاجی جندی « ڕێگای پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی کوردی سۆڤێت » ؛ ئەمینی عەڤدال « ڕێنووسی زمانی کوردی » ؛ قەناتی کوردۆ « بنچینەی ڕێزمانی زمانی کوردی » ؛ عەرەبی شەمۆ « کێشەی دەرەبەگایەتی لای کوردی پشت قەفقاس » ...... هتد .

(٤٥) خەبەرناما ز زمانە فلەزی - کورمانجی ، یەریڤان ١٩٣٣ .

(٤٦) خەبەرناما تێرمینۆلۆگیا فلەیی - کورمانجی ، یەریڤان ١٩٣٥ .

داتاشراوی وەها دەکەوێت کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دەستوری زمانی کوردیدا ناگونجێن و هەروەها گەلێك کەم و کورتی لە ناویاندا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوری خۆیان بینیوە و دەبینن.

لە ساڵی ١٩٣٢دا ئا. خاچاتۆریان کتێبێکی ڕێزمانی کوردی بە ئەرمەنی و کوردی لە چاپدا(٤٧) ناتەواوی گەورەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە دەستوری زمانی ئەرمەنی بە سەر زمانی کوردیدا سەپاندووە. هەروەها نوسەر لەسەر بناغەی نوسراوەکانی (جاردین و یوستی و بیدار.) ئەم ڕێزمانەی نوسیوە، بێ ئەوەی سود لە زمانی گفتوگۆی کوردی وەربگرێ، ئەمەش بووە بە هۆی سەرنەکەوتنی کارەکەی.

لە ساڵی ١٩٣٥دا لە یەریفان ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان کتێبێکی ڕێزمانی کوردییان دانا(٤٨). ئەم کتێبە، هەر وەك ئەوەی پێشو ناتەواوی ئێجگار زۆر بو، وە زۆر لەو کەم و کورتیانەی لە کتێبی ڕێزمانی نوسەرانی زودا هەبون دوبارە کراونەتەوە. لەگەڵ هەمو ئەو کەم و کورتیانەشدا، ڕێزمانەکەی ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی « دەورێکی گەورەی بینیوە لە

---

(٤٧) ئا. خاچاتۆریان، زماننامەی کرمانجی، یەریفان ١٩٣٢، (بە زمانی کوردی و ئەرمەنی).

(٤٨) ئا. خاچاتۆریان و حاجی جندی، زماننامە ژا کرمانجی، یەریفان ١٩٣٥ (بە زمانی کوردی).

پێشکەوتنی رۆشنبیریی کوردی ئەرمەنستاندا »[٤٩] هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە « دانەرانی ئەم رێزمانە لە چۆنێتی دانانی بنچینەی رێزمانی زمانی کوردیدا بۆ قوتابخانە کوردییەکان هیچ رێزمویەکی پێشتر لەبەر دەستیاندا نەبووە تا سودی لێ وەربگرن.[٥٠]

ئەمینی عەڤدال و حاجی جندی کتێبێکی گەورەی فۆلکلۆری کوردییان لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاوکردەوە[٥١] . لەم نوسراوەدا گەلێک گۆرانی و داستان و ئەفسانەی کوردیی تۆمار کراون و هەروەها شێوەی جیاوازی « مەم و زین » و « شێخی سەنعان » و « لەیل و مەجنون » و « زەمبیل فرۆش » نیشان دراون .

ئەمینی عەڤدال لە ساڵی ١٩٤٨دا کتێبێکی ئەتنۆگرافی لە بارەی ئافرەتی کوردەوە لە چاپدا[٥٢] . لەم نوسراوەدا بە تایبەتی سەبارەت بە خۆ و رەوشت ، منداڵ بەخێوکردن و خزمەتی ناو ماڵ ، شوکردن و پایەی ئافرەتی کورد دواوە. ئەم کتێبە لەسەر بنکەی رەخنە لەو کارانەی زۆ دەربارەی کورد نوسراون و لەسەر بناغەی ئەو کەرەستە نوێیەی نوسەر دەستی کەوتووە و لەسەر

(٤٩) ئی. ئی. تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردیی ، پێشەکیی ، ل ١٥ ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٥٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

(٥١) ئەمینی عەڤدال و حاجی جندی ، فۆلکلۆری کوردیی ، یەریڤان ١٩٣٦ .

(٥٢) ئەمینی عەڤدال ، ئافرەتی کورد ، یەریڤان ١٩٤٨ .

بنچینەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی داڕێژراوە . لە بەراوردکردنی پایە و دەور و رەوشتی ئافرەتی کوردی پشت قەفقاس بەر لە شۆڕش و پاش شۆڕشدا گەلێك نموونەی جوانی هێناوەتەوە ....

نوسەری ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٢دا لە ژێر ناوی « ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە لێیان » دا کتێبێکی بڵاوکردەوە[٥٣] . لەم بەرهەمەدا بە شێوەیەکی زانستی لە ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و ئەو زانایانەی (بە تایبەتی حاجی جندی) لە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا دەوریان بینیوە کۆڵیوەتەوە و دواوە . لە ساڵی ١٩٥٧یشدا بە ناوی « نەریتی کوردی پشت قەفقاس »ەوە کتێبێکی گەورەی لە چاپدا[٥٤] . ئەم نوسراوە لە دوو بەش پێك هاتووە : بەشی یەکەم (ل ١١ـ ١١٠) دەربارەی ژیانی کوردەوارییە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر . لەم بەشەدا بە دوور و درێژی لە پیشە و ژیانی کۆمەڵایەتی و خوو رەوشت و شین و شایی و دەرمان و نەخۆشی و گەورە و بچوك .... لای کورد دواوە . بەشی دووەم (ل ١٠٨ ـ ١٩٣) لە بارەی ژیانی کوردەوارییەوەیە لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە . لێرەدا باسی : پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا ، ئیش و کار ، چۆنێتی ژیان ،

---

(٥٣) ئەمینی عەڤداڵ ، ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی و لێکۆڵینەوە لێیان ، یەریڤان ١٩٥٢ .

(٥٤) ئەمینی عەڤداڵ ، نەریتی کوردی پشت قەفقاس ، یەریڤان ١٩٥٧ .

بەرهەم ، قوتابی و قوتابخانە ، ژیانی رۆشنبیری ..... کردوە .

هەر ئەمینی عەڤداڵ لە ساڵی ١٩٦٠دا لە گۆڤاری « رۆژهەڵاتناسی »دا لە ژێر ناوی « کولتوری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت »دا[٥٥] . بە زمانی رووسی وتارێکی بڵاوکردەوە . لەم وتارەدا باسی ئەو گۆڕانەی کردوە کە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ژیانی کۆمەلایەتی کورددا رووی داوە . ئەم زانایە لە ساڵی ١٩٦٥یشدا بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی بە ناوی « پەیوەندی خێزانی لە ناو کورددا » بڵاوکردەوە[٥٦] و ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە کە نوسەر بە زمانی زگماکی خۆی ئەم بەرهەمە راراودیەی پێشکەش کردوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە ئەمینی عەڤداڵ بە لێکۆڵینەوە زانستیەکانی کە بە زمانی ئەرمەنی و رووسی و کوردی نوسیوێتی خزمەتێکی گەورەی رۆشنبیری گەلەکەی کردوە و چەند بەردێکی مەحکەمی لە دروست کردنی کۆشکی کوردناسی سۆڤێتدا داناوە .

حاجی جندی کە زانایەکی ناسراو و گەورەی کوردی سۆڤێتە ، لە کۆکردنەوە و رزگارکردنی فۆلکلۆردا لە مەترسی خزمەتێکی زۆر و بێ‌شوماری کردوە .

---

(٥٥) ئەمینی عەڤداڵ ، کولتوری کوردی ئەرمەنستان ، گۆڤاری « رۆژهەلاتناسی » ، یەریڤان ١٩٦٠ ، ب ١ ، ل ١٧٦ – ١٨٩ .

(٥٦) ئەمینی عەڤداڵ ، پەیوەندی خێزانی لە ناو کورددا ، یەریڤان ١٩٦٥ .

یەکەم نوسراوی ئەم زانایە کتێبی « فۆلکلۆری کوردی » یە کە ساڵی ۱۹۳٦ لەگەڵ ئەمینی عەفدالدا بڵاویان کردۆتەوە و کە لە سەرەوە لێی دواوین . هەر لە ساڵی ۱۹۳٦ دا حاجی جندی بە هاوکاری کارۆ زاکاریان هەندێ تێکستی فۆلکلۆری کوردی لە چاپدا[٥٧] . لەم کتێبەدا بە شێوەیەکی سەرەکی گۆرانی دڵداری و ئەڤین و هەڵپەڕکێ و قارەمانێتی ..... تۆمار کراون و هەروەها نوسەران لە بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی کۆڵیونەتەوە .

حاجی جندی گەلێك وتاری لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێتیەوە بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « دەنگی قارەمانێتی و ئازایەتی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت لە فۆلکلۆردا »[٥٨] ؛ « فۆلکلۆری کوردی و سۆڤێتی »[٥٩] ؛ « ئەدەبی کوردی ئەرمەنستانی سۆڤێت »[٦٠] .... وە لە ساڵی ۱۹٥۷ دا لە ژێر

---

(٥٧) حاجی جندی و کارۆ زاکاریان ، گۆرانی میللی کوردی ، یەریڤان ۱۹۳٦ .

(٥٨) بڕوانە : « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان » ، یەریڤان ۱۹٤۲ ، ژ ۹ – ۱۰ .

(٥٩) بڕوانە : « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستان » ، یەریڤان ۱۹٥۱ ، ژ ۱۰ .

(٦٠) بڕوانە : گۆڤاری « ئەدەب و هونەری سۆڤێتی » ، یەریڤان ۱۹٥۱ ، ژ ۱۰ .

ناوی « فۆلکلۆری کوردی » دا کتێبێکی لە چاپدا.[61] ئەم نوسراوە (٢٩٣) لاپەڕەیە و ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەیە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٤) ؛ داستان و سەرگوزشتە (ل ٥ ـ ١٥٩) ؛ ئەفسانە (ل ١٦١ ـ ١٨٦) ؛ گۆرانی دڵـداری و ئەڤین (ل ١٨٩ ـ ٢٢٣) ؛ گۆرانی شـایی (ل ٢٢٥ ـ ٢٤٨) ؛ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق (ل ٢٥٠ ـ ٢٨٢) ؛ فۆلکلۆری کوردی پاش شۆڕش (ل ٢٨٣ ـ ٢٩٣) .

سـالی ١٩٦١ یش بەرگی یەکەمی کتێبی « حیکایەتی کوردی » بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە[62] . لە پێشەکیدا (ل ١ ـ ١٥) لە بارەی فۆلکلۆری کوردییەوە دواوە و باسی هەموو جۆرەکانی حیکایەتی کوردی کردوە . لە سـالی ١٩٦٢ دا بەرگی دووەم[63] و لە سالی ١٩٦٩ دا بەرگی سێیەمی[64] ئەم کتێبەی لە چاپدا .

هەر لە سالی ١٩٦٩دا لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی حاجی جندی‌دا کتێبی « گۆرانی و حیکایەتی کوردی » بڵاوکرایەوە[65] .

---

(٦١) حاجی جندی ، فۆلـکلۆری کوردی ، یەریڤان ١٩٥٧ .

(٦٢) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ١ ، یەریڤان ١٩٦١ .

(٦٣) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ٢ ، یەریڤان ١٩٦٢ .

(٦٤) حاجی جندی ، حیکایەتی کوردی ، ب ٣ ، یەریڤان ١٩٦٩ .

(٦٥) خ. مورادوف ، م. رودێنکۆ ، ق. کوردۆ ، ع. شەمۆ ، ئی. ئمو کەرمان ، گۆرانی و حیکایەتی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٩ .

لەم نوسراوەدا گەلێك داستانی کوردی ، وەك : « مەم و زین » ، « سیڤا ئاجی » ، « دمدم » ، « زەمبیل فرۆش » ، « لەیل و مەجنون » ..... تۆمار کراون.

لە کۆکردنەوە و تۆمار کردن و بلاوکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا حاجی جندی دەورێکی گەورەی بینیوە . ئەو سامانە نەتەوایەتیەمانی لە مەترسی لە ناوچون و فەوتان رزگار کردوە و ئەم کارە بووە بە کەرەستەیەکی زۆر و سەرچاوەیەکی راست و زانستی بۆ لێکۆلینەوە لە زمان و مێژو و ئەتنۆگرفیا...ی کورد. ئەم خزمەتە بێشومارەی حاجی جندی بووە بە هۆی رێز و تەقدیرێکی بەرز بۆ نوسەر و کاری پیرۆزی .

هەروەها بەم کارە حاجی جندی رێگەی نیشانی زانایانی بەرەی نوێ داو ئێستا گەلێك لە کوردانی سۆڤێت بە کۆکردنەوە و رزگارکردنی فۆلکلۆرەوە خەریکن ، بە تایبەتی ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل . . .

لە سالی ١٩٦٤دا ئۆردوخانی جەلیل کتێبێکی لە ژیر ناوی « چوارینەی فولکلۆری کوردی ـ گۆرانی دلداری و ئەڤین » دا بلاوکردەوە[٦٦] ، وە لە سالی ١٩٦٩ و ١٩٧٠دا دو کتێبی بچوک

(٦٦) ئوردوخانی جەلیل ، چوارینەی فۆلکلۆری کوردی ـ گۆرانی دلداری و ئەڤین ، یەریڤان ١٩٦٤ .

« پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی »[٦٧] و لە ساڵی ١٩٦٨ کتێبی داستانی قارەمانێتی کورد « خانی لەپ زێڕین » و « قەڵای دمدم »ی[٦٨] لە چاپدا .

یەکێك لە کارە هەرە گەورە و زانستێکانی ئۆردوخانی جەلیل کتێبی « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی » یە کە بە هاوکاری جەلیلی برای بە زمانی کوردی و رووسی نوسیویێتی[٦٩] لێرەدا پێویستە سەرنج بو ئەوە رابکێشین کە وا نوسەرانی ئەم کتێبە لە ریتی پێشەکی بە رووسی (ل ٥ ـ ٢٣) و بە کوردی (ل ٢٤ ـ ٤١) بە کورتی بە شێوەیەکی پێویست و شێوازیکی زانستی لە بارەی مێژووی لێکۆڵینەوە و نرخ و شوێن ...... ی پەندی پێشینانی کوردی دواون .

هەرچەندە لە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی رووسی و خستنە سەر ئەلفبای لاتینیی چەند ناتەواوی و هەڵەیەکی کەم دەبینرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی پوخت و نایاب و سەرکەوتوە و کەلێنێکی

---

(٦٧) ئۆردوخانی جەلیل ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، یەریڤان ١٩٦٩ وە ١٩٧٠ .

(٦٨) ئۆردوخانی جەلیل ، « خانی لەپ زێڕین » و « قەلای دمدم » و مۆسکۆ ١٩٦٧ .

(٦٩) ئۆردوخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل ، « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٧٢ .

گەورەی لە کوردناسیدا پڕکردۆتەوە .

جەلیلی جاسم کە کوردناسێکی لاوە ، جگە لە چەند وتارێك دوو کتێبی نایابی لە بارەی مێژووی کوردەوە بڵاوکردەوە : کتێبی یەکەمیان لە بارەی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوەیە کە لە ساڵی ١٨٨٠دا دژی ناڕەوایی و ستەمی ڕژێمی تورکیا و ئێران بەرپا بوو.(٧٠) کتێبی دووەمیان لە بارەی پێشکەوتنی سیاسەتی میللەتی کورد دەدوێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ـ واتە لەو دەورەی کە لە ئەنجامی دواکەوتن و لاوازبوونی باری ئابووری و جەنگی و سیاسەتی فەرمانڕەوایی سوڵتانەکانی عوسمانی لە کوردستاندا ئەمارەتە کوردییەکان بەهێز بوون و فروان کران(٧١) .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە کتێبی یەکەمیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی « التآخی » ساڵی ١٩٧٢دا بە چەند زنجیرەیەك بڵاوکراوەتەوە ، کتێبی دووەمیشیان ئێستا د. کەمال مەزهەر خەریکی وەرگێڕانیەتی بۆ عەرەبی و تاکوو ئێستا چەند زنجیرەیەکی ئەو تەرجومەیەی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و تێبینی زانستی،خۆی لەو کارە لە هەمان ڕۆژنامەدا خستۆتە بەر دەم خوێنەران .

---

(٧٠) جەلیلی جەلیل ،شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی کورد ، مۆسکۆ ١٩٦٦ .

(٧١) جەلیلی جەلیل ، کوردی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ، مۆسکۆ ١٩٧٣ .

خالیدی چەتۆ کە ئێستا سەرۆکی بەشی کوردیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستیی ئەرمەنستانە چەند نوسراوێکی لە بارەی مێژووی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی کتێبی «کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیێتی»[٧٢] و «کورد لە شەڕی دووەمی جیهاندا»[٧٣] ... ناسراوان و سەرنج ڕادەکێشن. لە کتێبی یەکەمدا سەبارەت بە دەوری پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان گەلێك نمونەی کە بون بە هۆی پێشخستنی ڕادەی ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیری... چینی کرێکاری کورد هێناوەتەوە. بەم بۆنەیەوە نوسەر لە پێشەکیدا نوسیویێتی دەڵێ: لەم کتێبەدا ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوریەی لە بنەڕەتا پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیێت بەسەر کورددا هاتووە ڕون دەکرێتەوە[٧٤] .... لە کتێبی دووەمدا دەوری کوردی سوڤیێتی نیشان داوە لە هاوبەشی ڕاستەقینەدا لەگەڵ هەمو میللەتانی تری سۆڤیێتدا لە شەڕی دووەمی جیهاندا بەرامبەر بە هێرشی ئەڵمانیای نازی.

شەکرۆی خودۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕۆژنامەی «ڕێیا تازە» کاری دەکرد و ئێستا لە بەشی کوردییەکەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی یەریڤانە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم نوسەرە بە زۆری دەربارەی بزوتنەوەی

---

(٧٢) خالیدی چەتۆ، کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیێتی، یەریڤان ١٩٦٥.

(٧٣) خالیدی چەتۆ، کورد لە شەڕی دووەمی جیهاندا، یەریڤان ١٩٦٩.

(٧٤) سەرچاوەی ناوبراو، کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیێتی، ل ٥.

ئازادیی نەتەوایەتیی کوردە لە عێراق و هەروەها چەند وتارێکیشی لە بارەی وەزعی کوردی تورکیا پاش شەڕی دووەمی جیهان بڵاوکردۆتەوە.

مەکسیمی خامۆش لە بارەی زمانی کوردییەوە چەند وتار و نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە، وەك : « رەخنە لە کتێبەکەی چ. خ. باکایێف (شێوەی کوردیی تورکمەنستان) »(٧٥) ؛ « مەرفۆلۆژیای شێوەی بادینان »(٧٦)...

گ. ب. ئاکۆپۆف دەربارەی نەژاد و مێژووی کورد هەندێ وتاری بڵاوکردۆتەوە. کاری هەرە گەورەی ئەم زانایە نامەی دوکتۆرێکەیەتی کە لە ژێر ناوی « رەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی کورددا » نوسیویەتی. ئەم نوسراوە پتر لە (٥٠٠) لاپەڕە دەبێت. گ. ب. ئاکۆپۆف لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەلێك زانیاری راست و چەسپاوی شێواندوە و لە رونکردنەوەی نەژاد و زمان و کولتوری گەلی کورددا گرنگیی بە تیۆری بورجوازیی و یافیتیی و سامیی و شۆڤێنێتیی فارسیی و تورکیی داوە، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە گەلێك لاپەڕەی لەسەر لێکدانەوەی هەندێ ئەفسانەی جیاوازی کوردیی و عەرەبیی و فارسیی نوسیوە و بەم بۆنەیەوە دەڵێ : « هیچ یەکێك لەم سەرگوزشتە و داستانانەی سەدەکانی ناوەڕاست بە

(٧٥) بڕوانە : گۆڤاری « مێژو و فیلۆلۆژیا » ، یەریڤان ١٩٦٥ ، ژ ٣.

(٧٦) بڕوانە « کورتەی نامەی دوکتۆریی » ، یەریڤان ١٩٦٥.

خۆڕایی هەڵنەبەستراون و ڕەگیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن ، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستان بۆ ڕوونکردنەوەی نەژادی کورد دەوری خۆی دەبینێ »[٧٧] . ڕاستە سەرگوزشتە هەن کە هەڵبەستراون و ڕێك خراون بە گوێرەی پێویستی چەرخ . ئەو جۆرە سەرگوزشتە و داستانانە ناتوانن ببن بە بەڵگەی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەی باسێکی زانستی . نووسەر جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و سەرگوزشتە و داستانی ڕاست و ناڕاست ، ڕوداو و هەڵبەستراودا نابینێت ، هەر لەبەر ئەوەشە گەلێك لاپەڕەی بەو ئەفسانانە پڕکردۆتەوە کە دەڵێن کورد لە شەیتانەوە پەیدابوون[٧٨] .

گ. ب. ئاکۆپۆف گەلێك بیر و ڕای دوور لە زانستی هێناوەتەوە و ویستویەتی لەو ڕێگەیەوە بگاتە ئەنجام . هەروەها هەوڵی زیندوو کردنەوەی گەلێ تیۆری چەوت و بۆرجوازی وای داوە کە لە مێژوە لەناو براون . . . بێگومان ئەمانە هەمو بوون بە هۆی لاوازی لێکۆڵینەوەکە .

---

(٧٧) گ. ب. ئاکۆپۆف ، « ڕەخنەی مێژوویی لە مەسەلەی نەژادی کورددا » ، (کورتەی نامەی دوکتۆری) ، یەریڤان ١٩٦٩ .

(٧٨) لە وتارێکی ق. کوردۆوە وەرگیراوە ، کە هێشتا لە چاپ نەدراوە

له لێنینگراد :

ساڵی ١٩٢٨ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان ژمارەیەك قوتابی کوردی نارد بۆ « زانستگەی کرێکاران » له لێنینگراد . پاش تەواوکردنی زانستگە هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ئەرمەنستان و چەند کەسێکیان لە ئاموزگای زمانەوانی زانکۆی لێنینگراد وەرگیران . بەم بۆنەیەوە سەرۆکی بەشی ئێرانی پرۆفیسۆر ئا. ئا. فرێیمەن بەشی کوردی کردەوە ، وە بۆ پتەو بوون و فراوان کردنی بەشەکە چەند قوتابیەکی لە میللەتانی تری سۆڤێت وەرگرت و هەروەها ئی. ئا. ئۆربیلی بۆ وتنەوەی زمانی کوردی و ئەتنۆگرافیای کورد بانگ کرد .

ساڵی ١٩٣٣ چەند قوتابیەکی پۆلی سێهەم : فەناتی کوردۆ و عەرەبی شەمۆ و ئیسحاق تسوکەرمان بە رابەری مامۆستاکانیان لە بارەی زمانی کوردییەوە دوو وتاریان بڵاوکردەوە : « ئیزافە لە زمانی کوردیدا »(٧٩) و « نێر و مێ لە زمانی کوردیدا »(٨٠) . لەم دوو وتارەدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردناسیدا هەست بە هەندێ

---

(٧٩) بڕوانە : گۆڤاری « شۆڕش و نووسین » ، مۆسکۆ ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ٥١ ــ ٥٦ .

(٨٠) بڕوانە : کتێبی « نووسین و شۆڕش » ، مۆسکۆ ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ١٧٩ ــ ١٨٠ .

خاسیەتی دابەشکردنی ناو بەسەر نێر و مێدا و نیشانەی ئیزافەدا کراوە.

پاش ماوەیەك سێ قوتابی لە دەرچوانی بەشی کوردیی زانکۆی لێنینگراد: یو. یو. ئاڤالیانی، ق. کوردۆ، ئی. ئی. تسوکەرمان لە بەشی دوکتۆرا وەرگیران و ساڵی ١٩٣٩ — ١٩٤١ خوێندنی دوکتۆرایان تەواو کرد.

پێگەیاندنی کادری کوردناسیی لە بەشی ئادابی زانکۆی لێنینگراد بە تایبەتی بە یارمەتیی ئا. ئا. فریێمەن و ئی. ئا. ئۆربیلی هەنگاوێکی گەورە بوو لە پێشخستنی کوردناسیدا بە گشتی و وەرگرتنی شێوەیەکی راست و شێوازێکی زانستیی لە لێکوڵینەوەی مەسەلەی کوردناسیدا.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩دا بە فەرمان و سەرپەرشتیی سەرۆکی ئاموزگای رۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد ئی. ئا. ئۆربیلی ئەو چەند کوردناسەی کە لە بەشی ئێرانیی بوون جیا کرانەوە و وەك کۆمەڵێکی سەربەخۆ لە ژێر ناوی «کەبینێتی کوردیی»دا رێکیان خستن و ئەمەش هەنگاوێکی گەورەی تر بوو لە پێشخستنی کوردناسیی سۆڤێتدا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ژمارە زۆرە کارە زانستییە نایاب و بەنرخانەن کە کارگێڕانی بەشی کوردیی لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا لە بارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بڵاویان کردۆتەوە.

هەروەها حەز دەکەم سەرنجیش بۆ ئەوە رابکێشم کە وا ئی. ئا. ئۆربیلی لە یەکێتیی سۆڤێت بناغەی کوردناسیی دانا و خزمەتێکی

باشی ئەم زانستەی کردوە و لە لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردیدا دەورێکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەی بە کاروباری کارگێڕی و مەسەلەی زمانەوانییەوە بە گشتی زۆر خەریك بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار لە کورد و زمانەکەی کۆڵیوەتەوە و لە ناو دستنوسەکانیدا هەندێ لێکۆڵینەوەی لە سەر زمانی کوردی ئەرمەنستان هەیە.

مامۆستا قەناتی کوردۆ کە لە پاش ئی. ئا. ئۆربیلییەوە تا ئێستا سەرۆکی بەشە خزمەتێکی گەورە و شایانی کوردناسی کردوە و لەم رووەوە گەلێك کاری زانستی نوسیوە، کە زۆربەیان بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی تەرخان کراون - واتە نوسینی رێزمانی کوردی (تیۆری و پراکتیك)، لێکۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی، بەراوردکردنی دیالێکتی کرمانجی ژورو و خوارو، دانانی فەرهەنگی کوردی - روسی و ئەو بابەتانە.

ئەو کارە زمانەوانیانەی ق. کوردۆ نوسیویەتی ئەمانەن:
دو فەرهەنگ - کوردی (کرمانجی ژورو) - روسی [٨١]، وە کوردی (کرمانجی خوارو) - روسی [٨٢]. چەند کتێب و نامیلکە لە بارەی رێزمانی زمانی کوردییەوە، وەك: «رێزمانی زمانی کوردی» (بە

(٨١) ق. کوردۆ، فەرهەنگی کوردی (کرمانجی ژورو) - روسی، مۆسکۆ ١٩٦٠.

(٨٢) ئامادە کراوە بۆ چاپ.

زمانی کوردی)[٨٣] ، « رێزمانی زمانی کوردی » (به زمانی رووسی)[٨٤] ، « بەراوردکردنی رێزمانی زمانی کوردی »[٨٥] . . . هەروەهـا ژمارەیەکی زۆر لە وتار ، وەك : « تصریفی کرداری متعدی لە زمانی کوردیدا »[٨٦] ، « مانا و فەرمانی پاشگری ـ ك (ەکە) لە زمانی کوردیدا »[٨٧] ، « پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا »[٨٨] ، « جێناوی لکاو لە زمانی کوردیدا »[٨٩] ، « لە بابەت نفیسکار زمان و ئەلفبایی

---

(٨٣) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٤٩دا لە یەریڤان لە چاپ دراوە و تاکو ئێستا چوار جار ـ لە ساڵانی ١٩٤٩ ، ١٩٥٦ ، ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا لە چاپ دراوەتەوە .

(٨٤) ق. کوردۆ ، رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٦٢ .

(٨٥) نامەی دوکتۆرییەکەبەتی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا دوکتۆرای علومی بۆ وەرگرتووە و ئێستا لە ژێر چاپدایە .

(٨٦) بڕوانە : کتێبی « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیست و چوارەی رۆژهەلاتناسیدا » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ ، ل ٩ .

(٨٧) بڕوانە کتێبی « مێژووی کولتووری گەلانی رۆژهەلات » (بۆ بیرەوەری ئی ئا. ئۆربیلی) ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ١٩٦٠ ، ل ٣٦١ ـ ٣٦٨.

(٨٨) بڕوانە کتێبی « فیلۆلۆژیای ئێرانی » ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(٨٩) بڕوانە کتێبی « نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی رۆژهەلات » ، لێنینگراد ١٩٦٥ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ .

پەرتوکێت دینی ئێزیدیان »[٩٠] ...

ق. کوردۆ تەنها بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییەوە خەریك نەبووە ، بەڵکو گەلێك بەرهەمی باشیشی لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « ئەحمەدی خانی و بەرهەمی ئەدەبی »[٩١] ، « کوردی ئەرمەنستان لە ئەدەبی دەردوەدا »[٩٢] ، « قەلای دمدم ـ داستانی قارەمانێتی کورد »[٩٣] ، « پەندی پێشینانی کوردی »[٩٤] ، « شی کردنەوەی بەڵگەکانی کەزنەفۆن دەربارەی کاردوخەکان »[٩٥] ، « کارەکانی پ. لێرخ لە بارەی کوردناسییەوە »[٩٦] ... و گەلێکی تر[٩٧] .

---

(٩٠) بڕوانە گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، بەغدا ١٩٧٣ ، ب١ ، ل ١٣٢ ـ ١٧٢ .

(٩١) گۆڤاری « روناهی » ، بەغدا ١٩٦١ ، ژ ٩ ـ ١٠ .

(٩٢) بڕوانە : رۆژنامەی « رێیا تازە » ، یەریڤان ١٩٦٠ .

(٩٣) بڕوانە : کتێبی « چیرۆك و داستانی کوردی » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

(٩٤) بڕوانە : کتێبی « پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی رۆژهەلات » ، مۆسکۆ ١٩٦٠ .

(٩٥) بڕوانە : کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی زانستی ئێرانناسی » (بۆ یادی شەست ساڵەی پرۆفیسۆر ن. ئا. بۆڵدرێف) ، مۆسکۆ ١٩٦٩ ، ل ٢٥ ـ ٢٨ .

(٩٦) بڕوانە : کتێبی « لە بارەی مێژووی رۆژهەلاتناسی روسەوە » ، مۆسکۆ ١٩٥٩ ، ب ٤ ، ل ٣٩ ـ ٥١ .

(٩٧) کارە زانستیکانی ق. کوردۆ هێندە زۆرن کە لەم وتارەدا توانای=

هەروەها ئی. ئی. تسوکەرمان خزمەتێکی باشی زمانی کوردی کردوە و ژمارەیەکی زۆر لە وتار و نامیلکە و کتێبی لە بارەی زمانی کوردییەوە نوسیوە. ئەوەی لە ناویاندا جێگای بەرز و دیاری وەرگرتبێ کتێبی « رێزمانی زمانی کوردی » یە کە لە سالی ١٩٦٢دا لە چاپ دراوە[٩٨]. ئەم نوسراوەی کە بریتییە لە (٢٤٠) لاپەرە، دەربارەی کردارە لە دیالێکتی کرمانجی ژوروودا! بەمە و ژمارەیەك کاری زانستی تر لە مەسەلەی مەرفۆلۆژیادا[٩٩] گەلێك کێشەی ئالوز و گرنگی رێزمانی زمانی کوردی خاوکردۆتەوە.

هەرچەندە زۆربەی ئەو کارە زانستیانەی کوردناسانی لێنینگراد نوسیویانە سەبارەت بە زمان بەلام لە گەلێ روی تریشەوە درێغییان نەکردوە، بە وینە دەبینین لە بارەی فۆلکلۆر و ئەدەبەوە بە تایبەتی م. ب. رودێنکۆ کۆمەلێك کاری نایابی بلاوکردۆتەوە، وەك: «مەم و

= ئەوەمان نییە باسی هەمویان بکەین. هەروەها ماموستا کوردۆ تا ئەمڕۆش کە تەمەنی گەیشتوە بە شەست و سێ سالی رەبەق لەم مەیدانە سەختەدا هەر خەریکی رازاندنەوەی کتێبخانەی زانستی کوردییە بە بەرهەمە بەهادارەکانی.

(٩٨) ئی. ئی. تسوکەرمان، رێزمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ ١٩٦٢.

(٩٩) بە وێنە: « وشەی مرکب لە زمانی کوردیدا » (لە کتێبی: وتاری زانایانی ئامۆزگای زمانەوانی، لێنینگراد ١٩٦٣)؛ « نیشانەی کۆ لە دیالێکتی کرمانجی ژوروودا » (فیلۆلۆژیای ئێرانی، مۆسکۆ ١٩٦٩) ......

زینی ئەحمەدی خانی »[100] ، « شێخی سەنعانی فەقێ تەیران »[101] ، « لەیل و مەجنونی حارسی بتلیسی »[102] ... لە بارەی ئەتنۆگرافیاشەوە « عادات و رسـومات نامـەی اکرادیەی مـەلا مەحمـودی بایەزیدی »[103] ....

کاری هـەرە گەورە و سەرکەوتو لە مەسەلەی مێژوی گەلی کورددا شـەرەفنامەی شەرەف خانی بتلیسی‌یە کە ی. ئی. ڤاسیلیڤا کردویە بە روسی و لە سالی ۱۹٦۷دا لەگەل پێشەکیەکی نایابـدا بلاوی کردۆتەوە[104].

لە نێوان کارەکانی ژ. س. موسیلیاندا «بیبلوگرافیای کوردناسی» کە سالی ۱۹٦۳ بلاوی کردۆتەوە[105] ، جێگای تایبـەتی خـۆی

---

(۱۰۰) م. ب. رودێنکۆ ، « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانـی ، مۆسکو ۱۹٦۲ .

(۱۰۱) م. ب. رودێنکۆ ، « شێخی سەنعان »ی فەقێ تەیران ، مۆسکو ۱۹٦٥ .

(۱۰۲) م. ب. رودێنکۆ ، « لەیـل و مەجنـون »ی حارسـی بتلیسـی ، مۆسکۆ ۱۹٦٥ .

(۱۰۳) م. ب. رودێنکۆ ، « عادات و رسومات نامەی اکرادیە »ی مەلا مەحمودی بایەزیدی ، مۆسکۆ ۱۹٦۳ .

(۱۰٤) ی. ئی. ڤاسیلیڤا ، « شەرەفنامە »ی شەرەف خانی بتلیسی ، مۆسکۆ ۱۹٦۷ .

(۱۰٥) ژ. س. موسیلیان ، بیبلوگرافیای کوردناسی ، مۆسکۆ ۱۹٦۳ .

وەرگرتووە. زارێ یوسوپۆڤاش جگە لە هاوکاری کردن لە دانانی ئەو فەرهەنگە کوردیێ (کرمانجیێ خوارۆ) ـ رۆسیەدا کە لە سەرەوە ناومان برد، هەروەها چەند وتارێکی نایابی لە بارەی رێزمانی کوردییەوە (دیالێکتی کرمانجیێ خوارۆ) بڵاوکردۆتەوە.

ئو. ل. ڤیلچێڤسکی گەلێك نوسراوی مێژوویی و ئەتنۆگرافیی و ئەدەبیێ و زمانەوانیێ بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە داخەوە مەرامی هەرە گەورەی لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەبوو کە تەشەنە بە بیر و را چەوتەکانی ن. یا. مارر، بدا و بیانی چەسپێنێ و جێگیریان بکات. ئو. ل. ڤیلچێڤسکی دژی ئەو رێگا راستە مێژووییە راوەستابوو کە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانیێکان و بە تایبەتی بۆ زمانی کوردیێ بەکار دەهێنرا. ڤیلچێڤسکی زمانی کوردیێ وەك زمانێکی تێکەڵاو تەماشا دەکرد و وای دەدایە قەڵەم کە رێگای پێشکەوتنی لە زمانە یافیتیێکانەوە دەست پێ دەکات و دوایی لە رێگای زمانە ئێرانیێکان و عەرەبییەوە بەرەو زمانی تورکیێ دەڕوات.

هەر لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە هەن لە زمانی تورکییەوە نزیکن، ڤیلچێڤسکی دەڵێ کە گوایا لە سەدەی ١٣دا لە تورکیا زمانی چینی سەرکاری کورد تێکەڵ بە زمانی تورکیێ بوو، بەڵام زمانی چینی زەحمەتکێش هەر لەسەر شێوەی کۆنی دەڕۆیشت، کە یافیتیێ و ئێرانیێ و عەرەبیێ بوو.... «پاش ماوەیەك، لەسەرخۆ زمانی چینی زەحمەت کێش لە زمانە سامیێکان نزیك

دەبێتەوە . لە پڕ لە زمانە سامییەکان دوور دەکەوێتەوە و وەك زمانی چینی دەرەبەگی ساکاری ئەو دەورەی لێ دێت »[١٠٦] .

ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی لە وتاری « کەرەستەی زمانەوانیی دەربارەی مێژووی شێوەی کۆمەڵایەتیی کوردستان »[١٠٧] و « پێشکەوتنی زمانە زیندووەکانی ئێران »دا[١٠٨] ، زمانە ئێرانییەکانی ناوچەی ئێران بە سەر زمانی ئەدەبیی و زمانی گفتوگۆدا دابەش دەکات . بەم جۆرە زمانی فارسیی - بە زمانی ئەدەبیی ، وە زمانی فارسیی زیندوو و دیالێکتەکانی زمانی کوردیی - بە زمانی گفتوگۆ دەداتە قەڵەم و لەم رووەوە نووسیویەتی دەڵێ : زمانی ئەدەبیی - لە سەرێکەوە زمانی چینی بەڕێوەبەرانە و لە سەرێکی کەشەوە یەکێکە لە زمانە هیند و ئەوروپاییەکان . زمانی گفتوگۆ - زمانێکی زیندووە و پەیوەندییەکی کۆن و بە هێزی هەیە لەگەڵ زمانە یافیتییەکاندا ، یاخود هێشتا لە دەوری یافیتیی دان .

لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەکانی ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکیدا وا

---

(١٠٦) ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ، پێشکەوتنی زمانە زیندووەکانی ئێران ، « ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر » ، مۆسکۆ - لینینگراد ١٩٣٥ ، ل ١٩٤ .

(١٠٧) زمانە ئێرانییەکان ، ب ١ ، ١٩٤٥ ، ل ١٣ - ٣٠ .

(١٠٨) سەرچاوەی ناوبراو ، ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر ، مۆسکۆ - لینینگراد ١٩٣٥ ، ل ١٩١ - ١٩٨ .

دەردەکەوێ کە کورد میللەتێکی رەسەن نییە و خاوەنی یەك زمان نییە ، بەڵکو لە جیاتی یەك زمان کە هەمو کۆمەڵی کورد تێی بگەن خاوەنی سێ چوار زمانن ، وە لـە چۆنیەتی دروست بون و پێشکەوتنیشدا زۆر جیاوازن لە یەکتر . هەر لەبەر ئەم باوەڕەشە کە دەڵێ : « لە زمانی کوردیدا ، راستتر لە زمانە کوردییەکان دەبێ باش بکۆڵرێتەوە ـ واتە لەسەر شێوەی زانیاری نوێ ، ئەوسا گەلێك دەوری لە بیرکراوی ئادەمیزاد ئاشکرا دەبێ »[۱۰۹] .

ق . کوردۆ زۆر راست پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئو. ل. ڤیلچێڤسکی لە هەمو نوسـینەکانیدا کە دەربارەی کورد و زمان و ئەدەب و مێژوی کۆمەڵایەتی کوردن باش دەردەکەوێ کە یەکێکە لە چالاکترین لایەنگیران و پڕوپاگەندەکەرانی تیۆرییە چەوتەکەی ن. یا. مارر لە بارەی نەژادی کورد و زمانی کوردییەوە . لە گشت نوسینەکانیدا تەشـەنە بە بیر و باوەڕەکانی ن. یا. مارری مامۆستای دەدات و بە هەمو چەشنێك هەوڵی داوە نیشانی بدات کە کورد خاوەنی زمان و مێژو و کولتوری خۆیان نین[۱۱۰] .

هەروەها د. کەمال مەزهـەر لە وتارێـکیدا کە لە ژمارە

---

(۱۰۹) گۆڤاری « ئەتنۆگرافیای سۆڤێت » ، ژ ٤ ـ ٥ ، ١٩٣٦ ، ل ١٢٣ .

(۱۱۰) ق. کوردۆ ، رەخنـە لە بیر و باوەڕی چـەوت بەرامبـەر بە زمانی کوردی ، گۆڤاری « کورتەی دەنـگوباسی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ب ١٢ ، ل ٤٧ .

(٩)ی ساڵی ١٩٧٢ی گۆڤاری « بەیان »دا بڵاوی کردۆتەوە[١١١] . بە گەلێك بەڵگەی زانستی و واقعی ئەو هەڵانەی ئو. ل. ڤیلچێڤسکی راست کردۆتەوە کە لەو باسەی لە بارەی « کورد » و « کوردستان »دا لە ئینسکلۆپیدیای مێژوی سۆڤیێتدا کردویتی .

لە ساڵی ١٩٦١دا ڤیلچێڤسکی لێکۆلینەوەیەکی لە ژێر ناوی « کورد . سەرەتایەك لە مێژوی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد » بڵاوکردەوە[١١٢] . ئەم کتێبە کە ١٦٢ لاپەڕەیە پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ـ ٤) و هەشت فەسڵ (ل ٥ ـ ١١٦) و هەندێك سەرنج و ئەنجام (ل ١١٧ ـ ١٦٢) .

نوسەر لەم کتێبەدا لە رێگای هێنانەوەی هەندێ نمونەی ئاشکرا لە زانستدا دەربارەی کۆمەڵی خاوەن کۆیلەکان ، لە رێگای نیشاندانێکی زۆر لە بیر و رای هەندێك لە زانایان دەربارەی دروست بونی کۆمەڵ و سیاسەتی میللەتان و هۆزانی جیاوازی زۆ کە لە ناوجەرگەی کوردستانی ئێستادا جێگیر بوبون ، لە رێگای بەراوردکردنی هەندێ بەڵگەی مێژویی و کۆمەڵایەتی و

---

(١١١) د. کەمال مەزهەر ، کورد و کوردستان لە ئینسکلوپیدیای مێژوی سۆڤیەتیدا ، گۆڤاری « بەیان » ، ژ ١ ، بەغدا ١٩٧٢ ، ل ٢٠ ـ ٢٣ .

(١١٢) ئو. ل. ڤیلچێڤسکی ، کورد . سەرەتایەك لە مێژوی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد ، مۆسکۆ ١٩٦١ .

ڕەوشەنبیرێ ، هەروەها لە ڕێگای بیر و باوەڕێکی شێواو و نەگونجاو و بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستێ و لەسەر بنچینەی تیۆرییەکی چەوت و ناڕاست ویستویەتی پەیوەندێ کورد لەگەڵ میللەتانی دراوسێیدا نیشان بدات . ئەو باوەڕەی زانایان هەیانە دەربارەی ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ نیشاندانی پەیوەندێ ئەتنۆگرافێ و زمانێ لە نێوان کوردی ئێستا و خێڵە سامیێکان و عەرەبەکان و یافیتێکان و تورکەکاندا نوسەر بە ڕاستی نازانێ و هەوڵی داوە بە هەر چەشنێك بێت لە ناو کورددا شتێك هەر بدۆزێتەوە ، کە لەو ڕێگایەوە کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەی ناومان بردن بکات بە خزم . هەروەها ڤیلچێڤسکی بێ هیچ بەڵگەیەك دژێ ڕای ڕاست و چەسپاوی ئەو زانایانە وەستاوە ، کە کوردی ئێستا بە نەوەی ماد و کاردۆخ دادەنێن .

کەریم ئەیوبێ و ئی . ئا . سمیرنۆڤا جگە لە چەند وتارێکی بە نرخ ، خاوەنی کتێبی « دیالێکتی کوردێ موکرێ »ن [113] . کە دەنگێکی باشی لە کوردناسێ سۆڤێتدا داوەتەوە ، بە تایبەتی چونکە نوسەرانی ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زانستێ و ڕاست لە ڕێزمانی کوردێ کۆڵیونەتەوە و بە بیری من ئەم کتێبە پێویستە بگۆڕدرێتە سەر زمانی کوردێ .

---

(١١٣) ك . ر . ئەیوبێ و ئی . ئا . سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردێ موکرێ ، لێنینگراد ١٩٦٨ .

پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی سۆڤێت و دەرەوە لە شاری لێنینگراد پێگەیشتوون و نامەی دوکتۆریان نوسیوە و بەرهەمی زانستی خۆیان بڵاوکردۆتەوە لە ناو کوردە عێراقیەکاندا د. مارف خەزنەدار چالاکانە کاری دەکردو لەو ماوە کەمەدا توانی ژمارەیەك وتاری نایاب[114] و کتێبێکی بە نرخ لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە[115] بڵاوبکاتەوە و هەندێك چیرۆکی کوردی وەربگێڕێتە سەر زمانی رۆسی و لە چاپیان بدا[116] . هەروەها چ ئەو و چ د. کاوس قەفتان و چ خاوەنی ئەم وتارە درێغییان لە یارمەتی دانی هەندێك لە کاربەدەستە

(114) بە وێنە : شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن و بەرهەمی شاعیری کورد ـ ئەحمەد دلزار ، لە کتێبی « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتوری گەلانی رۆژهەلات » ، لینینگراد ١٩٦٧ ، ل ٨٣ ـ ٨٥ ؛ مامۆستایانی قوتابخانەی شیعری نوێ لە کوردستانی خوارودا ، لە کتێبی « نوسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتوری گەلانی رۆژهەلات » ، لینینگراد ١٩٦٦ ، ل ٥٠ ـ ٥١ .

(115) لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی تازەوە ، مۆسکۆ ١٩٦٧ . (ئەم کتێبە کە ٢٣٢ لاپەڕەیە لە ماوەی ٧٠ ساڵ (واتە ١٨٩٠ ـ ١٩٦٠) لە ژیانی ئەدەبی کوردی دەدوێ ، نامەی دوکتۆرییەکەیەتی کە بە زمانی رۆسی بڵاوی کردۆتەوە) .

(116) دوازدە سوارەی مەریوان ، مۆسکۆ ١٩٦٩ . (ئەم نامیلکەیە ١٠ چیرۆکی کوردییە ، رێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ و نوسینی پێشەکی د. مارف خەزنەدار ، گۆڕینی بۆ رۆسی لەگەڵ یانینا خەزنەدار) .

زانستیێکانی بەشی کوردیی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسیی لێنینگراد نەکردووە .

لە مۆسکۆ :

لە شاری مۆسکۆش بە تایبەتی ب. ف. میللەر و چ. خ. باکاییێف و ن. ئا. خالفین و ئی. س. لازاریێف ...... لە پێشخستنی کوردناسیی سۆڤیێتدا دەورێکی بالایان هەبووە .

پرۆفیسۆر ب. ف. میللەر کە زانایەکی گەورە و ناسراوە دەربارەی زمانە ئێرانیێکان خاوەنی گەلێك نوسراوە . لەو کارانەیدا کە بەر لە سالانی ۳۰ نوسیویێتی دوور بووە لە تیۆرێکەی ن. یا. مارر - واتە لەوەی کە ن. یا. مارر ئەسلی نەتەوە ئێرانیێکانی بە یافیتیی داناوە . بەلام لە سالانی (۳۰) یەوە دەبێت بە پشتگیری تیۆری یافیتیی کە ناویان لێ نابوو « لێکۆلینەوەی نوێ دەربارەی زمان »، وە بە هەموو توانایەوە هەولی دەدا ئەم تیۆرییە بەسەر زمانە ئێرانیێکاندا بەگشتیی و بەسەر زمانی کوردیدا بە تایبەتی بچەسپێنێ . ئەو لێکۆلینەوانەی لەسەر بنچینەی تیۆرییەکەی ن. یا. مارر نوسیویێتی ئەمانەن: « ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانیێکاندا »[117]،

---

(۱۱۷) بۆ بیرەوەریی ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ۱۹۳۸ ، ل ۱۹۰ - ۱۹۵ .

« کارەکانی زانایانی رووس لــە بارەی زمانە ئێرانیێکانەوە »[118] ، « هەندێ چەڵەمـــەی فۆنێتیکی زمانی کوردی »[119] ، « زمانی کوردی »[120] ... هتد .

ئەو تیۆرییەی ن. یا. مارر کە کورد بە یافیتی دادەنێ بۆ یەکەم جار لە لایەن ب. ف. میلیەرەوە لــە وتاری « زمانی کوردی »دا لایەنگیری کرا . لەم وتارەدا نووسیویێتی دەڵێ : « ئەو زمانناسانەی لە زمانە ئێرانیێکان و دیالێکتەکانیان دەکۆڵنەوە بە تەواوی گرنگی نادەن بەو پاشماوانەی کە ماون لــەم زمانانەدا بەر لەوەی ببن بە ئێرانی . . . »[121] . . . « خاسیەتی تێکەڵاوی زمـــانی کوردی لەگەڵ زمـــانە یافیتیێکاندا پتر لە فۆنێتیـــک و مەرفۆلۆژیادا دەردەکەوێ »[122] .

سەبارەت بە پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئێرانیێکاندا لە وتاری « ئامرازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانیێکاندا » نووسیویێتی : « شکی

(۱۱۸) نامـــەی زانـــایانی زانکۆی مۆسکۆ ، ژ ۱۰۷ ، ب ۳ ، ۱۹٤٦ ، ل ۷۱ ــ ۸۵ .

(۱۱۹) زمانە ئێرانیێکان ، ب ۲ ، ۱۹۵۰ ، ل ٦۱ــ۷۷ .

(۱۲۰) ئینسکلوپیدیای ئەدەبی ، ۱۹۳۱ ، ب ۵ ، ل ۷۰۳ ــ ۷۰٤ ؛ هەروەها ئینسکلوپیدیای گەورەی سۆڤێت ، ۱۹۳۷ ، ب ۳۵ ، ل ۵۳۱ــ ۵۳۲ .

(۱۲۱) ئینسکلوپیدیای ئەدەبی ، ۱۹۳۱ ، ب ۵ ، ل ۷۰۳ .

(۱۲۲) ئینسکلوپیدیای گەورەی سۆڤێت ، ۱۹۳۷ ، ب ۳۵ ، ل ۵۳۲ .

تێدا نییە کە لە ڕێگای زمانە هینـد و ئەوروپاییەکانەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان دەست ناکەوێ »... « تەنهـا لە ڕێگـای لێکۆڵینەوەی نوێ (تیۆری یافیتی ـ ئەوڕەحمـان) دەربارەی زمان دەتوانین بگەینە ئەنجام و خاوکردنەوەی گەلێك کاری ئاڵۆز »(١٢٣).
هەروەها لە وتاری « تێکەڵاوی زمانە ئێرانییەکان »دا نووسیویەتی : « لە زمانە ئێرانییەکاندا وە نەبێ کەم پاشماوەی یافیتی هەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆنیان »(١٢٤).

لە وتاری « هەندێ چەڵەمـەی فۆنێتیـکی زمانی کوردی »دا دەیەوێ نیشانی بدا کە فۆنێتیکی زمانی کوردی وەك فۆنێتیکی زمانە یافیتییەکانە . ئەو وا دەداتە قەڵەم کە هەندێ دەنگ لـە زۆردا ناقۆڵا بوون ، بەڵام کە بە دەوری یافیتیدا تێپەڕین چاك و فراوان بـوون . بەم بۆنەیەوە نووسـیویەتی : « ئەگەر لە دەنگی (ع) و (غ)ی عەرەبیدا لێك چوونێـك لە نێوان زمانی کوردی و زمانە سـامییەکاندا هەبێت ، ئەوە پەیوەندییەکی پتر لە سـێ دەنگی گرنگدا لە نێوان زمانی کوردی و زمانە یافیتییەکاندا هەیە »(١٢٥).

مامۆستا قەناتی کوردۆ پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە ب. ف.

---

(١٢٣) بۆ بیرەوەری ئەکادیمی ن. یا. مارر ، ١٩٣٨ ، ل ١٩٣ .

(١٢٤) ئەکادیمەی زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن. یا. مارر ، مۆسکۆ ـ لینینگراد ، ١٩٣٥ ، ل ٢٩٧ .

(١٢٥) زمانە ئێرانییەکان ، ب ٢ ، ١٩٥٠ ، ل ٦٩ ـ ٧٠ .

میللیر زێکەی لــە هەمو لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە نیشانی بدا لە زمانە ئێرانیەکاندا لە فۆنێتیك و مەرفۆلۆژیادا پاشماوەی یافیتی هەیە و بە باوەڕی ئەو نەتەوە ئێرانیــەکان تێکەڵاون و درۆست بوون لە یافیتی و ئێرانی . . . بە گوێرەی باسەکانی ب. ف. میللیردا وا دەردەکەوێ کە زمانی کوردی زۆ یافیتی بووە و لە پاشا بووە بــە یەکێك لە زمانە ئێرانیەکان ، وە فۆنێتیکی هەندێ گۆڕرا[١٢٦] . . .

چەرکەزی بەکۆ (باکاییێف) کە کوردی سۆڤیێتە لە ئامۆژگای زمانەوانی مۆسکۆ کار دەکات . ئەم زانایەش خاوەنی گەلێك وتار و نامیلکە و کتێبە . زوربەی نوسینەکانی سەبارەت بە بەشە دیالێکتی کوردی ســۆڤیێتە . لە کارە زانستیەکانیدا ، بە تایبەتی فەرهەنگی « کوردی — رۆســی »[١٢٧] و کتێبی « زمــانی کوردەکانی ئازربایجان »[١٢٨] دیارن .

شایانی باسە باکاییێف خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی - رۆسییە کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر چاپ کراوە . ئەم فەرهەنگە بریتییە لە (١٤) هەزار وشــەی کوردی و ٦١٨ لاپەڕە . لە پاشــکۆی ئەم

---

(١٢٦) ق. کوردۆ ، رەخنە لە بیر و باوەڕی چەوت بەرامبەر بــە زمانی کوردی ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی » ، مۆسکۆ ١٩٥٥ ، ب١٢ ، ل ١٥٧ .

(١٢٧) چ. خ. باکاییێف ، فەرهەنگی کوردی - رۆسی ، مۆسکۆ ١٩٥٧ .

(١٢٨) چ. خ. باکاییێف ، زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ١٩٦٥ .

نوسراوەدا (ل ٥٠٩ ـ ٦١٨) کورتەیەکی ڕێزمانی کوردیی داوە. هەر چەندە لەم کارەدا گەلێك ناتەواویی هەیە، وەك شێواندنی بەشە کوردییەکەی بە وشەی ڕووسیی کە بە هیچ جۆرێك لە زمانی کوردیدا بەکار ناهێنرێن، یاخود کەم و کورتیی لە شەرح ولێکدانەوەی مانای هەندێ وشەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێگەیەکی دیاری لە کوردناسیی سۆڤێتدا هەیە.

کتێبی «زمانی کوردەکانی ئازربایجان» ەکەی بریتییە لە ٢٨٤ لاپەڕە. بە شێوازێکی زانستیی و فروان لە فۆنێتیك و مەرفۆلۆژیا و سینتکسیس کۆڵیوەتەوە. نوسەر لەم کتێبەدا سەرکەوتووە و هەندێ مەسەلەی زمانەوانیی خاوکردۆتەوە و ئەنجامی بەکەڵکی داوە.

هەروەها چەند مانگێك لەمەوبەر باکاییڤ لە ژێر ناوی «زمانی کوردەکانی سۆڤێتدا» کتێبێکی بەنرخ و ڕازاوەی بڵاوکردەوە[١٢٩]. باکاییڤ لەم نوسراوەدا لە ئەنجامی بەراوردکردنی بەشە دیالێکتەکانی کوردەکانی سۆڤێتدا گەلێك شتی نوێی لە ڕێزمانی کوردیدا دۆزیوەتەوە.

ن. ئا. خاڵفین و م. س. لازارێڤ کە دوو زانای بەناوبانگن و لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ کار دەکەن لە مەسەلەی نوسینی مێژووی کورددا خزمەتێکی باشی کورد و کوردناسییان کردووە.

ن. ئا. خاڵفین ساڵی ١٩٦٣ لە ژێر ناوی «بەربەرەکانێ لەسەر

---

(١٢٩) چ. خ. باکاییڤ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت، مۆسکۆ ١٩٧٣.

کوردستان » کتێبێکی نایابی بڵاوکردەوە[١٣٠] ، کە بە شێوەیەکی زانستی لە بارەی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی میللەتی کورد و باری سیاسی کوردستان و مەسەلەی کورد لە سەدەی نۆزدەدا دواوە ؛ باسی نیزاعی ئابوری و سیاسی ، جیاوازی و شەڕی نیوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران لەسەر کوردستان کردوە ؛ هەروەها سەبارەت بە کۆششی ئنگلتەرە و روسیا و ئەمەریکا لە رێگای بڵاوکردنەوەی تاسیری سیاسی و ئابوریان لەم وڵاتەدا کۆڵیوەتەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە نوسەر لە نیشاندانی ئەم بارە سیاسیەی کوردستاندا بە شێوەیەکی راست و واقعی لە پێشکەوتن و رەوی بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی گەلی کورد لە رێگای کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا دواوە و هەروەها دژی ئەو بیر و را چەوت و هەڵە و نالەبارانەی کە کورد بە جەتە و رێگەگر دادەنێن راوەستاوە .

بۆ نوسینی ئەم کتێبە ن. ئا. خالفین سودێکی زۆری لە کەرەستەی ئارشیف وەرگرتووە ، بەمە و بە گرتنی رێگایەکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا توانیوێتی کارێکی بە نرخ بهێنێتە بەرهەم . ئەم کتێبە نایابە د. ئەحمەد عوسمان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ساڵی ١٩٦٩ بڵاوی کردوتەوە[١٣١] .

---

(١٣٠) ن. ئا. خالفین ، بەربەرەکانی لە سەر کوردستان ، مۆسکۆ ١٩٦٣ .

(١٣١) الدكتور آ. خالفين ، الصراع على كردستان ، موسكو ١٩٦٣ ، ترجمه الدكتور احمد عثمان ، بغداد ١٩٦٩ .

پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دەرچوونی ئەم كتێبەدا ، م. س. لازاریێف لە ژێر ناوی « كوردستان و مەسەلەی كورد »دا كتێبێكی بڵاوكردەوە[١٣٢] . ئەم نووسراوە لە بارەی كوردستان و مەسەلەی كورد لە ساڵانی ١٨٩٠ – ١٩١٧ دەدوێ – واتە لەو ماوەیە كە پڕ لە ڕوداوی ناوخۆ و دەرەوەیە و كە چارەنووسی گەلی كوردی تێدا ساغ بووەوە . لەو ماوەیەدا بوو كە بزووتنەوەی تورکەکان دژی ڕژێمی عەبدولحەمید پەرەی سەند و هەروەها نیزاعی وڵاتە ئیمپریالستەکان تیژ بوو بۆ دابەش کردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران ، کە ئەمەش پەیوەندییەکی توند و ڕاستەوخۆی هەبوو لەگەڵ مەسەلەی کورددا بە گشتی .

نووسەر لەم کتێبەدا توانیوێتی گەلێك لەو شێواندن و وەرچەرخاندنەی لە نووسینی مێژووی کورددا کراوە ڕاست بکاتەوە و بخاتە ڕوو .... ماوەیەکە د. کاوس قەفتان خەریکی وەرگێڕانی ئەم نووسراوەیە بۆ سەر زمانی کوردی و تا ئێستا چەند بەشێکی لە گۆڤاری « برایەتی »دا بڵاوکردۆتەوە[١٣٣] .

---

(١٣٢) م. س. لازاریێف ، کوردستان و مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ١٩٦٤ .

(١٣٣) بڕوانە : گۆڤاری « برایەتی » ، ١٩٧٠ ، ژ ٣ ، فەسڵی یەکەم ، ل ٢١ – ٢٣ ؛ ژ ٤ ، بەشی دووەم ، ل ٤١ – ٤٣ ؛ ژ ٥ ، بەشی سێهەم ، ل ١٢ – ١٤ ؛ ژ ٦ ، ل ٢٠ – ٢٢ ؛ ژ ٨ ، ل ٢٧ – ٢٩ ؛ ژ ٩ ، ل ١٤ – ١٦ .

جگە لە مامۆستایان : ب. ف. میللەر و چ. خ. باکاییەف و ن. ئا. خالفین و ئی. س. لازارییەف ، هەروەها ئی. ئۆ. فاریزۆف و ر. ئا. تسابۆلۆف .... یش خاوەنی چەند بەرهەمێکن ، بە تایبەتی ئی. ئۆ. فاریزۆف کە جگە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد بە گشتی ، لە ساڵی ١٩٥٧دا فەرهەنگێکی رووسی — کوردی بڵاوکردەوە[١٣٤] .

لە باکۆ :

لە شاری باکۆ بە گەلێك کاری زانستی خزمەتی کوردناسی کراوە و ژمارەیەك نامەی دوکتۆری دەربارەی ئابووری و ئەدەب و زمان و مێژووی گەلی کورد نوسراون ، وەك : « پەیوەندی کشتوکاڵ لە سەرووی کوردستانی ئێران »[١٣٥] ، « پارتی دیموکراتی کوردستان »[١٣٦] ، « بزووتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق ١٩١٨ ـ ١٩٣٢ »[١٣٧] ، « بزووتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە

---

(١٣٤) دەربارەی ئەم فەرهەنگە باسێکی تایبەتیان هەبە ، هیوادارم بەم زووانە بە چەند وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەر دەستی خوێنەوانی بەڕێز .

(١٣٥) عەلی گەلاوێژ ، باکۆ ١٩٥٤ (نامەی دوکتۆری) .

(١٣٦) رەحیمی قازی ، باکۆ ١٩٥٤ (نامەی دوکتۆری) .

(١٣٧) کەمال مەزهەر ، باکۆ ١٩٦٣ (نامەی دوکتۆری) .

کوردستانی عیراق ۱۹۱۸ - ۱۹۵۸ »[۱۳۸] ، « ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا »[۱۳۹] ، « کردار لە زمانی کوردیدا »[۱٤۰] « شیعری شاعری ئەم دەمەی کورد - عەبدوڵلا گۆران »[۱٤۱] ، « بەرهەمی جگەر خوێنی شاعیری ئەم دەمەی کورد »[۱٤۲] ، « شەرەفنامەی شەرەف خانی بتلیسی ، وەك سەرچاوە لە بارەی مێژوی گەلی کوردەوە »[۱٤۳] ....

بێگومان هەر یەك لەو نامانەی لە سەرەوە ناومان بردن بە گوێرەی پێویست خزمەتی خۆیان کردوە و دەوری خۆیان بینیوە . ئەوەی لە ناویاندا دیار بێ: نامەی دوکتۆرییەکەی مامۆستا د. کەمال مەزهەرە ، کە بە شێوەی کتێب لە ساڵی ۱۹٦۷دا بڵاوکرایەوە[۱٤٤] .

نوسەر لەم کتێبەدا بە شێوازێکی زانستی لە هەمو ئەو روداو و هەڵسان و شۆڕشانەی کورد دواوە کە لەو ماوەیەدا بون . سەرکەوتنی گەورەی ئەم نوسراوە لەوەشدایە کە گەلێك سەرچاوەی

---

(۱۳۸) کەمال مەزهەر ، باکۆ ۱۹٦۹ (نامەی دوکتۆرای [علوم) .

(۱۳۹) عیزەدین مستەفا ، باکۆ ۱۹٦۳ (نامەی دوکتۆری) .

(۱٤۰) نەسرین فەخری ، باکۆ ۱۹٦٥ (نامەی دوکتۆری) .

(۱٤۱) کورد ئۆگلی ، باکۆ ۱۹٦٦ (نامەی دوکتۆری) .

(۱٤۲) عەسکەر شامیل ، باکۆ ۱۹٦۹ (نامەی دوکتۆری) .

(۱٤۳) م. ئی. شەمسی ، باکۆ ۱۹٦۷ (نامەی دوکتۆری) .

(۱٤٤) د. کەمال مەزهەر ، بزوتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی لە کوردستانی عیراق (۱۹۱۸ - ۱۹۳۲) ، باکۆ ۱۹٦۷ .

وەها بەکار هێنراوە کە تا نوسینی ئەم کتێبە ناویان نەهێنراوە ....
هەروەها بە شێوازێك کە لەگەڵ واقع و راستیدا بگونجێ رەخنەی
لە هەمو ئەو بیر و را چەوت و هەڵانە گرتووە کە مێژوی
بزوتنەوەکانی گەلی کوردیان شێواندووە .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە ساڵی ١٩٦٩ نوسەری ئەم کتێبە
لە نوسینی ئەو کارە نوێیەی بۆوە کە هەر لە بارەی بزوتنەوەی
ئازادی گەلی کوردەوەیە و دوکتۆرای علومی پێ وەرگرت[١٤٥] .
ئەم نوسراوە بریتییە لە سێ بەش و دە فەسڵ ... بە دور و درێژی
لە باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراق و
خەبات دژی ئیمپریالست و داگیرکەران و پەرەسەندنی بزوتنەوەی
ئازادی نەتەوایەتی ... دواوە و کۆڵیوەتەوە .

هەروەها پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە د. کەمال
مەزهەر لەو ماوەیەی لە باکۆ بو ، جگە لەو کارە زانستییانەی
لە سەرەوە ناومان بردن ژمارەیەك وتاری نایابی بە زمانی روسی
بڵاوکردۆتەوە ، وەك : « مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لە
ساڵی ١٩٤٦ دا »[١٤٦] ، « تیشکی ئۆکتۆبەر لە سەر رۆژهەڵاتی

---

(١٤٥) ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسکۆ کورتەی ئەم نامەیەی بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها
بەشی دووەمی ئەم نامەیە بە ناوی « مەسەلەی کورد لە عیراق لەساڵانی
١٩٣٢ – ١٩٤٥ » وەیە وا لە ژێر چاپدا .

(١٤٦) بڕوانە : گۆڤاری « میللەتانی ئاسیا و ئەفەریقا » ، مۆسکۆ ١٩٦٨ ،
ژ ٦ ، ل ٥٥ – ٦٢ .

عەرەبی »[١٤٧] ، « چاپەمەنیە کوردیە پێشکەوتووەکان سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالستی مەزن »[١٤٨] ... گەلێکی تر .

د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ ئەو نامەی دوکتۆرییەی کە بەرهەمی سالانی خوێندنی بوو لە باکۆ ، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و سالی ١٩٦٦ لە بێروت بڵاوی کردەوە[١٤٩] . کورد ئوگلیش لە سالی ١٩٦٩دا نامەی دوکتۆرییەکەی وەك کتێبێك بە زمانی ئازربایجانی لە چاپدا[١٥٠] . ئەوەی شایانی باسە ئەوەتە کە مامۆستا شوکور مستەفا ئەم نوسراوە بەنرخە نایابەی بە زمانێکی پاراو و رەوان وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و بە چەند زنجیرەیەك لە رۆژنامەی « التآخی » دا بڵاوی کردۆتەوە و ئێستاش ئامادەی کردووە کە بە کتێبێکی تایبەتی لە چاپی بدات .

* * * * * *

لەبەر رۆشنایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت کە لەبەر چەند

---

(١٤٧) بڕوانە : گۆڤاری « دەنگوباسی ئەکادیمیەی زانستی ئازربایجانی سۆڤیێتی » ، باکۆ ١٩٦٧ ، ژ ٣ ـ ٤ ، ل ١٦١ ـ ١٦٧ .

(١٤٨) بڕوانە : کتێبی « ئۆکتۆبەری مەزن و خەباتی ئازادی گەلانی رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست » ، باکۆ ١٩٦٧ ، ل ١٤٨ ـ ١٦٠

(١٤٩) د. عزالدين مصطفى رسول ، الواقعية في الادب الكردي ، بيروت ١٩٦٦ .

(١٥٠) د. کورد ئوگلی ، شیعری شاعیری ئەم دەمەی کورد ـ عەبدوڵلا گۆران ، باکۆ ١٩٦٩

هۆیەکی ئاشکرا پێش شۆڕشی ئۆ کتۆبەر بە مەسەلەی کوردناسی گرنگی دراوە ، وە کوردناسی روسیای قەیسەری ناوبانگی دەرکردووە . بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە شێوەیەکی عادیلانە و بە مەبەستێکی پیرۆز کارێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە پێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردن و سەرکەوتنی کوردناسیدا و توانی بیسەلمێنێتە ئەو رادەیەی ئەمڕۆی کە لە بارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەتنۆگرافیا ...ی کوردەوە ژمارەیەکی بێشومار و جوان و بوخت و نایاب کاری زانستی بنوسرێ ، بە رادەیەك کە سەرنجی کوردناسانی جیهان رابکێشێ ، وە بە جۆرێك کە لە زوربەی کاری زانستیدا پەنجەیان بۆ رابکێشن و بکرێن بە سەرچاوە.

* * * * * *

بەشی سێیەم

نوسراوەکانی لێرخ لە بارەی کوردەوە

ئەندامی کارا : پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ*

لە ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەکادیمیای زانستی رۆستان بە وردی لەســەر لێکۆڵینەوەی مێژوو ، ئەتنۆگرافیا ، زمان و

---

* ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد و ســەرۆکی بەشی کوردی لە دەزگای رۆژهەلاتناسی لینینگراد پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ دەمێکە خۆی بە فێربوونی سۆرانییەوە خەریک کردووە و تەنانەت ماوەیەکی تر ئەو فەرهەنگە کوردی (سۆرانی) ـ رووسییەی لە ژێر چاودێری ئەودا دانراوە بلاو دەکرێتەوە .

مامۆستا کوردۆ لەم وتارەیدا هەوڵی داوە بە شێوەی سۆرانی بنووسێ و ئێمەش وەک خۆی دەیخەینە بەر چاوی خوێنـدەواری بەڕێز . ئەندامی یاریدەری کۆڕ مامۆستا شکور مستەفا شـێوەی نووسینی ئەم وتارەی لە لاتینییەوە گۆڕیوە و کورتەی عەرەبییەکەی بۆ نووسیوە .

ـ کۆڕ ـ

ئەدەبیاتی کوردیی گەلێک کاری کردووە.

بە ئاریکاریی ئەکادیمیای رووسستان گەلێک نووسراوی بەنرخ و گرانبەها لە بابەت نەتەوەی کورد لە چاپ دراون، مەسەلە، لەو سەردەمەدا ئەم نووسراوانەی ژێرەوە لە چاپ دراون:

١- لێکۆڵینەوەی پ. لێرخ «لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە»، کەبریتیە لە سێ کتێبان.

٢- مێژووی نەتەوەی کورد هی شەرەف خانی بتلیسی بە وەرگێڕاندن و نووسینی مێژوو - ئەتنۆگرافیی. ئەم کتێبە بە زمانی فرانسزیی لە چاپ دراوە.

٣- کۆمەڵەی سەرهات و سەربەوردی کوردیی، کە ئا. د. ژابا لە ئەرزەرۆم کۆی کردبۆوە.

٤- فەرهەنگی کوردیی - فرانسزیی، ئا. د. ژابا رێکی خستبوو.

٥- رێزمانی کوردیی ف. یوستیی بە زمانی ئەڵمانیی نووسیبووی.

٦- کۆمەڵە تێکستێکی کوردیی، کە ئا. سۆسۆن لە تورابدین و بۆتان کۆی کردبۆوە.

پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی کوردناسیی لە پێتێربورگ بە زۆریی بە ئیشکاریی پ - لێرخەوە بەسترابوو.

پ. لێرخ هەرە گەورەی زانیارانی رووس بوو، کە لە نیوەی

سەدەی ١٩_دا دەســـتی بە لێکۆڵینەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی کرد.

پ. لێرخ لە ساڵی ١٨٢٨_دا لە دایك بووە، و لە ســـاڵی ١٨٥١_دا خوێندنی خۆی لە زانینگای پێتێربورگدا تەواو کرد و ناوی پێشەکزانی زمانانی ڕۆژهەڵاتی وەرگرت.

لە پێشدا پ. لێرخ لە کۆمیتەی ئاکادیمیای ئیمپراتۆری ڕۆسدا کاری وەرگێڕی و نوسینی پراتۆکۆلی دەکرد. لە پاشان بو بـــە کتێبخانەداری کتێبخانەی ڕۆژهەڵات لە زانینگای پێتێربورگدا.(١)

لە سەری ساڵی ١٨٥٠_دا پ. لێرخ دەســـتی بە تۆژینەوەی مەسەلەی کورد کرد بو. بەڵام نەیتوانی هەمیشە خۆی بە تۆژینەوەی کوردانەوە خەریك بکات. لە ناو ساڵانی ١٨٥٨_١٨٦٠_دا لێرخ لە ئەکادیمیای ڕۆسدا کاری دەکرد. لەو ســەردەمەدا دەبێ بە هاوکاری ئێکسپێدیسی ن. پ. ئیگناتۆف و لەگەڵی دەچێ بـــۆ بوخارا و خیڤو و ئۆرینبورگ. لەم ئێکسپێدیسیەدا مەبەســـتی پ. لێرخ لێکۆڵینەوەی مێژو، ئەتنۆگرافی و زمانی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە

---

(١) ИАЛО, Фонд Петербургского университета, Формулярный список о службе Лерха.

ئارشیفی مێژو _ لقی لینینگراد، فۆندی زانکۆی پیتەربورگ، دۆسیەی خزمەتی لێرخ.

بۆ ، هەروەها ژی مەبەستی ئەوەبۆ ، کە شتومەك و دەستنوسەکانی خەڵکی رۆژهەڵات کۆبکاتەوە . لە ساڵانی ١٨٦٧-١٨٦٨دا ئەکادیمیای رۆس دیسانەوە پ. لێرخی بۆ ئاسیا نارد بۆ دۆزینەوە و پشکنینی ماکەکانی ئارخیۆلۆژی لە شاری خەرابە ، لەبەر دەمی روباری سیر - داریێ .

لە ناو ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧٤-دا پ. لێرخ بۆ سوید و دانیمارك دەچێ و وتارێك لە کۆنگرەی زانیارانی ناو نەتەوەکاندا بڵاو دەکاتەوە . سەبارەت بە چاکتر بەجێ هێنانی کارسپاردنی دەوڵەت ، کاری لێکۆڵینەوەی مێژوو ، ئارخیۆلۆژی ، جیۆگرافی و ئیتنۆگرافی و زمانی نەتەوەکانی ئاسیا ، هەروەها ژی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردی ، ئەکادیمیای رۆسی ناوی شێورداری بە شەرەف و ناوی شێورداری بە کرێکار دەدا بە پ. لێرخ لە ساڵی ١٨٧٦-دا لە سۆنگەی نەخۆشی‌یەوە پ. لێرخ دەستی لە کار دەکێشێتەوە و ئازاد دەبێ و دەچێتە ئەڵمانیا . لە ساڵی ١٨٨٤ - دا لێرخ کۆچی دوایی کرد .

سێ کتێبی پ. لێرخ لە بابەت کوردەوە لە ژێر ئەم ناوەدا لە چاپ دراون : « لێکۆڵینەوەیێ لە بابەت کوردەکانی ئێران و باب و باپیرانی کلدەکانی باکور »(٢) . بەڵام لە خوێندنەوەی نوسراوەکانی پ.

(٢) П.Лерх, Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях (Пб., кн. I, 1856; кн.II, 1857; кн.III, 1858). =

لێرخدا وا دەردەکەوێ کە ئەو هەر بە تەنێ خەریکی پشکنین و لێتوژینەوەی مێژوو ـ ئێتنۆگرافیی کورد و زمانی کوردی بووە. لێرخ لە بابەت کلدانەکانەوە وەك باپیرانی نەتەوەی کورد قەت شتێك نانوسێ.

کتێبەکەی پ. لێرخ بریتی‌یە لە پێشەکوتن ، لە مێژووی لێکۆڵینەوەی کورد و زمانی کوردی.

لە پێشکوتنی خۆیدا ئیسپاتی دەکات ، کە بۆچی پێویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوو ، ئێتنۆگرافی و زمانی کوردی بن. ئەو یەك بە یەکی مەعلوماتەکانی هەموو کتێب و مقامەکانی کە لە بابەت کورد و زمانی کوردەوە لە چاپ درابون عەلام دەکات وخەسیەتی نەتەوەی کورد ، ژیان ، ئایین و زمانیان دەنوسێ.

لە کتێبی خۆیدا لێرخ ئیسپاتی دەکات ، کە لە نوسراوەکانی ئەو رێگەڕۆکانەی ، کە خەریکی نەتەوەی کورد بون ، هیچ شتێك بە دروستی لە بابەت کوردانەوە نەنوسراوە و مەعلوماتەکان بە چاکی ناهێنە بەر چاوی خوێندەواران. ئەو دەنوسێ : « قەت کەسێك لەو لێکەڕۆکانە ، کە چوبونە نك کوردان ، بە تەواوی خەریکی لێکۆڵینەوەی ژین و ئایینی کورد نەبووە. لە گەلێك نوسراواندا لە بابەت کوردەکان قسە دەکەن ، بەڵام لە ناو واندا هیچ نوسراوێك

= پ. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردی ئێران و خالدێکانی باشوری باو و باپیرانیانەوە ، پیتەربورگ : بەشی یەکەم ١٨٥٦ ؛ بەشی دوهەم ١٨٥٧ ؛ بەشی سێهەم ١٨٥٨ .

نی یە ، کە ئێمە بتوانین زانینی چاك و مەعلوماتی تەواو لەبابەت ئەم نەتەوەیەوە وەربگرین »[٣] . لەپاش ئەمە پ . لێرخ دیسان دەنوسێ : « من زانیبوم ، کە گەلەك لێگەڕ یان لە زوروفی خرابدا بون ، یان ژی چاکتر حازر نەبون کە مەعلوماتەکان باش کۆبکەنەوە . جا بە هۆی ئەمە گەلەك شتی نادروست ، چەوت و چەڵەمەیان لە بابەت کوردانەوە نوسیوە و کوردناسی یان خالفاندووە »[٤] .

پ. لێرخ لە نوسراوی خۆیدا هەمو مەعلوماتەکان لە بابەت سەرچاوەکانی لێ تۆژینەوەی ئێتنۆگرافی کورد و لەمەڕ قەبیل و عەشیرەتەکانی کورد بە وردی دەنوسێ . پ. لێرخ لەمەڕ ئەم کارەی خۆوە دەنوسێ : « وردە ـ وردە نوسینەوەی ناف و نیشانی قەبیل و عەشیرەتەکانی کورد رێگای ئاریکاری خۆش دەکات بۆ ئاسان کردنی لە چاپ دانی مێژوی کورد (هی شەرەف خان ـ ك ـ ك .) و بۆ رێگەڕۆکان ، کو دوارۆژ خەریکی کۆم کردنەوەی مەعلوماتەکانی ئێتنۆگرافی بن و دەیانەوێ کتیبێکی راست و دروست لە بابەت کوردان بنوسن » . لەگەڵ ئەمەشدا پ . لێرخ لەسەر ئەو بڕوایەیە ، کە وردە ـ وردە نوسینی ناف و نیشانی قەبیل و عەشیرەتەکانی کورد تەواو نی یە و بە تەواوەتی نەنوسراوە .

لە ٢٣ ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٦ ـ دا لە رۆژنامەی

---

(٣) هەمان سەرچاوە ، بەشی یەکەم ، ل ٣٣ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوهەم ، ل ٦ ـ ٧ .

« سێڤێرنایا پچیلا » ی ڕۆسیدا وتارێکی ک. مێکێیشین بە ناونیشانی
« کوردی ڤ سمۆلێنسکۆی گۆبێرنی » لە چاپ درابو ، دە
وتارەکەیدا نوسیبوی ، کو لە هەرێمی سمۆلێنسکی کوردە دیلەکانی
عەسکەری هەنە ، دیارە کە لە ناڤ سالانی ١٨٥٠ ـ ١٨٥٣ ـ دا
شەڕی ڕۆس و ترك بو . ئەم کوردانە لەگەڵ عەسکەری ترك بون و
لە کاتی شەڕدا لە لایەن عەسکەری ڕۆسەوە بە دیل گیرابون و
ناردرابونە شاری ڕوسلاڤل . ئەو کاتە گەورە زانیارانی ڕۆس لە ناڤ
خۆدا بڕیاریان دا کو داوا لە ئەکادیمیای ڕۆس بکەن کە کەسێکی
زانیار بنێرێتە شاری ڕوسلاڤل بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی .
لە نامەی خۆدا بۆ سکرتێری ئەکادێمیای ڕۆس ، ڕوژهەڵاتناسە
ئەکادیمیکیەکان دۆرن ، بیەتلینگ ، بڕۆس ، کۆنیك و کەپپین
نوسیبان کە لێرخ بنێرنە شاری ڕوسلاڤل ، نك کوردە دیلەکانی
عەسکەری بۆ لێتۆژینەوەی زمانی کوردی ئەوان لە نامەی خۆیاندا
لەمەڕ لێرخیان نوسیوە : « لێکۆڵینەوەی نەتەوەی کورد لە لایەن
زمانەڤانیەوە هەر بە تەنێ ئێستا دەستی پێکراوە . بەڵام گومان و
شك لەوەدا نیە کو زمانی کوردی دەتوانێ ببێتە کانگایەکی مەزن
بۆ لێکۆڵینەوەی جیاواز — جیاوازی زمانی ئێرانی ، کە تائێستا
مێژۆیان نەپشکنراوە . هەتا ئێستا گەلەك لە ڕێگەڕۆکان کە چوبونە
نك کوردەکان چاك حازر نەبون بۆ لێتۆژینەوە و لێگەڕان و
پشکنینی زمانی کوردی . جا بۆ ئەم کارە ئێمە ئاغا لێرخمان هەڵبژارد

چونکی ئەو یەکەم پیـــاوی ئەوروپایە کو بەرەپێشین لە لایەن جیۆگرافی ، ئێتنۆگرافی زمـــانەوانی و مێژوویی‌یەوە بۆ بە ناسی خەڵکی کورد . بۆ ئەم کارەش ئەو سوودی لە روسەکان وەرگرتووە ، هەمو لێکۆڵینەوەیەکی لە چاپ دراوی لەمەڕ زاراڤەکانی کوردی‌یەوە خوێندۆتەوە و سوودی لێ وەرگرتون ، بە تایبەتی لێرخ بۆ بە ناسی مەزمونی مێژوویی کورد هی شـەرەف خان ، کو بە زمانی فارسی لە سەدەی ١٦ ـ دا نوسیویە . پ. لێرخ هەر وەها ژی بۆ بەناسی سەرچاڤەکانی تر »(٥) .

لەسەر بناخەی دوایی زانیارەکانی ناڤبراو ئەکادیمیای روس پ. لێرخی ناردە شاری روسلاڤل . لێرخ دەوری سێ مانگێك لە ناڤ کوردە دیلەکاندا مایەوە ، ئەم کوردانە لە هەرێمەکانی ماردین ، جزیر ، دێرسیم ، موش ، دیاربەکر ، ئورفە ، بیردچك ، بیگنسی ، مالاتی ، مادین ، عەرەبکەر و ئەرزەرۆم بون و هەمو ٥٠ کەس بون .

لێرخ بە ئاریکاری ئەم کەسانە چاك فێری زمانی کوردی دەبێ و تێکستەکانی زاراڤەکانی کورمانجی و زازا دەنوسێتەوە و ماتریالی ژین و ئایینی کورد کۆم دەکاتەوە . هـــەمو ماتریالی زمانەڤـانی و

(٥) Архив Академии Наук СССР, ф.2, оп.I4.
ئارشـیڤی کۆژی زانیاری یەکیەتی سـۆڤێت ، فۆندی ـ ٢ ـ ، لیستەی ١٤ .

ئێتنۆگرافی یەك ، کە لێرخ نك ئـــەم کوردانەی کۆم کردبۆوە و هـــەر وەها ژی ئـەو مەعلوماتە زێـــدانەی کە لە نوسـراوی زانیارەکانی رۆس و ئەوروپایی وەرگرتبۆن ، لە کتێبەکانی دووەم و سێ یەمیدا لە چاپ دراون .

لە گوتاری خۆدا ، کو لە کتێبی دواییدا لە چاپ دراوە ، لێرخ لەمەڕ کاری خۆوە لە شاری روسلاڤلدا وردە ـ وردە مێژۆی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی عەلام دەکات و بە زانستی خۆرو و خوسوسی زمانی کوردی دەنوسێ و بیر و رای خۆی دەرهەق پەشکنینی زمانی کوردی و زاراڤەکانی بەرپێشی دەکات . ئـەو دەنوسـێ : « ئەو رێگەڕانەی کو لە ناف کوردەکاندا مابۆنەوە ، بە وردی لەســـەر زمانی کوردی کاریان نەکردبو زۆربەیان نەیان وستبو چاکتر خەریکی ئـەم زمانە بن . ئەو کەسانەی ، کو بۆن بە ناسی کوردەکان ، هەر بە تەنێ خەریکی یەك زاراڤەی کوردی بون ، دوایی زمانەڤانی یانیش نەزانیبو »[٦] .
لە مێژۆی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ئاشـــکرا و رۆنە کە چەند کەسێك لە پێش لێرخ خەریکی زمانی کوردی بۆن . ئەو کەسانەش ئەمانەن :

م. کلا پروت ، لە تفلیس سـێ سەد وشەی هەرێمی موشی نوسیبو ؛

ریچ دۆسەد وشەی چوار زاراڤەی کوردی کـۆم کردبۆوە ؛

---

(٦) ب. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی یەکەم ، ل ٢٤ .

ئەولیا چەلەبی ناوی پازدە زاراڤەی کوردی نوسیبوٚ ؛

ی. بێریزین ماکی دوٚ زاراڤەی کوردی لە چاپ دابوٚ ؛

زانیاری ئەڵمانی هوٚرنلی خوٚی لەمەڕ دابەشکردنی زاراڤەکانی کوردی یەوە لە چاپ دابوٚ .

پ. لێرخ لە بابەت نوسراوی ئەم ریگەڕوٚك و زانیارانەوە دەنوسێ : « ئەم لەسە نافبراڤانە کو لەسەر چەند لاپەڕێك شروٚکردنی فوٚرمی رێزمانی کوردییان نوسیبوٚ . بە قەوڵ و وردی خەریکی لێکوٚڵینەوەی زمانی کوردی نەبوٚن ، ماتریالیان بەشی نەکردووە و بوٚ لە بار ترین لێکوٚڵینەوەی ئەم زمانە گران بووە لە لایان ، چەند مەسەلێك وەرگرن و بوٚ ئەم کارە زانەستی یە شێ بکەنەوە . بێجگە لەمە ئاشکرایە کو تا ئێستا فوٚنێتیکی زمانی کوردی نەپشکنراوە و گەلێك فوٚرمی ئەم زمانە نە عەیان و نادیار ماونەوە ئەوانی ترژی ساف و روٚن نەکروانەوە »(٧) .

پ. لێرخ لەسەر بناخەی نوسراوەکانی کوردناسان و هەروەها ژی لەسەر بناخەی لێکوٚڵینەوەی خوٚی زمانی کوردی دابەش دەکاتە سەر پێنج زاراڤان :

١ ـ کورمانجی ؛

٢ ـ لوڕی ؛

٣ ـ کەلهوڕی ؛

---

(٧) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوٚهەم ، ل ١٩

٤ ـ گۆرانی ؛

٥ ـ زازا .

پ. لێرخ هەر بە تەنێ توانیبوێ بێ بە ناسی زاراڤەکانی کورمانجی و زازا ، ئەو بە وردی موژولی زاراڤەی کورمانجی دەبێ. لە بابەت زاراڤەی کورمانجی‌یەوە دەنوسێ: « کورمانجی لە هەمو ولاتانی کوردستانی رۆژئاڤادا پەرەساندراوە ، لە موسلەوە هەتا ئاسیای بچوك و سلێمانی . لە ناڤبەینی قەبیلەکانی کورمانجی باکوردا و کورمانجی خوارۆی روباری فوراتدا جیاوازی وشە و جیاوازی گوتو - بێژ و جیاوازی فۆرمی رێزمانی هەیە. بەلام ئەم جیاوازی‌یانە ئەوەندە گەورە نین کو قەبیلانی جیاواز یەکتر تێ نەگەین و یەکتر فام نەکەن »(٨) .

لە بابەت زازا وە پ. لێرخ دەنوسێ: « لە بەراوردکردنی زازا وکورمانجیدا گەلێ خوسوسی و خۆرویی زازا دەهێتە بەر چاڤان. لە زازادا خوسوسی‌یەتی سەوتەکان و وشەکان لە هی کورمانجی جیاوازترن . لە سۆنگەی ئەمە رەنگە پێویست بێ ناوەکی دی لە زازا بنێین و بە زاراڤەکی ئێرانی سەربەخۆی حەساب بکەین . کوردی کورمانج زاراڤەی زازا تێ ناگەین و فام ناکەن بەلام زازا زاراڤەی کورمانجی دەزانن و قسەشی پێ دەکەن »(٩) . کاتی خۆی زانیاری

(٨) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەم ، ل ٢٢ .

(٩) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەم ، ل ٢٠ .

ئەڵمانی پرۆف - پۆت لەمەڕ زمانی کوردی‌یەوە نوسیبوی کو زمانی کوردی زمانەکی ئیرانی سەربەخۆیە قانونی خۆ و ڕێزمانی خۆی هەیە . پ. لێرخ ئەو بیر و رایەی پۆت قوبوڵ دەکات و دەنوسێ : « لەسەر بناخەی ئەو ماکانەی من هەمە هیچ شتێکم بە دەستەوە نی‌یە کو ئەز لەسەر بیر و رای پرۆف - پۆت نەمێنم . پرۆف - پۆت گەلەك جار گوتویە و ئیسپاتیشی کردووە کو لە ناف زمانەکانی ئیرانیدا زمانی کوردی جێگای سەربەخۆی گرتووە و لە نافەندی کوردستاندا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە ، ئەو نێزیکترین خزمی زمانی فارسی‌یە ، بەڵام بەبێ زمانی فارسی پێشکەوتووە » . « وشەی بیانی‌یان ، کو دەناف زمانی کوردی کەتنە ، هیچ گرینگ نی‌یە و نەشبووە و قەت تەئسیرێکیان لەسەر سازمانی دەرۆنی زمانی کوردی نەکردووە »[10] .

پ. لێرخ فیکری خۆی لە بابەت سۆنگەی جیاوازی زمانی کوردی و زمانی فارسی‌یەوە دەبێژێ و ئەو دەنوسێ : « جیاوازی زمانی کوردی و زمانی فارسی ئەوە بو کە کوردەکان گەلەك جار لە قەدیمدا لە قەبیلەکانی ئیرانی جودا بونە »[11] . لێرخ ئەمە بە هۆی خوسوسی‌یەتی فۆنێتیك و ڕێزمانی کوردی‌یەوە ئیسپات دەکات . لە کاتی خۆیدا روهڵاتناسی رۆس بێرێزین خەریکی زمانی کوردی

(١٠) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوهەم ، ل ٣٣ .

(١١) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوهەم ، ل ٣٣

دەبێ . ئەو لە نوسراوەکانی خۆدا لەمەڕ کوردی خۆراسان و زاراڤەی کوردی هەرێمی موسڵەوە فۆرمی زمانی کوردی شرۆ دەکرد وەکو یەکێك بێ لە فۆرمەکانی زمانی فارسی و بە بێ بناخە زمانی کوردی وەکو زراڤەکی فارسی لە قەڵەم دەدا . لەبەر ئەمە پ. لێرخ لۆمەی پێڕێزین دەکات و دەبێژێ چۆن پێویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بین . ئەو دەنوسێ : «کاتێ کو زمانەڤانی ئێرانی کەهیشت بە چاکترین بەراوردکردنی سازمانی ڕێزمانی و پێکهێنانی وشەکانی هەمو زمانەکانی ئێرانی جیاواز ـ جیاواز ، ئەو کاتە مومکین دەبێت باسی بەستن وگرێدانی زمانی کوردی و زمانی فارسی بکەین و لەمەڕیان بنوسین »[١٢] .

لە جێگەیەکی تردا پ لێرخ دیسان دەنوسێ : «هەتا کو زمانی کوردی و زاراڤەکانی لە هەمو لایەکەوە لێ نەتۆژێنرێنەوە نابێ زمانی کوردی بەرامبەر بە زمانێکی تر رابگرین» ، «ئێستا هیچ مومکین نییە ڕێزمان و لێکسیکی زمانی کوردی بەراورد بە زمانی ئێرانی بکەین ، هەر بە تەنێ پێویستە دەست پێبکەین و خەریکی زاراڤەکانی جیاواز — جیاوازی کوردی ببین و وردە — وردە مانی بۆ هەمو فۆرمی ، فۆنێتیکی و لێکسیکی بپشکنین ، ساف و رۆنی بکەینەوە و شرۆی بکەین ، چونکی هەتا ئێستا ئەم پرۆبلانە بەجێ نەهێنراون ، هەر وەها ژی پێویستە بە وردی سەرچاڤەکانی

---

(١٢) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەم ، ل ٢٢ ـ ٢٣ .

لەمەڕ مێژوی کوردان بکۆڵینەوە و بتۆژینەوە .

جا هەر لە پاش بەجێ هێنـــانی ئەم داوا و خوازانە دەگاتە هەرە پوختـەی بەرهەمان لەمەڕ لێتۆژینەوەی مێژوی کورد و زمانی کوردی‌یەوە »[١٣] .

پ. لێرخ لە کتێبی دووەمیــدا تێکستی کوردی لــە چاپ داوە . ئەم تێکستانە لە ئەرزەڕۆم و تەورێزەوە ناردرابون و هەموی لە زمانی تورکی و فارسییەوە وەرگیرابون . لە سـەرەتای نوسراوەی خۆیدا لێرخ دەنوسێ ، کو ئەو : « ویستی لە پێشدا تێکستە کوردییەکان بە پێی ئەلفبای ئۆسێتی - روسی بنوسێتەوە » . ئەو دەڵێ « من دەگونجا سـەوتەکانی زمانی کوردی بە هۆی نوسین نیشـــانە بکەم ، بۆ ئەمە دەبا من ئەو ئەلفبایەی کە ئاکادێمیك (شێگرێنی) خوالێخۆشبو بۆ زمانی ئۆسێتانی لەسەر بناخەی ئەلفبای روسی پێکی هێنابو بە کاری بهێنم ، من ئەلفباکەی شێگرێنی - م ، ئەوەی بۆ ئۆسێتی - روسی دای‌هێنابو ، هەڵ بژارد ، چونکی بە هۆی ئەلفبای عەرەبی - فارسی ، کو ئێستا کوردە خوێندەوارەکان بە کاری دەهێنن ، مومکین نییە سـەوتەکانی زمانی کوردی نیشانە بکەین . لە زمانی کوردیدا هەندێك سەوت هەنە ، کو بە هۆی ئەم ئەلفبایەوە قورسە ئەوانە نیشانە بکەین »[١٤] . بەڵام کاتێ لێرخ ئەم

---

(١٣) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەهەم ، ل ٢٠ .

(١٤) = « Bulletin de la classe des sciences historques de

بیر و رایەی خۆی لە جڤاتی زانیاراندا دەربڕی ، جڤاتی زانیارانی مێژوویی - فیلۆلۆژی ئەمــەی قوبوڵ نەکرد و بیر و رایــەکی تری دەرهێنا .

دەو بیر و رایەدا نوسرابو : « پێویست نییە ئەلفبایەکی نوێ بەکار بهێنین ، چەوت و چەڵەمەی تــازە بۆ فیلۆلۆژی پەیدا مەکەن . بۆ زمانی کوردی چاکترین ئەلفبای زمانەڤانی باشە ، خاسما ئەو ئەلفبایەی ، کو لە لایەن ئاکادیمیکی بەرلین پرۆف . لێپسیوســەوە تەرتیب کراوە »(١٥) .

لەســەر بناخەی بڕیاری تیوری زانیارەکان ، لێرخ تێکستە کوردییەکانی بە هۆی ئەلفباکەی لێپسیوسەوە لە چاپ دا .

ئاشکرا و روونە ، کو لێپسیوس سەوتەکانی دەنگانی و بێ دەنگانی بە گوێرەی زمانەکانی ئەوروپای رۆژئاوا پێک هێنــابو و خۆرویی زمانانی خەڵکی رۆهلاتی تێدا نیشان نەکردبو ، لە ئەلفبای ویدا ســەوتەکانی دەنگانی دابەشکرابۆوە سەر سەوتەکانی کورت (a ، e ، e ، i ، i ، o ، o ، y ، y) و سەوتەکانی درێژ (u ، ī ، è ، é ، á) ، ســەوتەکانی بێ دەنگانی دابەشکرابونە سەر ئەم کۆمەڵانە : سەوتەکانی گەورنــگی (h ، h) ، سەوتەکانی سەر زمانی (m ، n ،

=l'Académie Impériale des sciences de St - Petersburg »,
V. xiv , No 15 .

(١٥) Ibid, Vol. xiv, No. 15 .

سەوتەکانی ناف زمان و ددان (q، k، k، g، g) ، (d، t، n) ، سەوتەکانی دەنتالی (d، d، h، ș ، d، s، z، r، l) ، سەوتەکانی لێف (m، f، v، w) .

هەڵبەت ئەم نەخشەی ئەلفبایە بە پراکتیکی گونجاوی سیستەمی سەوتەکانی زمانی کوردیی نەدەبوو ، پرنسیپی دابەشکردنی سەوتەکانی بە قانونی زانستیی یێک نەهێنابوو .

ئاشکرایە کو لە زمانی کوردیدا سەوتەکانی دەنگانی درێژ و کورت وەکو فلاێیم نین ، درێژی و کورتیی سەوتان لە زمانی کوردیدا هەر بە تەنێ نیسبەتی موزیکی گرینگە . جگە لەمە هەر سەوتە دەنگانییەکانی u ، o ، i ، e ، a بە درێژ و کورتە بەکار دەهێنین . لە کۆمەڵەی سەوتەکانی بێ دەنگانیدا لێرخ سەوتی u و سەوتەکانی 't ، 'p و سەوتەکانی p ، t بە نیشانەی تایبەتی جودا نەکردوونەوە ، نیشانەکانە 'g ، 'd ، 'n ، کو لە کۆمەڵەی سەوتەکانی بێ دەنگانیدا هەن ، زێدەنە ، چونکی لە کورمانجیی و زازادا سەوتی گونجاوی وان نین .

کاڤکاززانی رۆس ل. زاگورسکی ، کو تێبینی خۆی لەمەڕ ئەو تێکستە کوردییانەوەی ، کو س. ئەگیازاروڤ ئامادەی کردبوون لە چاپ بدرێ ، دەرهەق ئەلفباکەی لێپسیوس دەنووسێ : « ئێمە گەلێک قەدر و نرخی ئەلفبای لێپسیوس ستانداری دەزانین ، بەلام نازانین ئایا ئەم ئەلفبایە دەتوانێ هەموو سەوتەکانی تەعیین بکات ؟

تەرتیبکارانی ئەم ئەلفبایە زانیارە ئەڵمان و ئینگلیسەکان بوون ، ئەوان ئەلفبایان بە گوێرەی زمانی ئەڵمانی و ئینگلیسی پێک هێنابوو ، سەبارەت بەمە پ. لێرخ چەوت و چەڵەیەکی زۆری وە شاقەل گیر ببوو و ناچار بوو لە ناڤ سەوتەکانی ئەڵمانی و ئینگلیسی دا سەوتەکانی زمانی کوردی بدۆزیتەوە ، لە سەرنگەی ئەمە ئەو نەیتوانی بوو سەوتەکانی خۆروی کوردی نیشان بکات »[16].

سەرۆکی مۆزەخانەی ئاسیا ئاکادێمیک دۆرن لە نووسراوەکەی خۆیدا لەمەڕ تێکستی کوردییەوە ، کە لە زارافەی کوردە دیلە عەسکەرییەکانەوە نووسرابوون ، دەنووسێ : « من بە وردی لە تێکستە کوردییەکانم نواڕی و هاتمە سەر ئەو بیر و رایە ، کە چاکترین لێ توێژینەوەیە کە ، یارمەتی ئاغا لێرخ بدات ، کو رێزمانی کوردی و تێکستی خوێندن و فەرهەنگی پی بنووسێتەوە . ئەگەر ئەو کاری خۆی بە جێ بهێنابا ئەم نووسراوانە بۆ دوارۆژ دەبوونە چاکترین ماکی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی »[17].

---

(١٦) Л.Загурский, Кавказские алфавиты ("Известия Кавказского отдела Императорского русского географического общества", т.IX, вып.2, 1888, Приложение, стр.15).

ل. زاگورسکی ، ئەلف وبێ قەفقاسییەکان ، « هەواڵەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافی رووسی ئیمپراتۆری » ، بەشی ـ ٩ ـ ، ژمارە ـ ٢ ـ ، ١٨٨٨ (پاشکۆ) ، ل ١٥ .

(١٧) پ. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی دووەم ، ل ٢ .

کتێبی سێیەمی پ. لێرخ بریتییە لە سەرەتا ، لە وتارێکی مێژوویی ـ ئەدەبیاتی ، لـە فەرهەنگۆکانی زاراڤەکانی کورمانجی و زازا. لێرخ زوربەی ئەم فەرهەنگۆکانەی لەسەر بناخەی ئەو تێکستە کوردییانە پێك هێنا بو ، کە لە روسلاڤل لــە زاری کوردە دیلە سەربازەکانەوەی نوسیبونەوە . لە پێکهینانی ئـەم فەرهەنگۆکانەدا لێرخ لـە هەندێ جێگا وشە کوردییەکان دەگەڵ وشــەی زمانە ئێرانییەکانی دیکەدا بەراورد دەکات ، بۆ ئـەوەی مێژوی پەیدابونی وشە کوردییەکان نیشان بکات .

لە بەرایی کتێبەکەی خۆیدا لێرخ لەمەڕ مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیەوە دەنوسێ : « لە پێش چونمدا بۆ نك کوردە دیـلە سەربازەکان ، من هەمــو سەرچاوەکانی لەمەڕ زمانی کوردی ـم دۆزیەوە و نوارێمن . ئەوانە گشت بریتی بون لە کۆمەڵەیەك وشەی کوردی کە زوربەیان راسـت و دروست نەنوسـرابـون . سۆنگەی ئەمەش ئەوە بو ، هەندێك زانیار کە مـێژوی زمانەکانی ئیرانیان دەزانی ، من نەم توانی سودیان لێ وەربگرم . لەم ســەرچاوانەدا هیچ تێکستێکی راست و دروست بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کـوردی نەبــو . سەبارەت بەمە من ناچار بوم تێکستی نوێ وەچەنـگ بێنم » .

لێرخ لەو بڕوایەدا بو ، کە ئەو ماکانەی خۆی کۆی کردبونەوە کەمن و نابنە بناخە بۆ مێژوی شرۆکردنی پێوەندی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی تــر ، چــونکە ماکێکی زۆری پێدەوێ بۆ

وردکردنەوەی رێزمان و وشەکان[18] .

پ. لێرخ لە کاتی لە چاپدانی هەرسێ کتێبەکانیدا ، بە زمانی ئەڵمانی دوو کتێبی بەناوی « Forschungen ulier die Kurolennordchal den » لە چاپدا .[19]

پێویستە وە بیری بێنینەوە ، کە پ. لێرخ لە پێشدا نوسراوەکانی بە زمانی روسی دانا بو « ئیسلیێدوڤانیا ئوب ئیرانسکیخ کورداخ ئی ئیخ پریدکاخ سێڤێرنیخ خالدیاخ » واتە : « لێکوڵینەوەیەک لە بابەت کوردان و باب و باپیرانی کلدەکانی ئێرانی باکور » . ئەوەشت لـە بیرنەچێ کە ناوی نوسراوەکەی لێرخ بـە زمانی ئەڵمانی جیاوازە لەگەڵ روسییەکەی . ئەمەش وێ دەچێ کە لێرخ لە بیر و راکانی لەمەڕ پەیدابونی نەتەوەی کورد لـە کلدەکانی باکورەوە پاشگەز بوبێتەوە و نەینوسی بێ . رەنگە هەر بۆیەش بێ کە یەکەم کتێبی وەرنەگەڕاندە سەر زمانی ئەڵمانی . چونکی ئەو لەم کتێبەی دا بیر و رای خۆی لە بابەت رەسەنی کورد لە کلدانەکانی ئێرانی باکورە وە نوسیبو .

جگە لەم نوسراوانە پ . لێرخ چـەند نوسراوێـکی دیکەی لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردەوە بە جیاواز لە چاپ دابو ، مەسەلەن ،

(18) هەمان سەرچاوە ، بەشی دوەهەم ، ل ١ ــ ٤ .

(19) P. Lerch, Bericht über « Notices sur la litérature et les kourdes, fait par jaba » (Mélange asiatique, t. III,=

نوسراوێك بە ناوی « پیر و رایێ » لەمەڕ نوسراوی ئا. د ژاباوە دەربارەی ئەدەبیـاتی کوردێ و عەشیرەتەکانی کوردی نوسیبو[٢٠] .

هەروەها ژی « پیر و رایێ » لەمـەڕ بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانێ ، « مەموزین » وەی نوسیبو کە لە لایەن ئا. د. ژاباوە ، لە ساڵی ١٨٥٨ — دا کتێبخانەی نەتەوەیێ ڕوس کە بە ناوی سالتیکۆڤ — شێدرین — ەوە بو لە لێرخی خواستبۆوە ، کە فیکری خۆی لەمەڕ فەرهەنـگەکانی ئا. د. ژابا هی کوردێ — فرانسزێ و فرانسزێ — ڕوسێ — کوردییەوە و کۆلێکسی دەستنوسەکانی بنوسێ .

پ. لێرخ بۆ کتێبـــەکانی نەتەوەی ڕوس هی پیتێربورگ دەنوسێ ، کو پێویستە ئەو دەستنوسانەی کە ئا. د. ژابا ناردبونی هەموی بە دەست بهێنن ، « چونـکی ئەوانە زۆر بە نرخن ، و شایەنێ بۆ دەوڵەمەندێ ئەدەبیاتی کوردێ دەدەن » .

هـــەروەها ژی لێرخ بۆ ئاکادیمیـای ڕوسێ نوسیبو ، کە پێویـستە فەرهەنـگەکانی ئا. د. ژابا لەگەڵ دەستنوسەکانی لە چاپ بدەن .

=1858); P. Lerch, Bericht über « Resumè de l'ouvrage kourde d' Ahmed Efendi khan, fait et traduit par A. Jaba (ibid).

(٢٠) P. Lerch, Bericht über « Notices sur la litérature et les kourdes, fait par Jaba » (Mélange asiat que, t. III, 1858).

بە ئاریکاری پ. لێرخ ئەکادیمیای رۆستی ئەم دەستنوسانە لە چاپدا . جگە لەم ئیش و کارانە پ. لێرخ خەریکی نوسینی رێزمانی کوردی بو . ئێستا دو دەستنوسی رێزمانی کوردی لێرە هەنە . یەکێکیان لە کتێبخانەی ئینیستیوتی رۆژهەلاتناسی لێنینگرادە و یەك ژی لە کتێبخانەی زانینگای لێنینگرادە . ئەم دەستنوسانە وا نیشان دەدەن ، کو پ. لێرخ ویستی رێزمانێکی کوردی گەورە لە بابەت فۆنێتیك و مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەو بنوسێ . پ. لێرخ لە نامەی خۆیدا کە بۆ بەشی مێژویی – فیلۆلۆژی ئاکادیمیای رۆستی نوسیوە ، دەڵێ : « لە ساڵی ١٨٥٦ ـ دا من لە لێکۆڵینەوەی خۆمدا دەستم بە نوسینی رێزمانی کوردی کرد . هێشتا ئەم کارەم تەواو نەکردووە . لە جڤاتی زانیاران ئیلتماس دەکەم کە بڕیاری خۆی دەربهێنێ و ئاریکاری من بکات . کە بەڵکو لە مانگی فێڤرالدا دەستی پێ بکەم و ئەم نوسینە تەواو بکەم و لە چاپی بدەم لە پاش راوەستانی لە چاپ دانی ئەو نوسراوە ، من گەلێك جار لەسەر راستکردنەوە و زیدەکردنی نوسراوەکەی خۆم کارم کردووە[٢١] .

دەستنوسی رێزمانەکەی پ. لێرخ بریتییە لە بەراییەکی

P. Lerch, Forschungen über die Kourden, Abt. III (٢١)
(بڕوانە : ئارشیڤی دەزگای رۆژهەلاتناسی کۆڕی زانیاری یەکیەتی سۆڤیێت ، فۆندی ٣٦) .

ورت لە بابەت مێژوی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی. لەم بەرایی‌یەدا،
و لە بابەت ئەو داستانە کوردییانەوەی، کە ئا. د. ژابا نوسیونی،
ەنوسێ و هەروەها ژی لەمەڕ نوسراوەکەی ئا. خۆدزکۆوە دەڵێ:
زاراڤەی کوردی سلێمانی»[٢٢]. و بیر و رای خۆی دەردەبڕێ.

لەپاش ئەمە لێرخ دەنوسێ، بە چ رەنگێ پێویستە فاکت
ماکی رێزمانی کوردی کۆبکەینەوە و بینوسین.

لەم دەستنوسەی پ. لێرخدا چەند گۆرانییەکی کوردی ژی
نوسراون، و بە نمونەی فۆلکلۆری کوردی، کە لە زاراوی کوردە
پلە سەربازەکانەوەی وەرگرتبون دەژمێردرێ.

لەپاش ئەمە پ. لێرخ لەمەڕ سیستەمی سەوتەکانی دەنگانی و
مەوتەکانی بێ دەنگانی زمانی کوردییەوە دەست پێدەکات کە لەسەر
بناخەی ئەلفباکەی لێپسیوس دانابو و وردە - وردە مناسبەتی
مەوتەکانی زاراڤەکانی کوردی (کورمانجی، زازا، سلێمانی، ئامێدی و
خێردۆستی) دەپشکنێ و پێوەندی سەوتەکانی ئەم زاراڤانە و زمانەکانی
ئێرانی نیشان دەکات، هەروەها ژی گۆڕینی سەوتان لە زمانی
کوردیدا دەهێنیتە بەرچاڤان.

ئەم بەشە نوسراوەی پ. لێرخ بە نوسینی «مناسبەتی سەوتەکان
لە رەگی وشاندا» تەواو دەبێت.

لە دوای ئەمە لێرخ ویستی لەمەڕ سازمانی رێزمانی کوردییەوە
بنوسێ. سەبارەت بەمە ئەو گەلەك وەخت کاری کۆکردنەوەی ماتریاڵ

---

(٢٢) هەمان سەرچاوە.

و تەرتیب‌کردن و ئامادەکردنی نوسراوی ڕێزمانی کوردیی کرد ، ویستی بە تەواوەتی لە هەموو لاوە ماتریاڵ بکۆڵێتەوە و سود لە بەرهەمەکانی بەرامبەرکردنی زمانەکانی ئێرانیی وەربگرێ و لە پاش ئەمە ئەنجا نوسراوەکەی خۆی لەمەڕ مۆرفۆلۆژی زمانی کوردییەوە لەچاپ بدا .

لە نامەی خۆدا لەمەڕ ئەمەوە پ. لێرخ بۆ جڤاتی زانیاران دەنوسێ : « لەپێشدا بەرنامەی ڕێزمانی من هی پراکتیکی و زانستییە ، من لە نوسینی خۆمدا ناچار بوم خەریکی هەموو ماتریالەکانی پێشکەوتنی فۆرمەکانی تاریخی زمان ببم و حەسابی لێکۆڵینەوەی بەراوردکردنی ماتریاڵەکانی زمانەکانی ئەفغانیی و مازەندەرانیی ببینم ؛ چونکی لەم زمانانەدا گەلەك مەسەلەی وەك مەسەلەی زمانی کوردیی هەنە »[٢٣] .

لەپاش ئەمە لێرخ دەنوسێ ، کو لە ناڤ ساڵانی پاشندا ئەو لەسەر بناخەی تێکستەکانی ئا. د. ژابا زانینی خۆی لەمەڕ زمانی کوردیی فرانسزییەوە دەربڕیوە . پ. لێرخ لە دەستنوسی دووەمیدا ، کو لە کتێبخانەی زانینگای لێنینگراد دایە و بریتییە لە چەند دەفتەرێك و بەزمانی ئەڵمانیی نوسراوە « Kurdische grammatik » ، لە لاپەڕەکانی ١ ـ ١٩دا لەمەڕ فۆنێتیك و لە لاپەڕەکانی ٢٠ ـ ٢٤ ـ دا لەمەڕ پێکهێنانی وشان و لە لاپەڕەی ٢٥ ـ ٢٦ ـ دا لەمەڕ گۆڕانی فۆرمەکانی ناڤ ، و لە لاپەڕەی ٢٧ ـ دا دەرهەق ڕادەی بەراود کردنی

---

(٢٣) هەمان سەرچاوە .

رەنگناڤانی نوسیوە ؛ لەپاش ئەمە دەستنوسەکە بە زمانی روسی نوسراوە ولەمەڕ هەژمار و جیناڤان دەکۆڵێتەوە (لاپەڕە ٢٨_٣٢)، لە لاپەڕەکانی ٣٣_٣٩_دا لەمەڕ فێل نوسراوە، لە لاپەڕەکانی ٤٠_٤٢_دا لەمەڕ فێل و بەرناڤان و وشانی بەفکریکی (بەستەکی) یەوە نوسراوە.

بەشەکانی ناڤبراڤی رێزمانی کوردی، کو پ لێرخ نوسیتی ئەوە نیشان دەکەن، کە رێزمانی کوردی بەکورتی نوسراوە وناتەواوە. لەبەر ئەمە لێرخ بە خۆ دەنوسێ ئەو لە نامەیەکی دیکەی خۆیدا لە بەشی میژو_فیلۆلۆژی ئاکادیمیای روسی ئیلتماس دەکات، کە یارمەتی بدەن نوسینی رێزمانەکەی خۆی تەواو بکات. ئەو دەنوسێ: «گەلەك وەخت کە من ئەم رێزمانەم دەنوسی، هەمیشە چەوت و چەڵمەکانی خۆم راست دەکردەوە و ماکی زێدەم لەسەر زێدە دەکردن و لە پێشکەوتنی فیلۆلۆژی ئێرانم دەنواڕی». هەروەها ژی ئەو دەنوسێ: «تێبینی من لەمەڕ مەعلوماتەکانی زمانی کوردی، بەتایبەتی لەمەڕ پێکهێنانی وشەی گۆڕاوەوە ئەوەیە کە گەلەك فاکتی رێزمانی زمانانی ئێرانی کۆنن، بناخەیەکی قایم_یان وەچەنگ خستم بۆ فیلۆلۆژی ئێرانی کاتێ کو من دەستم بە چاپ کردنی رێزمانی کوردی کرد ئەم فاکتە نوێیانە نەبون»[٢٤].

---

(٢٤) Архив Института Востоковедения АН СССР, ф.36, л.I.

«ئارشیڤی دەزگای رۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤێت»، فۆندی ٣٦، لیستە_١_.

بۆ تەواوکردنی ڕێزمانی کوردیی گراف بلۆدۆڤ پێشنیازێکی خستە پێش ئاکادیمیای ڕووسی ، کو پ. لێرخ پەسندی بکات و لە ئاکادیمیادا کار بکات. ئەو لەمەڕ پ. لێرخەوە دەنووسێ : «بە تەبیعەتی و ڕاستی پێویستە لە وردەکاریی پ لێرخ بنوارین ، چونکی نووسراوەکەی لەمەڕ کوردان و ڕێزمانی کوردییەوە گەلەک گرینگ و بە نرخە . ئەو لە ناڤ گەلەک ساڵدا خەریکی ئەم کارە بووە و ، بۆ زانست گەلەک بە سوودە » . ئاکادیمیا پێشنیازەکەی گراف بلۆدوڤی پەسند کرد و پ. لێرخیش قوبوڵی کرد ، کە ئەو نووسراوەی خۆی تەواو بکات .

پ. لێرخ ساڵێک لە ئاکادیمیای ڕووسدا وەک کرێکارێکی زانستی لەسەر نووسینی ڕێزمانی کوردیی بەردەوام بوو . بەڵام لە پاش ساڵێک جڤاتی مێژوو ـ فیلۆلۆژی ڕووس بڕیاریدا ، کو لێرخ بنێردرێتە هەرێمی ئۆرێنبورگ بۆ کۆکردنەوەی ماتریاڵی لێکۆڵینەوەی زمانانی قرغیز و باشکیرەکان .

لەپاش ئەوەی لێرخ لە ئاسیا گەڕایەوە دیسان دەستی بە نووسینی ڕێزمانی کوردیی کردەوە . بەڵام پ. لێرخ نەیتوانی ئەم ڕێزمانە تەواو بکات ؛ چونکی لە ساڵی ١٨٨٤ — دا نەخۆش کەوت و ، چوو بۆ ئەوروپا و لە پاش مانگێک کۆچی دوایی کرد .

لەسەر بناخەی کورتنووسینی ئیش و کاری پ. لێرخ لەمەڕ نەتەوەی کورد و زمانی کوردییەوە ئێمە دەتوانین بێژین ، کو

لە نیوەی چەرخی ١٩ — دا ئاکادیمیای روسی مەرکەزی دامەزراندنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ، ئیتنۆگرافی ، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بو . بە یاریکاری ئاکادیمیای روسی گەلێ نوسراوی ئێرانناس و کوردناسان لەم کتێبەدا چاپکرابون . پێشکەوتن و بەرزبونەوەی کوردناسی لە پیتێربورگدا زوربەی بە ناوی پ. لێرخەوە ، بە ئیش و کارەکانی پ. لێرخەوە بە سترابو . پ. لێرخ گەورەترین زانیاری روس بو ، کە گەلێ وەخت خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شارستانیتی نەتەوەی کورد بـو نوسراوەکانی پ. لێرخ بنکە و بنـاخەی لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە روسستاندا دامەزراند . لەم نوسراوانەدا ورده ـ ورده مێژووی لێتوژینەوەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی نیشـان کراوە و قیمەت و نرخی نوسراوەکانی کوردناسەکانی ئەوروپا و روس دیارکراوە . سوپاس بۆ لێرخ ، کە توانی بە نوسراوەکانی خۆی کوردناسی لە ئێرانناسی دەربهێنێ و لە سەر رێگای پێشکەوتنی سەربەخۆی دابنێ .

لێرخ دەگونجا لێکۆڵینەوەی زمـانی کوردی بـە مێژووی پەیدابون و پێشکەوتنی نەتەوەی کوردەوە و باری سیاسی وانەوە گرێبدا . لێرخ وای بـۆ دەچو ، کە مێژوو و شـارستانیتی رابوردوی نەتەوەی کورد گەلێ دەوڵەمەندە ، ئـەو دەینوسی ، کو ئەدەبیاتی کوردی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی شـارستانی و زمانی کوردی گەلێ گرینگە . لێرخ گەلێ ئاریکاری ئیـدارەخانەی

روناکبیری زانستی روسی کرد ، کو دەستنوسەکانی مێژوی ئەدەبیاتی کوردی کۆبکەنەوە و وەچەنـگیان بهێنن و لە چاپیان بدەن .

لێرخ زمانی کوردی وەك زمانێکی ئێرانی سـەربەخۆ لە قەڵەم دەدا و دەیگوت ، زمانی کوردی و فـۆندی وشـەی کوردی لە زمانەکانی ئێرانی ئێستا جیاوازترن ، « ڕێزمانی کوردی سـازمانێکی دەروەنی تایبەتی خۆی هەیە » . لێرخ هـەروەها ژی دەیگوت ، پێویستە گەلەك ماتریاڵی مێژوەیی ، ئێتنۆگرافی ، زمانەوانی ، ئەدەبی ، فۆلکلۆری کوردی کۆ بکەینەوە ، « هەر بە تەنێ بە جێ هێنانی ئەم خواستانە خۆیان زانستی ئێتنۆگرافی دەگهێنە چاکترین بەرهەمی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کوردان »[۲۵] . لێرخ لە نوسـراوەکانی خۆیـدا هەمیشـە داوای دەکرد و دەیگوت ، پێویـستە هەوەسـکاری و ئینترێس لەسەر لێکۆڵینەوەی کورد بەرز و بڵندبێ . ئەو نوسیی : « کورد گەلەك شایانی سـەرنج و دیقەتی مێژوەنوس و نژادناسانە ، بەڵام پێویستە ئەو هەوەسکاری و ئینترێسـە بەرز و بڵندبێ لەمـەڕ کوردانەوە ، چونکی ئێستا سەردەمی ژینەوە و ژیاندنەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە ، سەردەمی ئەوەیە ، کە نەتەوەکان دەتوانن ژینێکی نوێ بژین »[۲٦] .

---

(۲۵) ب. لێرخ ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەشی یەکەم ، ل ۳۳ .

(۲٦) هەمان سەرچاوە ، ل ۲ .

ئەمە تەرجەمەی ئەو گوتارەیە کە بەناوی « ترودی . پ . لێرخ پو کوردۆڤێدێدنیو (لە ڤوپرۆسی ئیزوسێنیو ئیستوری‌یی کوردۆف ڤ روسسی‌یی) لە کتێبی « ئۆچێرکی پۆ ئیستۆری‌یی روسسۆگۆ ڤیستوکۆڤێدینی‌یا » س ب. IV ، م. ١٩٥٩ لە چاپ دراوە .

* * * * * *

له چاپه مه نیه کانی سه ییدیان نرخی ١٥ تمەن ونیوە